
ئازاد مستەفا

کورتە باسێکی

# بەرەی کوردستانی



ئازاد مستەفا

## کورتە باسێکی

# بەرەی کوردستانی



لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ دا ، پاش نزیکەی دوو ساڵی هەوڵ و کۆششی خێرخوایانەو دڵسۆزانەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد لە خوارووی کوردستان دا بە بەیانێ پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی ڕاگەیاندرا ،" بەرەی کوردستانی عێراقیی" کە لە پێنج حیزبی کوردستانی و حیزبی شیوعی عیراقی پێک هاتووە ، وەک لە بەیانی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی ( بەرە ) دا دەست نیشان کراوە ( بەرە ) بۆ : " ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، بە یەکخستنی هێزو دام و دەزگاکانی شۆڕشەکەی" (١) پێک هاتووە ، کە وەک ئامرازێکی تاقی کراوەو کاریگەر هێزەکانی کوردایەتی یەکخاتو بەرەنگاری رژێمە ڕەگەزپەرستە فاشییەکەی عێراقی پێ بکاتەوە .(بەرە ) وەک لەبەیاننامەکەش تەئکیدی لەسەر کراوە :" هەر بریتی نییە لە کۆی ئەو هێزانەی پێکیان هێناوە" بەڵکو لەوە گەورەو بەولاوەترە ، چونکە تەعبیر لە ویستو خواستی گەلەکەمان و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی دەکات ، ئەوەی لە هەمووی گرنگ تر بێت (بەرە ) بۆ یەکەمین جار و بێ پێچ و پەنا " بەدەستخستنی مافی دیاری کردنی چارە نووسی گەلی کورد" ی کردۆتە دروشمی سەرەکی و ئەرکی بنەڕەتیی خۆی " بە پێی ئەوەی کە چارەسەری مەبدەئی و ڕاستەقینەی مەسەلەی کورد ناکرێ، بەدەستخستنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد نەبێت ، وەک چارەسەرێکی شۆڕش گێرانە و بنەڕەتی و ڕەوای ئەو مەسەلەیە ..."

*** پێویستی و گرنگێتیی (بەرە ) :**

کۆمەڵگەی ئێمە ، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری ئینسانی، خەڵکانی بیرو باوەڕو دیدو بۆچوون و جیهانبینی و میزاج

جیاوازو لێک نەچوو و بەرژەوەندی و سوودی جیا جیای تێدایە ،بۆیە زۆر ئاساییە کە ڕێکخراو و حیزب و کۆمەڵەی جۆیجۆیشی تێدا هەبێت : تا ئاسۆی بیر کردنەوەو جیهانبینیی و سوودو بەرژەوەندیەکانی لەبەر یەک هەڵکشێن و بەر بەرینتر بن ڕێکخراو و کۆمەڵەکانیش یا زیاد دەبن یا خەتی نێوانیان ئاشکراو دیاری تر دەبێ، لەباری ئاسایی و هێمنی و ئیسراحەتدا کە مەترسیی گەورە هەڕەشە لە بوونی کۆمەڵگە نەکات ئەوانە پتر لێک جوێ دەبنەوەو بە یەکدا دێن، بە پێچەوانەوە کە کۆمەڵگە بە گشتی کەوتە مەترسییەوە یا مەسەلەیەکی گشتی و هاوبەشی چارەنووس ساز هاتە پێش عەقڵ و مەنتیق و زانست و بەرژەوەندی ئەوە دەخوازێ کە ئەو سنوورانە بەر تەسک بنەوەو ململانێ و ناتەباییەکانی نێوانیان لە ئاست و بەرانبەر ئەو هەڕەشە گشتییەدا بپوکێتەوە و بەلاوە بنرێ، دیارە ئەمەش موعادەلەی ڕیازی نییە هەمیشەو هەردەم دەق وا دەربچێ، چونکە مەرج نییە مرۆڤ هەمیشە گوێ بۆ عەقڵ و مەنتیق و زانست ڕابدێرێ، ئەو هۆ و هۆکارانەش لە پێکهێنانی باری تایبەتی دا دەور دەبینن هێندە زۆرو بەر بڵاون کە ئاسان نییە ڕەوتیان بە (حەتمی) دیاری بکرێت ، سەرباری ئەوەی کە مرۆڤ بۆ خۆی وەکو کائینێکی زیندووی بە هۆش و گۆش و ئیرادە قورە چەورەی دەستی ئەو هۆ و هۆکارانە نییە و لە ئەنجامدا هەر مرۆڤەکەیە کە بڕیار دەدا (٢). بە هەر حاڵ ئەوەی سەرێ بەشی ئەوەندە دەکات کە ئەو جیاوازی و فرە چەشنییەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و بە تایبەتی ئەوەی خۆمان تێ بگەین و سەری لێ دەربکەین.

مەترسییەکی دەرەکی یا ناو خۆ کە هەڕەشە لە

بەرژەوەندییە بنەڕەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگەیەک دەکات، یا پێویستیی پێکهێنانی سوودو بەرژەوەندییەکی هاوبەشی ونێوکۆیی کۆمەڵگەیەک دێتە پێشەوە لەگەڵ خۆی دا پێویستی یەکخستنی هێزە هاوبەشەکان دەڕەخسێنێ و جێ گۆڕکێ بە موعادەلەی پەیوەندیی و مل ملانێیکان دەکات و ئەرکێکی هاوبەش و گشتی دێنێتە پێش کە ئەو ناکۆکی ومل ملانێیانەی حاڵەتی ئاسایی لە ئاستی دا دەپوکێنەوەو خاو خاوتر دەبنەوە، یا (تحدیّ[1]) یەکی مێژوویی دێتە بەر ڕەوتی ژیان و کۆمەڵگە کە بۆ چارەسەرکردنی هەموان دەخاتە بەردەم دوو ڕیانێکی مێژوویی و چارەنووس ساز: یا ئەوەتا ناکۆکییە ئاسایی و لاوەکی و سانەویەکەی دەورانی هێمنی و ئاسایی ـ کە پێش ئەو کاتە هەندێکیان سەرەکی و قەبە بوون ـ تاو پێ دەسەنێ و لە حەجمی تەبیعی خۆی زیاتر قەبە دەکرێن و دەگەیەندرێتە ئاستی ناکۆکییەکی سەرەکی و لە پاڵ ناکۆکییە سەرەکییە پێشهاتەکەی (هەڕەشەی دەرەکی یا ناوخۆ)، کە تەنیا هەر ئەو سەرەکییە و هەڕەشە لە هەموان دەکات، یەکانگیر دەبن، ئەوسا بە زیانی هەموو لایەنەکان وقازانجی ناکۆکییە سەرەکییەکە تەواو دەبێ و ئەو کۆمەڵگەیە بەر کارەسات و نەهامەتییەکی گەورە دەکەوێ، زیانەکەشی بەپێی شوێن و کاتی جیاو ئەندازەی مەترسیی ناکۆکییە سەرەکییە کەو دەرفەتی بەردەوامی و قەبە بوونی ئەو ناکۆکییە، مەترسی لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەکات ئەو شوینەی بوی هەیە بناغەی ئەو کومەلگەیەهەلتەکینی تا دەگاتە لەدەست دانی دەرفەتی گەورەی قەرە بوو نەبوو... یا مەنتیقی ڕووداوەکان ڕێچکەی سروشتی و مەنتیقیی خۆیان دەگرن، بە تەعبیری ماوتسی تۆنگ (ئەو ناکۆکی و مل ملانێ لاوەکیانە،

له ئاستی ناکۆکی و مل ملانێ سەرەکی و چارەنووس سازەکەدا خاو کپ دەکرێنەوە و دەکرێنە قوربانیی بەلادا خستنی ئەو ناکۆکییە سەرەکییە)، لەم بارەیەوە "ماو" لە جەنگی رزگاری خوازی دا دژی ژاپۆنیانی داگیر کەر دەڵێ: (دەبێ خەباتی چینایەتی سەر پێ نەرم کەین، لە پێناوی خەباتی نیشتمانی ئیمرۆمان دژی ژاپۆن)...

قسەمان لەسەر رێگەی یەکەمیان نییە، کە جگە لە شکست و نەهامەتی هەرگیز هیچی لێ شین نەبۆتەوەو هەرچی شکستی گەورەی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و چینایەتیش هەیە لەو هەڵە کوشندەیەوە کەوتوونەتەوە، و مێژووی شکستی و بە ئاکام نەگەیشتنی خەباتی دلێرانەی نەتەوەی کورد و ئەو نەهامەتیانەی ئیمرۆ هەرەشە لە بوونمان دەکەن لە پلەی یەکەم و ئەساسی دا دەگەرێنەوە بو سەر ئەم ماکە کوشندەیە و هەرچی هو و هوکاری هەبوون و هەن تەنیا دەوری (عامل مساعد) و یارمەتی دەوریان دیتووە (٣)....

مەبەست و ئەسڵی بابەتەکەمان، رێگەی دووەمە: کە ئەوەی سەرێ بناغەو سەرچاوەی (بەرە)یە، بە شێوەیەکی گشتی. کە ووتیشمان (بەرە) بە ماناى فراوانی کۆبوونەوەو یەکخستنی هێزو توانای چەند لایەنێکە لەسەر بەرنامەیەکی دیاری بۆ ئامانجێکی گشتی هاوبەش و دیاری کراو. (بەرە)ش وەک هەر شتێکی دیکەی ئینسانی و نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەتا هەتایی و وەستاو نییە؟ بەرزی و نشێویی لە پێشە. خاوبوونەوەو تین سەندنی تێدایە،گۆران و گەشەو پوکانـ نەوەو بەسەرچوونی لەبەرە. بە گشتی بە پێی قۆناغەکانی گۆران و گەشەو چوونە پێشەوەو زەرفی شوێن و کات و هەڵکەوتی دەگۆرێ... پتر بەندە بە بوون و بەردەوامێتی ی

ئەو بارەی (بەرە) ی هێناوەتە پێش و تەرازووی هێزەکانی و خاڵی هاوبەش و ( قواسم المشترک).

ئەگەر ڕێی درێژ کورت وەکەین دەبێ لەوێرا پێدابێین کە ( پارتی دیموکراتی کوردستان) تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ئازاری ۱۹۷۵ دا و بەرەسمی خۆهەڵوەشاندنەوەی ڕێبەری گشتی و هەرە دیاری و فراوانی نێزیکەی سی ساڵی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە لە خوارووی کوردستان دا و ئیلهام بەخش و جێی ئومێدو کارتێکەری پارچەکانی دیکەش. لە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دا ، ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراقی ( بە باڵی لیژنە مەرکەزی و "قیادە مەرکەزی" شەوە ) و ( کاژیک ) هەبوون، بەڵام هیچیان دەوریان لە دەورێکی سەربارو پەراوێزو " هامشی" لە ڕەوتی بزووتنەوەی کوردایەتی دا تێ نەپەڕیووەو هەندێ جار پێچەڵ پێچۆکەش کەوتۆتە بەر ڕێبازو دەوریان، بالە ئینشیقاقیەکەی مەکتەبی سیاسی لە ۱۹٦٤ و تا خۆ هەڵوەشاندنەوەیان لە ۱۹۷۱ دا ، ئەگەر چی چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی و عەسکەریشی بە خۆیەوە گرتبوو، بەڵام بە هۆی دانە پاڵ ڕژێمەکانی عێراقی و چەک بڵندکردنەوە بە ڕووی شۆڕشی کورد دا ، نەک هەرلەحسیبی بزووتنەوەی سیاسی کوردایەتی دەرچووبوون، بەلکو بشبوونە پارسەنگی **ئەوان!**..... بە کورتی ( پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو وەک ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێبەرێتی بزووتنەوەی کوردایەتی کردبێ، ئەگەرچی ( پارتی) بۆ خۆی پتر لە (( بەرۆچکە )) و چوارچێوەیەکی گشتی فراوانی هێزو ئایدولوجیەتە جیا جیا نەبەکام و شلک وتازە ڕەسیووەکانی کوردەواری دەچوو وەک لە حیزبێکی خاوەن ئایدولوجیەت و بیروباوەرو ڕێباز یەکگرتووی، یەکپارچەی

دیاریی...( پارتی) هەرگیز ( یەکێتی بیرو ڕێکخستنو شێواز) ی ـ وەک حیزبێکی عقائدی ـ نەبووە... ئەوە هەردەوری سەروەری و بەرچاوی هەرە گرنگی سەرۆک بارزانی بووە کە ئەو ڕێکخراوەی بەو حاڵەتەوە ئەوەندە ساڵان ڕاگرتبوو و کردبوویە چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخستنیی وا کە وەک هەبوو خۆی بنوێنێ و بمێنێتەوە، ئەگینا هەر زوو لە ساڵی ١٩٥٩ و دوای کێشمە کێشمی نێوان باڵی مارکسیتیی، چەپی دۆستی حیزبی شیوعی عیراقی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵاوباڵی کوردایەتی، سەربەخۆخوازی(٤) مامۆستا برایم ئەحمەد یا پاش ئینشیقاقەکەی ١٩٦٤ ی مەکتەبی سیاسی لە سەرۆک بارزانی ( پارتی)، وەکو ئەو پارتییەی جاران، لەبەریەک هەڵدەوەشا ... هەرچەندە (پارتی) وەک حیزبێکی ناوەندو بەربڵاو و خاوەن ڕابردوو ئەوساش و ئێستاش و لە داهاتوو- یەکی چاو بڕ بکات هەر زەمینەو (مبرر)ی بوونی هەبووەو هەیەو دەتوانێ دەوری خۆی بگێڕێ .

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ( پارتی دیموکراتی کوردستان) وەک ڕێکخراوێکی بەربەرین، کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و هێزی کوردایەتی لە دەور خڕ بوو بوونەوەو سەرۆک بارزانی وەک ڕێبەرێکی مێژوویی بزووتنەوەکە تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەشی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی لە خوارووی کوردستان دا دەکردو لێی دەوەشا- یەوە کەم تا کورتێ هەڵگرو بەدیهێنەری بەشێکی بەرچاو و گرنگی ئامانج و داخوازییە نەتەوایەتی و دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت . هەر چەندیش بە شکستی هەرەسی شۆڕش لە ئازاری ١٩٧٥ دا دەورەکە پێچرایەوە بەڵام ئەو شکستە دەیان و سەدان هۆی دەرەکی و

ناو خۆی هەبووە کە هیچیان بە شێوەیەکی بنجی و بنەڕەتی ناگەڕێنەوە بۆ بێ عەمەلی پارتی و ناشایستەی سەرۆک بارزانی – وەکو زۆر جاران بە ناڕەوا و بێ ویژدانانەو سەراو بینانە ئەوانە زەق دەکرێنەوە– ئێمە دەبێ بە ڕاستی و بابەتانە و زانستانە و هەمە لایانە سەرنجی ڕووداو و ڕابردوو بدەین،لەوێوە دەرس و پەندو عیبرەت وەرگرین و کون و کەلێنەکان وەدۆزین، ئەگین هەرگیز ناتوانین هۆکارە سەرەکی و بنجیەکانی شکستی خەباتی کوردایەتی و دەردو ناتەواویەکانمان دەست نیشان و چارەسەر کەین،ئەگین هەمیشە هەڵەی پێش خۆمان دووبارە و سەدبارە دەکەینەوە. ڕاستی و (واقع) چی بن و چۆن بن – ئەوەندەی خزمەتی ئیمڕۆ و داهاتوومان بکات– بێ خاترانەو رک بوونەوە دەربخرێن و ڕێ و شوێنی گونجاو و لەبار بۆ داهاتوو بدۆزینەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرێ، ئەوە تەنیا (کاژیک) بوو کە لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دا، بە بەیانێ و بە ئاشکرا و ڕەسمی داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی کرد کە (بەرەیەکی کوردستانی) لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (کاژیک) و ئیقلیم کوردستانی "قیادەی مەرکەزی" (حیزبی شیوعی عیراقی) بە ڕابەرایەتی بارزانی پێک بهێندرێ، چونکە هەر بە تەنیا (پارتی) نیە بەشداری شۆڕش و خەباتی کوردایەتی دەکات، ئەو دوو هێزە بەقەدەر حاڵی خۆیان، دەوریان لە شۆڕش دا هەیە. بۆیە دەکرێ بانگەوازی(بەرەی کوردستانی) بۆ ئەو دەست پێشخەریەی (کاژیک) (٥) بگێڕدرێتەوە، کە بە داخەوە وەڵامی ئەو ڕۆژەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ڕێی دەزگای (پاراستن)ەوە فرمانی

( تەعقیب و گرتنی) زیاد لە حەفتا کادرو ئەندامی دیاریی کاژیک بوو، کە پێ دەچێ ڕابەرایەتییە ترۆکراوەکەی(کاژیک) بەدخوایی و فەسادییان لە دژی ئەو کادرو ئەندامانە کردبێ کە لە کۆتایی ١٩٧٣ و سەرەتای ١٩٧٤ دا ڕابەرایەتی بەزیوو و بودەڵەو کۆنەپەرستی هیچ لەبارە نەبووی ترسەنۆکی کاژیکیان بەلاوەناو ترۆ کردو بەرە بەرە لە هەوڵی ڕاست کردنەوەی سەقەت کردنی بیری نەتەوایەتیشدا بوون، کە کاژیک لە سەرەتاوە بە بیری بۆگەنی ( ئاریاچیتی و زەردەشتیزم ) و دژایەتی و " ئەنتی کۆمۆنیزم و ئەنتی سۆڤیەت و ئەنتی عارەب و ئەنتی هەموو دنیایی" بێ سەرو بێ پا شێواندبووی. ئێرە جێی درێژە دان نییە بەم باسە، لەوە زیاتر کە ئەو خەت و هەوڵە ڕاست کەرەوەیە پاشان لە " پاسۆک " دا خۆی نواند و چەند ساڵێکیش " پاسۆک" هەر باجی ڕابردووی گڵاوی بۆگەنی ( کاژیک)ی داوە...وتازە بە تەواوی بیری نەتەوەیی کوردیی، لەسەر دەست و چوار چێوەی " پاسۆک " دا ڕەنگی گەش و دیموکراتیک وپێشکەوتووی خۆی بە خۆوە گرتووە...

ئەو ڕۆژە ئەگەر ئەو ( بەرە)یە پێک بهاتایە زۆر ڕێی تێ دەچوو کە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش ڕێکەوتنی ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ بە جۆرو شێوەیەکی تردا بکەوتنایەتەوەو هەرەسی پێش نەهاتایە، یا بەو جۆرە نەبووایە کە بوو، ئیدی بە دووی ئەودا هەرچی تێکەو لێکەو ئاڵۆزیی سەرەتای بەرپابوونەوەی شۆڕشی نوێ و ناکۆکی و ناتەبایی و شەڕی براکوژیی دەساڵەش نەقەومایەو ئەو هەل و دەرفەتە زێڕینەی دوای ئەو ساڵانە ( بەتایبەتی جوونە دەرفەتی لەدەست چووی لەکیس دراوی زێڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران و شەڕی عێراق

ئێران) بە فیرو نەدەچوون ...

بە هەر حاڵ زۆر هۆ هەبوون بۆ ئەوەی کە (بەرە) هەروا بە ئاسانی و ئاسایی و سروشتیی لە شۆڕشی ئەیلوول دا پێک نەیەن، لەوانە:

أ ـ لاوازی و تەئسیری مەحدودو لاوەکی هێزەکانی غەیری پارتی و جەماوەری شۆڕش، وەکو لیژنەمەرکەزیی حشع پێش ١٩٧٢ و قیادەی مەرکەزی حشع تا سالی ١٩٧٥ و کاژیک و ئەو چەند شانەو ئاڵقە سڕبووە سەرەتاییانەی (کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی ـ کە دواتر بوونە " کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

ب ـ هەڵکەوت و (طابع) ی هەمە لایەنی و فراوانی شۆڕشەکە وەک شۆڕشی خەڵکی کورد و ئەوانەی تێیدا بەشداری دەکەن، نەک بە تەنیا شۆڕشی " پارتی دیموکراتی کوردستان(عیراق)"، زۆر پلەو مەقام و لێپرسراویی هەڵکشاوی شۆڕشی خەڵکانی غەیرە حیزبی و غەیرە پارتی بوون، ئەوانەی ( پارت ) نەبوون، پارت نەبوونەکەیان کۆسپ نەبووە لە ڕێی هەڵکشان و پێگەیشتنو خەباتیان دا. بۆیە ئەو پێویستیە بە توندی خۆی نەنواندووە.

ج ـ هەڵکەوت و (طابع)ی پارتی خۆی وەکو نیمچە بەرەیەک کە بیرو باوەڕو ئایدیاو بۆ چوونی جۆراو جۆری ( هەر لە مارکسییەوە تا ڕاست ڕەو و لە نەتەوەییەوە تا بێ دین و دیندار، و ڕەشە خەڵک)ی وای گرتبۆ خۆ کە جێگەی هەموو سەلکێک و بیروباوەڕێکی تێدا دەبۆوە. هەر لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دا خەڵکانی مارکسیی دوو ئاتەشەو پێشکەوتووخواز و نەتەوەیی و نیشتمانی و بێ ڕەنگ و باوەڕێکی دیاری تێدا بوون.

د- دەوری دیاریی بارزانی ڕەحمەتی، نەک وەکو سەرۆکی پارتی، زیاتر وەکو ( قاسم المشترک ) ی هەموو لایەکو ریش سپی و برا گەورەی فەرق و جیاوازی نەکەری نێو شۆڕشەکە.

هـ- ئەو زەمینەو ( جوّ)ە - تارادەیەکی زۆر - دیموکراسیانەی نێو شۆڕش، کە هەر کەس و لایەن و هێزێکی لەگەڵ شۆڕش دا بووایە بە جۆرێ لە جۆرەکان جێی دەبۆوەو ( ملاحقە )ەی نەدەکرا (٦)....

و- لاوازی و کەم ئەهمیەتیی ئایدۆلۆجیاو فیکر لەو ڕۆژەدا، کە هوی ئەمەیان نەخەملینی سروشتیی بیرو باوەڕو ئایدۆلۆجیا جیا جیاکانی نێو دەروونی کۆمەڵگەی کوردایەتی بووە. پتر دەوری (عملی) و بەر هەست حسێبی بۆ دەکرا و شۆڕشەکەش هەڵکەوت و ناوەرۆکێکی فراوانی نەتەوەیی - نیشتمانیی هەبوو، وەک لە بوعدێکی فیکری یا ئایدۆلۆجیی.

لەبەر ئەمانە بوون کە (بەرە) بەر لە هەرەسی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلوول وەکو پێویستییەکی قورس و ناچاریی نەهاتبووە پێشەوەو وەکو ووتمان چ ( پارتی) وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی و دام و دەزگاکانی شۆڕش وەکو ڕێکخستن و چ ڕا- بەرایەتی سەرۆک بارزانی بە تێرو تەسەلی، یا چاتر بڵێین بەقەدەر لانی کەمی پێویستیی و حاڵ و باری شۆڕشەکە، بەشی بەڕیوە بردنی شۆڕشەکەی دەکرد. دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە نەبوونی (بەرە) چاتر بووە. یا (بەرە) هەر پێویست نەبووە، مانای ئەوەیە کە (بەرە) وەک مەرجێکی سەرەکی و ئەرک و پێویستییەکی حیاتیی وا بە هێزو بەتین نەهاتبووە پێشێ کە کردن یا نەکردنی ڕەووتی شۆڕشەکەی

پێوه بەند بێت، زیاتر لە دەمە دەمی نێزیکی هەرەس داو پاش لاواز بوونی دەوری پارتی و تەقریبەن " جێ گرتنەوەی "پاراستن" لە جێی و بە خۆدا هاتنی ڕێکخراوە جۆ جۆرێکانی غەیری پارتی بەرە بەرە خەریک بوو دەبووە پێویستییەکی ناچاری... و دواتر بۆ مامەڵە لەگەڵ سەرەنجامەکانی ڕێکەوتنی ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ ی ئەلجەزائیری نێوان صەدام و شاو بەرگرتنی ( لە حاڵەتی بوونی "بەرە" دا ) بەو چارە نووسە پێویستییەکی وای هێنایە پێشەوە، بەڵام نەکرابوو و تازەش کار لە کار ترازابوو.

دەمانەوێ نەتیجە گیریی ئەوە بکەین، کە سەرەتای پێویستی و زەرورەتی (بەرە) لە دوا مانگەکانی تەمەنی شورش دا پتر عەیان بوو(٧). پێش ئەوە پێویستییەکی وا نەبوو کە شۆڕش لە سەر بوون و نەبوونی پەکی بکەوێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا تێ بگەین کە هەر قۆناغەو شوێن و کاتێ پێویستی و پێداویستیی خۆی هەنە.

هەرەسی شۆرشی ئەیلوول (واقع) و هەل و مەرجێکی نوێ و تایبەتی بۆ بزووتنەوەی سیاسی کوردایەتی هێنایە پێش، بیرو باوەڕو ئایدولوجیە جیاجیاکانی نێو دەروونی کوردەواری- بە نەبەکامی و شلکی ش بێت- هەر یەکەیان لە ژانی باری چلورە بەستن و جیابوونەوەو سەربەخوبوون دا بوون و بەرە بەرە ڕەنگی تایبەتی خۆیان بە خۆ وە دەگرت و لە قەوارەی جیا جیا دا خۆیان دەنواند. دەکرێ ڕێکخراوە تازە ڕەسیوو یا بەخۆدا هاتووەکانی ئەو ڕۆژەی بزووتنەوەی سیاسی لە ڕووی فیکری و ئایدۆلۆجییەوە لە سنووری چوار بۆ چوون و ئایدۆلۆجیەتی گشتی دا دیاری کەین:

أ- **ئیتیجاهی مارکسیی- لینینیی کوردستانی:** کە کۆمەڵەی

مارکسی ـ لینینی که دواتر بووە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و هەر بە ( کۆمەڵە ) ناسراوە ـ و رێکخراوێکی دیکەی گچکەتری لەوان جیاوەبوو بە ناوی ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) کە ئەمانە بە هۆی هەرەسی رێکخستنەکەیان و شەهید بوونی رابەریانەوە لە ۱۹۷۷دا ناویان نەما ـ رێکخراوی سیاسی سەر بەو ئیتجاهە بووە.

ب ـ **ئیتیجاهی نیشتمانی:** پاشماوەی ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق)ی هەڵوەشاوە لە ئازاری ۱۹۷۵ بەسەر دوو دەستەدا دابەش بوون، بەشە هەرە گەورەو تەئریخیەکەیان بە ناوی ( قیادەی مۆقەت ) ی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق) کە دواتر لە کۆنگرەی نۆیەمدا " قیادە مۆەقەت" ەکەی نەماو لەو رۆژەوە بە ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق) ناسراوە و درێژەی تەبیعی و تەئریخیی ( پارتی)یە هەڵوەشاوەکەی پێش هەرەسە، لەگەڵ ( لیژنەی تەحضیری " کۆمیتەی ئامادەیی" ) پارتی دیموکراتی کوردستان کە دواتر لە گەڵ باڵە ئەساسی و زۆربەکەی ( بزووتنەوەی سۆسیا ـ لیستی دیموکراتی کوردستان) بوونە یەک و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان/ عیراق یان لە ۱۹۷۹/۸/۸ دا پێک هێنا ... بە نوێنەرانی ئەو ئیتیجاهەی حسێب کەین.

د ـ **ئیتیجاهی بیری نەتەوەیی:** کە پاشماوەی خەتە راپەریوەکەی ۱۹۷۳ ی نێو کاژیک و چەند کەسێکی دیکەی نەتەوەیی لە سەر رێ و شوێن و شێوازو بیرێکی نوێ ، بە بوعدێکی دیموکراتیی پێشکەوتوانە لە ۱۱ ی ئەیلوولی

١٩٧٥ لە شاری کەرکوک دایان مەزراندبوو.

د- **ئیتیجاهی نیشتمانی دیموکرات :** ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان / عیراق) کە مێ دواتر - بۆ خۆ جیاکردنەوە لە خەتی سۆسیال دیموکراتیی !! - " دیموکراتی " یەکەی ناوەکەیان لادا و هەر بە ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان / عیراق) و کورتکراوەی ( بزووتنەوە) ناسراو لە ساڵی ١٩٧٦ دا باڵێکی بەرجەستەی " یەکێتی نیشتمانی کوردستان"ی پێک دینا ، بەهاری ١٩٧٩ دا لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان جیابوونەوە و لە ١٩٧٩/٨/٨ دا لەگەڵ لیژنەی تحضیری پارتی دیموکراتی کوردستان (حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان/ عیراق) یان پێک هێناو لە کونگرەی یەکەمیان دا لە ١٩٨٠/٨/٨ دا بوونە ( حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/عیراق) کە بە " حسک"و " سۆسیالیست " ناویان دەبرێ، دەشێ بە نوێنەری ئەم ئیتیجاهە لە قەڵەم بدرێ.

بە کەمێ ( تحفظ ) و بەرچاوگرتنی باری سەخت و پەلە پەلی پاشهەرەس و بە تەواوی نەرەسین و کامڵ نەبوونی بیرو ئایدۆلۆجیە جیاجیاکان و تێکەلاویی (خطوط ) و سنوری ئەو ڕێکخراوانەی سەرێ و ( دیسانەوە ) تەبیعەتی قۆناغەکەو مل ملانێکەو ئەرکە میللیەکە وەکو سەرەتایەک ، ئەو چوار ئیتجاهانە بە سەرەتایی و ( جنینی) دابەش کرێن و بناسر- ێنەوە ، ئەگەرچی لە مەسیرەی خەباتی ئەو چەند ساڵەدا ئەوانەش لق و پۆپیان لێ بوتەوەو لە سەرەتای پاشهەرەسو ڕسکانی ئەو ڕێکخراوانە بەرەو پێشتر چووەو ئاڵ و گۆریشی تێکەوتووە و لە هەندێ شوێن دا سنوورەکان تێکەڵاوتر بوون

و لە هەندێکیان خەتەکان زیاترو چاتر جویێ بوونەتەوەو (طابع) و هەڵکەوتە تایبەتی و دیارەکان زیاتر چەسپیوون،ئەگەرچی هێشتا زۆری ماوەو زۆریشی پێ دەچێ کە چ ریزبوونی خەڵکەکانی نێو ئەو رێکخراوانە بە شێوەیەکی خۆرسکی و ئاسایی و قوولتر و هەرکەس و لە مەوقع و رێکخراوی دروستی خۆی داو چ رێکخراوەکان لەسەر ئایدۆلۆجیەتێکی سەروبەرو هەمە لایەنە سەقام گیربن و بچەسپێ(٨). ئەرکی هەرە گەورەو بنجی و لە هەموو شتێکی تر پێویست تر لەبەردەم ئەو هێزە سیاسی‌یانەدا لەو رۆژانەی پاش هەرەس دا یەکخستنی هێزو توانایان بوو لە بەرەیەکی کوردستانی دا ، مەگەر هەربە گومرا بوون و زات کوێر بوون و لاوازیی هەستی مەسئولیەتی نیشتمانی و نەتەوەیی تەفسیری ئەوەی بۆ بکرێت کە رابەرایەتی ئەو هێزە سیاسی‌یانە درکیان بەو ئەرکە هەرە پێویست و مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی هەر خەباتێکی سیاسی و چەکداری نەکردبێت ، چونکە هەر لایەک ئەگەر ( حساب الفرح)ی نەکردبێت دەبوایە بیزانیایە کە نە بەتەنێ ئەرکی رابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی پێ جێ بەجێ دەکرێ و نە هیچ هێزێکی دیکەی پێ دەسەمۆ و پاشکۆ بەند دەکرێ و نە پێشی لەناو دەچێ ... کە خۆی لە خۆی دا دەبوایە کەس بیری لە پاوان کردنی ساحەکە نەکردایەتەوە هەتا ئەگەر بۆ رابەرایەتی کوردایەتی و بە ئەنجام دانی ئەرکی راست بوونەوەی پاش هەرەس و سەرکەوتنیش بێت ، چونکە ئەرکی وا پێشەکی دەزانرا بە لایەنێ هەڵناستێ و هەق نی‌یە مرۆ خۆی بخاتە ژێر بارو سەربارێک کە پێشەکی بزانێ لە عۆدەی نایەت ، پاشکۆبەندی و دەسەمۆکردنی هەر هێزێکیش لەو رۆژەدا ـ جگە لەوەی کە نە رۆژی بووەو نە

دەکرا- ئیمکانیش بووایە لە بەرژەوەندیی کوردایەتی و خەباتی دژ بە داگیرکەرەکە نەبوو- ئەوە لەناوبردن هەرهیچ!
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەچی ئەو ئەرکە بەئەنجام نەدراو ئەو (بەرە)یە پێک نەهات، لەوەش خەراپتر دە ساڵی رەبەق تا دەهات (شەڕی برا کوژی) و (شەڕی کورد کوژی) تا دەهات زمانەی دەکێشاو هەموو لایەکی -کەم و زۆر- گرتبۆوەوە.

بۆ تێگەیشتن و تەفسیر کردنی(٩) ئەم دیاردە سامناک و ماڵ وێرانکەرە دەشێ چەند خاڵێ دەست نیشان کرێت:

١- سەرەتاو فەلسەفەی (حیزبی پێشڕەو) و (خۆ بە پێشڕەو و ڕابەر) زانین: ئەم فکرە خوازراوە ناعیلمی و ناعملیەی (جۆ) ی فیکریی پاش هەرەس (لە ڕووی تیووری ڕووتەوە) لە بیرو کردارو ڕەفتاری ئەو ڕۆژەی ئەو هێزە سیاسیانەدا چەکەرەی کردبوو، ئەسڵی فکرەکە لە بنەڕەتەوە (هەر نەبێ بۆ قۆناغی سەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشتمانیی) هەڵەو چەواشەیە و لە تاقی کردنەوەی سەرنەکەوتووی (١٠) هەندێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دنیای سێیەمدا خوازراوەتەوە، کە هەرچی هەل و مەرج و باری بابەتی و زاتی هێزەکان و مەسەلەکەو مەیدان و جۆری خەبات (و ... داتیشی) پێچەوانەو بەرەوازوی ئەو سەرەتاو فەلسەفەیەی (حیزبی پیشرەو) و بە ئەمری ئیداری و خۆسەپاندن خۆ بە ڕابەر زانینە.

٢- هەوڵی بێ جێ و بە هەڵپەو هەڵەداوانی نامەسئولانەی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە پاشهەرەس لە جێ چۆڵیی (پارتی) و (بارزانی) دا هاتبۆ کایەوە، کە دیاریش بوو نە (پارتی) و نە (بارزانی) ئەو بۆشاییەیان بە

شەو و ڕۆژو ساڵ و دوو ساڵ پڕ نەکردبووەوە تا (چ خۆیان پاش هەرەس و چ هێزێکی هەڵچووی تر) بتوانێ بە تەنیا ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە (١١)، نەسەلماندنی ئەو ڕاستی و واقیعە بەچاودا چەقیوە تەنیا گومڕابوون (و مەقام بۆ مەقام خوازی - نەک خزمەتکردن) بووە .

٣ - نەبوونی (جۆ) ێکی هێمن و سیاسی، کە بکرێ ئەو ڕاستیانەی تێدا چەکەرە بکاو ئەو هێزانە لە ڕووی سیاسییەوە و بە بەشداریی (فَعّال) ی جەماوەر ئاوێتەی بن. بەسەرداسەپانی شۆڕش و خەباتی چەکداریی و پاش هەرەسێکی وا قوڵ و بەرین بۆخۆی دەرگای لەسەر عەقڵ و مەنتیق و گفت و گۆی هێمنانە دا دەخست، کارو کردار و دژی کرداری چەکدارانە - کە خوێنی تێدا دەڕژێ وئێسکی تێدا دەشکێ - دەرفەت لە پێک گەیشتن و تێک گەیشتن و گفت و گۆ و پێکهاتن دەگرێ .

٤- ووردە حساباتی ناکۆکی و دژایەتی سیاسی و کەسایەتی پێش هەرەس و هەوڵی (تصفیە) ی حیسابات لەسەر حسابی ئەرکە میللییەمێژوویی و بەرژەوەندییە بالاکانی کوردەواری (١٢).

٥- دەستی دەرەکی و هۆ دەرەکییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی ، چ لەسەر ئاستی داگیرکەرەکەو چ لە ئاستی دەوروبەرو ناوچەکەو هەتا نێو دەوڵەتیش دا .

٦- لاوازیی هەستی مەسئولیەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی و پێش بینی نەکردنی ڕەوتی مەسەلەو مەسیرەو ڕووداوەکان، ئەوجا بە تەواوی درک نەکردن بە ناسکیی قۆناغەکەو پڕ مەترسێتی دوژمنەکە .

٧- تاعوونی فیکریی و ئینتەلای ووشکەنەزەریات و کاڵ ئامانە

لە تێگەیشتنی بیروتاقی کردنەوەی خۆمان و دوژمنەکە .
٨- قورسایی هەرەس و زەغتی عەمەلی و فیکری و سیاسی و دەروونیی ڕووداوی هەرەسکە بۆ خۆی جۆرێ لە ( ردّالفعل) و هەڵچوون و پەرگیریی وای هێنابۆ پێش کە نەک هەر بەربەستی تەبایی و پێکەوە هەڵکردنی دەکرد، بەڵکو ڕێی بۆ ( جیهادی!) شەڕی برا کوژی یش خۆش دەکرد.

ئەمانە و زۆر هۆی دیکە هەن کە تەفسیری پێک نەگەیشتن و بەئەنجام نەدانی ئەرکی پێکهینانی ( بەرەی کوردستانی) لە سەرەتای هەرەس و دواتر لە شۆرشی نوێ داو تا دوازدە ساڵ دواخستنی ئەو ئەرکە بکات، کە سەر باری هەر هەمووی هەستی لاوازو پووکاوەوەی ( کوردستانیەت ) و (بیری کوردستانیزم) و ( ولاء بۆ کوردو کوردستان) و ئەستوور بوونی نامەعقولی، نادروستی ( عێراقچێتی) و هەستی عێراقیەت و ( ولاء بۆ عیراق ) و ئەو بەڵا فیکری و دەروونی و تاعوونە سیاسیەی چەندین ساڵە لە دەست و پێی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە گیراوە هۆی گەورە بوون هەم بۆ دواکەوتنی بەئەنجام دانی ئەو ئەرکە و لە جێی دا سەر هەڵدانی ( بدائل)ی (١٣) زۆڵەک و نائەساسی تر لە کوردستانیەت و هەم ئیمکان بوونی زەمینەی فیکری و سیاسی و دەروونی عملیی دەست چوونە یەکتریش !.

جا لە پاڵ هەموو ئەمانەدا و پاش ئەو چەردە باسەو ڕیزکردنی هۆ و هۆکاری دواکەوتنی بە ئەنجام دانی ئەرکی پێکهینانی ( بەرەی کوردستانی)، دەبێ بۆ مێژوو و ڕاستیی ئەوە تومار کەین(١٤)کە پاسۆک لە سەرەتای ڕسکانیەوە لە ١١ ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا بە ئاشکراو توندی و ( جـدّی) بانگەوازی ( بەرەی کوردستانیی) ڕاگەیاندووەو بە ئەرکی

ئەرکەکان و مەرجی هەرە سەرەکی و ( حیوی) سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی قۆناغی پاش هەرەسی شۆرشی ئەیلوولی زانیووە، دواتر لە ساڵی ۱۹۷٦ دا بەرنامەی ئەو ( بەرە کوردستانیی) یەی خستۆتە بەر دەستی هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی ئەو ڕۆژە لەسەر گورەپانی خەباتی سیاسی و چەکداریی دا بوون.... لەو ڕۆژەوە دروشمی ( تا مل کەچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگرین) ی بەرز کردۆتەوەو هەر لە ژێر ئەم دروشمەدا لەسەر ئەو بەرنامەی ( بەرەی کوردستانیی)یە کەوتۆتە گفت و گۆوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، جێی خۆیەتی ئەگەر بە پەلەش بێت ئەو ڕووداوانە بەسەربکەینەوە:

*** بەسەر دا چوونەوە و کورتە مێژووییەک :**

( بەرە ) ئەگەر وەک پێویستییەکی بابەتی و مەرجی هەرە سەرەکیی سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتی ( قۆناغی پاشهەرەس ) یش نەهاتبێتە بەر باس، وەک و مۆدێل و بۆ ( مزایدات ) و شانی خۆ خاڵی کردنەوە لە مەسئولیەتی مێژوویی و خاڵ نیشان کردنیش بووبێت کەم و زۆر لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە باسی لێ کراوە بەڵام هەر دوا کەوتنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە لە ماوەی دوازدە ساڵی پڕ کارەسات و ناسک و چارە نووس سازدا خۆی لە خۆی دا بەڵگەی ناڕاستگۆیی و ناجدّیەتی ئەو لایەنانەیە لەم بوارەدا، ئەگینا بۆ دەبێ ئەو ئەرکە دوازدە ساڵان دواخرێ و دەساڵانیش بە ( شەڕی براکوژی)یەوە پڕ بکرێتەوە؟ بۆ دەبێ لە سەرەتای کاردا کە هێشتا ناکۆکی و ناتەباییەکان هەر لە ئاستی تیوری و زیهنیکاری دا بوون و نەتەقیبوونەوە ئەو ئەرکە جێ بە جێ نەکرێ، بەڵام پاش چەقۆ

گەیشتنە سەر ئێسک و لافاوێ خوێنی ناهەق بکەوێتەوە ( و ئەوەی بە یەکترمان کرد کە کردمان و ڕووی مەجلیسی گێڕانەوەشیان نییە ) بشی و بکرێ ( بەرە ) پێک بێت ؟ بۆ کرا دوو ( بەرەی عێراقی) " جوقد + جود کە هەردوویان هەر هیزە کوردستانییەکان و سەرگۆڕەپانی خەباتی چەکداریی ئەساسی و بناغە بوون تێیدا " پێک بێت؟ بۆ چەندین هەوڵی دیکەی وەکو " بەرە نۆزدە قۆڵییەکەی ) تەرابلوسی لیبیا (١٥) و چوارچێوەی دیکەی هاوکاری و " تحالفات " هاتنە بەر باس و سەرکار کەچی بانگی ( بەرەی کوردستانیی ) لە کولەکەی تەڕیش دا نەدەدرا ؟! سەد (بۆ؟) ی تری وا کە هیچ وەڵام و تەفسیر و ( تأویل)ێکی دروستیان نییە ، جگە لە نەگەیشتنە ئاستی مەسئولیەتی مێژوویی و هەست نەکردن بەو مەسئولیەتە و زاڵ کردنی هەواو هەوەسی زاتی و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و شەخسی بەسەر پێویستی و پێداویستیی بابەتیانەو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتیمان،هەرچییەکی بووترێت تەنیا بەهانەو بیانگ و بوختانەو بەس .

بەهەر حاڵ پێویستیی یەکێتی و یەکخستنی هێزەکانی کو دایەتی، پاش قۆناغی هەرەس ، هێندە زەق بوو بە چاوی کوێران دا دەچەقی و هیچ دەمەتەقێیەکی هەڵنەدەگرت ، هیچ پیتۆڵی و زانستو ماریفەتێکی ( خارق العادە ) ی پێ نەدەویست کە مەرجی هەرە سەرەکی و حەیاتیی سەرکەوتنی هەر هەوڵ و خەباتێکی کوردایەتی یەکێتی و یەکخستنی ئەو هێزانەیە لە ( بەرەیەکی کوردستانیی ) دا ، بۆیە " پاسۆک" نە هەنگی لەم کلۆرە دارەدا دۆزیبۆوەو نە إکتشافی ئەستیرەیەکی کردبوو کە لە سەرەتای دروست بوونیەوە

دروشمی ( بەرەی کوردستانیی) بەرزکردبووە و لە ساڵی ١٩٧٦ دا گەڵاڵەی بەرنامەی ئەو ( بەرە )یەو هۆ و هۆکاری و زەروریەتەکانی خستبۆ بەرچاوی ئەو لایەنە سیاسییانەو لەگەڵیان دا کەوتبۆ گفتوگۆ ، دیارە هەموو لایەنەکان بە ( بەرە ) ڕازی بوون بەڵام بەو مەرجەی کە لە ژێر چەرداغ و چەتری ئەوان دا بێت (١٦)، یا ئەوان تێیدا کوێخاو دەم ڕاستو هەمە کارە بن، جا هەر یەکەو بە ناو و نامێیەک: بە ناوی ( مافی مێژوویی) ـ لە چەشنی حق الاهی دا ـ و نوێنەرایەتی و ڕابەرایەتی فلانە چین و بەرژەوەندی و هەڵگرتنی فیسارە فەلسەفەو بیرو تیورو ئەندێشەو بەهانەو بیانووی پووچی تیوریی ترۆ بووی هەرگیز لە تاقی کردنەوەدا دەرنەچوو..! بۆیە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەوە نە بۆ کەس دەچێتە سەرو نە کەس قەبوڵی دەکاو نە بە هیچ جۆرێ بناغەو بنکەیەکی بابەتی و ماددی هەیە، هەر بە تەنیا دەبێتە کوسپێک . کۆسپی هەرە سەرەکی و بنەرەتیی پێک نەهاتنی ( بەرەی کوردستانیی). بۆیە دەبوایە لە سەرەتاوە ئەو بیرو ئیدیعاو هەواو هەوەسەی ( پێشرەوایەتی)و ( ڕابەرایەتی) یە گۆڕ کرێ و بسڕدرێتەوە تا هێنانە بەر باسی ( بەرەی یەکگرتووی کوردستانیی) ئیمکانی بێت . لەمەوە پاسۆک لە گەڵاڵەی بەرنامەکەی دا پێشنیاری ( بەرەیەکی یەکگرتووی هاوتای یەکسانی )(١٧) کردبوو، هەر لەو گەڵاڵەیەدا بە درێژی و چڕی باسی ئەوە کراوە بۆ (بەرە) کە دەبێ ( هاوتا و یەکسان ) بێ؟ و بۆ ( پێشڕەوی و پاشڕەوی و پێشەنگ و پاشکۆ) یی (١٨) ڕەت دەکاتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەبەر پتر لە هۆیەك هیچ ڕێکخراو و ( پارت )ێکی سیاسی یا هیچ بیرو ئیتیجاهێکی فیکری تا

ئێستا بە کردار نەیتوانیوە ببێتە پێشڕەوی سیاسیو فیکری کورد، هەر یەکە لای خۆیەوە خزمەتێکی بە میللەت کردووەو لە هەمان کاتیشدا زیانیشی پێ گەیاندوە. بارو زروفی کوردستان لەبار نەبووە کە بیرە سیاسی و فەلسەفیەکانی ئەم سەردەمە لە (جۆ)ێکی صحی و بێ بەربەستا نەش و نما بکەن و بەرهەمی بیرو کاریان پێشکەش بە جەماوەر بکەن، تا جەماوەر بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەشی و دەستکەوتانەدا بڕیاری خۆی لەسەریان بدات..." (١٩) ئەوڕۆژانە لەوە ناسکترە لە ماینی نەبووی دەسەڵات ئاخووری خۆ سەپاندن و کوێخایەتی و ڕابەرایەتی و پێشڕەوایەتی بۆ هەڵبەسترێ، ئێمە لە جەنگێکی دیفاعیی چارەنووس سازی (مان و نەمان) دا بووین و ڕاستبوونەوەی پاش هەرەس و شکستێکی ئەوەندە گەورە و قووڵ و بەر بەرین بوو کە هیچ ئەرک و پێویستی‌یە پێش ئەرکی خۆڕێکخستنەوەو یەکێتی ڕیزەکان و یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی نەدەکەوتەوە، هەرچی هەبووەو نەبووە لە ناکۆکی و ناتەبایی‌و ووردەحیسابی کۆن و نوێ دا لە ئاست ئەو ئەرکەدا دەپوکێتەوەو دەبێ کپ کرێتەوە تا هەموان " پێکەوەو چوون یەک پێ لەسەر زەمینەی خەبات داکوتین و هێندە ئاوڕ لە ڕابردووبدەینەوە کە خزمەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بکات و بەس..." (١٩) چونکە " زۆرمان شەڕی جەلالی و مەلایی، قەومی و ناقەومی کردو هیچمان لێ نەبەستەوە!، چی دی با بەرپرسیاری بەردەم ویژدان و مێژوو و خوێنی شەهیدانمان ...نەبین" (٢٠)، "کێ لەخۆی و بیروباوەڕی ڕازی و پشت ئەستوورەو درۆ ناکات و نایەوی سوود لە فرسەت و هەلی ناجۆرونا مەشروع وەربگرێت، با ڕۆژگارو جەماوەر لە سنووری بۆربۆڕێنێکی

هێمنانەی برایانەدا جڵەوی پێشڕەوایەتی (٢١) بداتـــــە دەست ... با سوود لە تاقی کردنەوەی خۆمان و خەڵکـــــی وەرگرین ..." (٢٢).

ئەو بۆ چوون و ڕاستییانەی سەرێ ـ ئەگەر چی هەندێکیان بە تیورو بۆ چوونە دەق بەستووەکانی بەشی هەرە زۆری ئەو لایەنانە، لە ڕووی تیووریی ڕوونەوە، نامۆ بوون و جـــێی نەسەلماندن ـ نەخشی سەر بەردو جەرگەی واقیعەکە بوون، تەنیا واقیع بینیی و هێنانە گۆی واقیعەکە بەس بوون بــۆ بە ئیسپات دەرچوونی تا ڕادەی " بدیهی" یەی ئەو ڕاستی یانە... بۆیەش تا هەموو لایە لەکەلی شەیتان نەهاتنـــە خوارێ و شەقی ڕۆژگار سەری پێ نەرم نەکردن و دەســـت بەرداری بیرو تەراویلکەی ( پێشڕەوایەتی) و ( ڕابەرایەتی و تاقانەیی) و ( پاوان خوازی) نەبوون و تا هەموان نەیان سەلماند کە ئەو ئەرکە بە لایەکودووان هەڵناستێ وواقیعی فرە حیزبیی و پێویستی و ڕەوایەتیی هەر یەکەیان و مافـــی چوون یەک و هاوتای بوونی هەریەکەیان و سەلماندنی سەرەتای بۆڕبۆڕینی سیاسی و هێمنانە نەبوو ئیمکانی چەکەرەکردنـــی ( بەرەی کوردستانیی) لە ئاسودا بەدەر نەکەوت، کە ئـەو ڕاستییانە سەلمێندران و مل بۆ واقیعە بابەتییەکـــە درا پاش ئەو هەموو ساڵە ناکۆکی و ناتەبایی و خوێن ڕشتنـەش ( بەرەی کوردستانیی ) پێک هات. خۆ ئەگەر هەموو لایـــەک بە جدی بێنە پێشەوە ئەوا بەرکەش دەکات. کارێکی کــــە ئیمرۆ ئەنجام دراوە زۆر بە ئاسانی و ڕەهاتی پێش دوازدە ساڵان دەکرا پێک بێت.

لە هاوینی ١٩٧٦ دا نوێنەرانی پاسۆک دوو جاران لــە شاری سلێمانی بە نوێنەرانی ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

و ( کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی) گەیشتن و لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەی ( بەرەی یەکگرتووی کوردستانی) کەوتنە گفت و گۆ، هەر لەو کاتەدا لەگەڵ نوێنەرێکی ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) باس و خواست کراوەو دەقی پرۆژە گەڵاڵە کراوەکە خراوەتە بەردەستی نوێنەرانی ( قیادەی مؤقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق) لە ناوچەی شاربازێر. بەڵام هیچی لێ شین نەبۆوە و کەس نەهاتە پێشەوە (٢٣).

ئیتر دوای دروست بوونی دەستە چەکداریەکان و بەرەبەرە بازوو ئەستوور بوونەوەی هێزی بەرگریی و پێشمەرگایەتی و پەلەو هەڵپەی هەموان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سەرساحەکەی پاش هەرەس، و دیسانەوە گەشانەوەی ناکۆکی و حیساباتی کۆن و چەندین پێکداکەوتن و دەست چوونە گیانی یەکدی و ( بەداخەوە ) گەرە لاوژێی ئەو ڕۆژانە، نەک هەر مەسەلەو باسی ( بەرە ) پێچرایەوە بەڵکو ئاستی هەرە کەم و دامێنی هاوکاریش لەگەڵ یەکدی دا ڕێی پەیدا بوونی نەما. لەبری ( یەکێتی) و ( یەکگرتن) و ( یەکخستنی) هێزەکانی کوردایەتی لە (بەرە) یەک دا زمانەی ئاگری شەڕی براکوژی و جیهادی ناموقەدەسی یەکدی بڕینەوە بووە سیمای هەرە دیاریی شۆرشە نوێیەکەمان.

جیابوونەوەی حیزبی شیوعی عیراقی لە هاوپەیمانییەکەی لە ساڵی ١٩٧٣ وە لەگەڵ بەعسیان دا بوویان و هاتنە شاخیان، ئەو هیوایەی سەر لەنوێ زیندووکردەوە کە حیزبی شیوعی قسە ڕۆیشتوو و بە وەزنی سیاسی لای هەموو لایەک، کە بتوانێ دەورێ لە نێزیک کردنەوەی ئەو هێزە سیاسیانە دا بگێڕێ و چوارچێوەیەکیش بۆ هاوکاری و کاری نێوکۆیی هەموو لایەک بدۆزێتەوە، کە هەنگاوی یەکەم بێت بەرەو ئەو

( بەرەی کوردستانیی)یە . بەڵام جگە لە قووڵ بوونەوەیەکی ئەو ناکۆکیيانە بە جۆرەو ئەندازەیەکی حیزبێکی شیوعی تازە هاتووە شاخ گردو کۆنەبووەوەی، خۆ نەگرتووەوە لە عۆدەی نەدەهات ، بۆ خۆشیان بە حوکمی تەبیعەت و هەڵکەوتی سەرتاسەری و وەکو حیزبێکی عێراقی پتر بیرو هەوڵیان بەلای بەرەیەکی عێراقی دا دەکشا : جا دەبێ دەرک بەگرنگێتی و پێویستیی ( بەرەی کوردستانیی) نەکرابێ یا تەبایی و هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی لە چوارچێوەی ( بەرەیەکی عێراقی) دا پتر بەرچاو گیرابێ و بە ( ممكن) ترو چاتر زانرابێ؟ یا بیری ( عێراقچیتی) تا جێیە ڕۆچووبێت کە نەک بیری کوردستانیيەتی بە هۆش دا نەیەتە بەڵکو سڵیشی لێ بکرێتەوە؟! یا هەر لە بنیی بیری ( بەرەی کوردستانیی) لە لایەن ئەو هێزە ناکوکو ناتەبایانەی کوردستانییەوە درایە دواوەو زەمینەی بابەتی و زاتیی چەکەرە کردنی نەبووە تا کاری بۆ بکرێت؟ دەکرێ مرۆ بیری بەلای ئەم هۆیانەو زۆر هۆی دیکەدا بچێ، چونکە لە هەر بوارو کات و موناسەبەیەک دا باسی ( بەرەی کوردستانیی) تا ساڵی ۱۹۸۰ دەهاتە پێشەوە نەدەسەلمێندرا و بە توندیش دەدرایە دواوە ، ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ۱۹۸۰ دا ( پاش نێزیکەی ساڵێ، ساڵ و نیوێ) گفت و گۆو کار بۆ کردن دوو بەرەی جیاوازی عێراقی ( جوقد) و ( جود) پێک هاتن و بەرکەیان کرد!. لە ڕاستی دا پێک هاتنی ئەو دوو بەرە عێراقییە ئەوەندەی دیکە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی ئاڵۆزتر و گرژتر کردو ئیمکانی ( بەرەی کوردستانیی) هەر بەجارێ لەبەین برد .

لە مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ۱۹۸۰ دا کە ناکۆکییە

کانی نێوان ( پارتی و یەکێتی) گەیشتە شوێنێکی زۆر ساماناک و لە تەقینەوەیەکی یەکجار خوێناوی دا بوو،تازەش ( جوقد) کە ( پارتی) لێ دوورخرابووە و ( پاسۆک) یش هەر لە بنیی بەشداریی تێدا نەکرد،(٢٤)، پاسۆک پێشنیاری پێکهینانی " بەرەی کوردستانیی " بە پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق و ( حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عیراق) کرد، کە لە ڕێی ئەوانەوە پێشنیارەکە بەرچاوی برایانی ( یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و ( هەرێمی کوردستانی - حیزبی شیوعی عێراقی) یش بخرێت. ئەسڵی پێشنیارەکە ئەوە بوو کە " بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی" لە نێوان ( پارتی دیموکراتی کوردستان/عیراق) و " حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق" و " پاسۆک " و"هەرێمی کوردستانی - حیزبی شیوعی عێراقی" دا پێک بێت و شوێنی " یەکێتی نیشتمانیی کوردستان" یش بە پارێزراوی و چۆڵی بهێڵدرێتەوە، هەوڵی ڕەخساندنی بارو زەمینەو هەل و مەرجی ئەوە بدرێت کە " یەکێتی نیشتمانیی کوردستان " یش بەشداری بکات و جێکەی خۆی لەو ( بەرە کوردستانیی)یەدا بگرێت - چونکە ئەو ڕۆژانە یەکێتی بە هیچ جۆرو شێوەیە ئامادە نەبوون لە هیچ چوارچێوەیەک دا لەگەڵ (پارتی) دا پێک بێن و هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەش (بەرە)کە نەبێتە " ئۆپزیسیۆن" و بەرانبەر لێ گرتن و گەلە کۆمە لە"یەکێتی" و هەر لە سەرەتاوە سەرەتای " محور" و " محورکاریی" لە گۆڕێ دا نەبێت ئەوە بەرچاو گیرابوو کە جێی ( یەکێتی) بە پارێزراوی و چۆڵی بهێڵدرێتەوە تا هەر کاتێ ویستیان بێ گرێ و گۆڵ شوێنی خۆیان لەو ( بەرە) یەدا بگرن - ئەوە بو تەنیا ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق) دەمودەست

هاتنه پێشەوەو بەرەسمی موافەقەتی خۆیان کرد و ئێمەیان ڕاسپارد کە لەگەڵ برایانی ( حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عیراق) دا لەم بارەیەوە قسە بکەین، خۆشیان لەگەڵ برایانی " حیزبی شیوعی عیراقی" داو دواتر لە ڕێی هەموانەوە لەگەڵ " یەکێتی " یش دا ... بەڵام نەکرا چونکە تەنیا ( پارتی) و ( پاسۆک ) ئامادە بوون!. پاش ئەوە بە مانگ و نیوێ ( جود ) لە لایەن " پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق) و " حیزبی شیوعی عێراقی" و " حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق" ەوە لە کانوونی یەکەمی ۱۹۸۰ دا پێک هات (۲۵)... کە دواتر لەبەر هەندی هۆ لە مانگی مایسی ۱۹۸۲ دا " پاسۆک " بووە ئەندامی ئەو ( جود )ە (۲٦)...

ساڵی ۱۹۸۲، ئەگەرچی بە ڕواڵەت هێمن ترین ساڵی پەیوەندیی هێزەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتی چەکداریی لە کوردستان دا حسێب دەکرێ و لەو ساڵەدا جۆرە پێک هاتن و ڕێکەوتنێکی لەرزۆک لە نێوان هێزەکان دا دروست ببوو، بەڵام لەوەش دەچوو هێمنیی پێش گەردەلوول بێ و ڕووداوی تەکان دەری بەدوودا بێت، لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەرەبەرە سەرەتای گفت و گۆ و هەوڵی پێکهاتنی " یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و حکومەتی بەعس تا دەهات ئاشکراتر دەبوو و لەوە دەرچوو بوو بشاردرێتەوە، بۆیە لە کۆبونەوەیەکی ( جود ) دا کە لە بارەگای حیزبی شیوعی عێراقی دا لەپشت ئاشان بۆ مەبەستی لێدوانی ئەو مەسەلەیە بەسترا ـ کە لەبەر نەبوونی ڕێی هاموشۆوە هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق بۆیان نەکرا بەشداریی تێدا بکەن ـ چەندین ڕاو باری سەرنجی لێوە دەربڕدرا، ئەوەی کە

پەیوەندی دار بێت بە باسی ( بەرەی کوردستانی) یەوە ئەوەیە، نوێنەری " پاسۆک " لەسەر ئەو مەسەلەیە بەم جۆرە خۆی ڕوون کردەوە:

" ئەگەر چی پەیوەندی نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی سەر ساحەکەو ( یەکێتی نیشتمانیی کوردستان)، جگە لە ئێمە، کەم تا کورتێ ئاساییەو بۆ چەند مانگێ دەچێ چەندین ڕێکەوتن لە شارباژێرو دەشتی هەولێرو ناوچەکانی تێکەڵاوی ئەو لایەنانەو یەکێتی مۆر کراوە و پێکداکەوتنی و گرژیەکەی جاران نەماوە، ( یەکێتی) ڕووی پێکهاتنەوەو هاوکاری بە هەموان نیشان داوە، جگە لە ئێمە نەبێت کە ( ڤیتۆ) مان لەسەرەو خوێنیشمان ڕەسمیەن حەڵاڵ کراوە، بەلام ئەوە وامان لێ ناکات بابەتانە مەترسی و ( أبعاد)ی ئەم مەسەلەو پێشهاتە نەبینین. مەسەلەکە هەر ئەوە نییە ( یەکێتی) دەچێتە موعادەلەیەکی دۆڕاوەوەو بەدانە پاڵ ڕژێم و مفاوزات هەڵوێستی سیاسی و جەماوەریی خۆی لاواز دەکات، هەتا بەسەرەنگرێ بوون و تیاچوونی سیاسی ( یەکێتی) یش لە موعادەلەیەکی وا دۆڕاودا کۆتایی پێ نایەت ... ئیمرۆ پاڵ دانە پاڵی هەر هێزێکی سەر ساحەکە بە ڕژێمەوە جگە لەوەی کێشەو گرفتێکی گەورە بۆ لایەنەکانی دیکە پێک دێنێ و پارسەنگێ بۆ ڕژێمە خوێن خۆرەکەی بەعسی زیاد دەکاو دەرفەتی خۆڕاگرتن و مانەوەی زیاتری دەداتێ، فرسەتو هەلی گەورەش لەدەست بزووتنەوەکەمان دەداو دەرگیری شەڕێکی ناوخۆی بێ لزوومی دۆڕاو دەکات ... جا ئەو هێزە ئەگەر هێزێکی وەکو ( یەکێتی) بێت زیانەکەی چەند بەرابەر دەبێت، شکستی ( یەکێتی) بە موعامەلەیەکی وا دۆڕاو لە چوغزی شکستی هێزێکی بەرچاو و کاریگەری

کوردایەتی ناوەستێتەوەو سەردەکێشێتە شکست پێ
هێنانێکی تا سنووری ( ئاش بەتاڵی) شۆڕشەکەش ،بۆیە
ئێمە لەگەڵ هەموو ناخۆشی و ناحەزایەتییەکمان لەگەڵ
( یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) دا ئەگەر نرخی شکستی
( یەکێتی) یا بە هەڵەدا چوونی ـ چەندیش قازانجی سیاسی و
تایبەتی بە ئێمە بگەیەنێ!ـ شکست و زەبرە دان بێ لە
مەسەلە نەتەوایەتی و گشتییەکانمان حەزی پێ ناکەین و
بەوەی لە دەستیشمان بێت بەری پێ دەگرین، چونکە مەسەلەی
نەتەوایەتی کورد و شۆڕش و خەباتەکەی لە تاکە تاکەی
حیزبەکانمان و بەرژەوەندییەکانی خۆمان بالاترو پیرۆزترو
پێویست ترن. لەم ڕووەوە ئێمە دەبێ واقیعەکان وەکو خۆی
ببینین و دەوری ئیجابیانە لە پێشهاتی وا ترسناک و پر
خەتەر بگرین. بێین و دراسەی ئەوە بکەین کە بۆ دەبێ
( یەکێتی) ئەم ڕێیەی هەڵبژاردبێ؟ و چۆن دەکرێ
بگێڕدرێتەوە ؟
بەڕای ئێمە ئەوە پاڵ بە ( یەکێتی) یەوە دەنێ هەنگاوێکی
وا لە ( مجهول) دا بنێ، جگە لە هەموو پاشخان و (مقدمات)
ێکی ئەم مەسەلەیە ، ئەوەیە ئیمڕۆ (یەکێتی) لە بارێکی
گەمارودراودایە : جا خۆی خۆی گەمارۆ دابێ یا گەمارۆ درابێ
ئەوە واقیعەتەکەیە،وئەگەر نەڵێین ئەمە دەبێتە هۆ و
(مبرر )ی هەنگاوێکی وا ، هەر نەبێ بەهانەیەکە . بۆیە ئێمە
لەسەرمانە ئەو هۆ و ( مبرر )ە نەیەڵین یا ئەو بەهانەیە
ببڕین تا بەشداریی ویژدانانە و شۆڕشگێڕانەی خۆمان
لەبەرگرتن بە پێشهاتێکی وا بکەین.
( یەکێتی) لەسەرێکەوە ، وەکو هەموانمان، بەرەنگاری ڕژێمی
بەعسی بۆتەوە ، لەمەش دا خۆی لە هەموان بە گرنگ تر و

پڕ ئەرک تر نەزانێ کەمتر نازانێ. لە لایەکی دیکەوە لە شەڕێکی لابەلاوە، لەگەڵ ئێران دا تێک گیراوە و هەموو ڕێ و کون و کەلەبەرێکی هەناسە هەڵێنانی دەرێی لێ تەنراوەو بەرەیەکی فراوانی بۆ کراوەتەوە، ئێمەش لە (جود) دا هەموان سەرمان ناوە بەیەکەوە، هەرچی بکەین ئەوان بە گومان و گویی قوڵاغن لێمان و لەم ( جۆ ) ە گرژەدا ناتوانن بە هەستی حەساوەو دڵنیاییەوە نەبەر و نە پشتمان تێ کەن.بەرە بەرە خەریکە لانەکانی (جود) لای دۆستە تەقلیدی یەکانی یەکێتی لە ئاستی ناوچەکەو بەتایبەتی ( سوریاو لیبیا ) ئاو دەکەنە ژێریان یا هیچ نەبێ شەریکیان بۆپەیدا بووە.... ئەوان دۆستانەشیان هێندە دوورن دەستیان پێدا ڕاناگات ... لەبارێکی وادا نە (یەکێتی) و نە هیچ لانێ ناتوانێ ئاوا بە گەمارۆ دراوی بمێنێتەوە و تەوازونی خۆی ڕاگری، هەر نەبێ دەبێ یەکێ یا دوو لەو ئاڵقە داخراوانە بکاتەوە. جا ( یەکێتی) یا ئەوەتا دەبێ لەگەڵ ( ئێران) دا پێک بێتەوە و پشتی خۆی بپارێزێ و لەدواوەی دڵنیا بێت و فەزایەک بۆ هەناسە دانی بکاتەوە، کەئەوەی هەموانمان دەزانین دۆستە لیبی و سوریەکانیان لەبەرز ترین ئاستەوە و چەند جارێک هەوڵی پێک هێنانەوەیان داون و ( یەکێتی) بە مەرجی سەخیش هاتۆتە پێشی ئەمما ( ئێرانی)یەکان بە هیچ کلۆجێ قایل نابن... یا ئەوەتا بە تەواوی لەگەڵ لانەکانی (جود) دا پێک بێنەوە و لەو ڕێیەوە بتوانن ئەو ئەڵقەی گەمارۆیە بشکێنن، یا دەبێ هەتا سەر یا بۆ ماوەیەکیش بێت ـ تا یەکسەرە کردنەوەی حسابی دوو ئەڵقەکەی دیکە ـ بە جۆرێ لە جۆرەکان لەگەڵ بەعس دا پێک بێن: کە ئەمەیان چەندە مەترسی بۆسەر

هەیە هێندەش ئیمکانی زەبری کوشندەی لە لاکانی دیکە تێدایەو دوور نیٛیە بە شکستێکی زۆر سەخت تر لەوەکەی هەرەسی ١٩٧٥ بەسەر گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان دا بشکێتەوە.

بۆیە تەنیا ڕێی دەرباز بوون لەو ئاڵقانە و بەرگرتن بەو پێشهاتە ئەوەیە ئێمە بە جدّی و دڵسۆزانە دەست پێشکەر بین لە شکاندنی ئەو ئەڵقەیە، ئەوەش تەنیا دوو ڕێی هەیە:

یەکەمیان: ئێمە چوار لاو چوار براو چوار هاوپەیمانین، داوا بکەین (یەکێتی)ش ببێتە لاو براو هاوپەیمانی پێنجەم و شوێنی دیاریی خۆشی هەبێت.

بەڵام ئەم ڕێیەیان داخراوەو ممکن نیٛیە لەبەر:

أ- یەکێتی خۆی لە هەموو (جود) بە گەورەتر دەزانێ، هەموو شتێ دەکات بەڵام ئەوە ناکات بێتە (جود) ێکەوە کە خۆی تەپڵی ڕیسوایی بۆ لێداوە.

ب- لە باری دەروونی و پاشخانەوە (یەکێتی) "جود" بە ئەڵتەرناتیڤ و دوژمنی خۆی دەزانێ.

ج- زۆر گرانەو تا ڕادەی نا ممکن نا ممکنە لە (بەرە)یەک دا دۆست و هاوکارانی ئێران و دوژمن و ناحەزانی کۆ ببنەوە. سیاسەتی واقیعی و جەبری واقیعەکە لەوە سەخت ترە ئیمرۆ ڕێ بە کۆبوونەوەی برایانی (پارتی)و (یەکێتی) بدات لە (بەرە)یەک دا بن.

بۆیە تەنیا ڕێی دووەم ماوەتەوە، ئەویش: پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیٛیە لە نێوان (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عیراق)و (پاسۆک) و (ئیقلیم کوردستانی- حیزبی شیوعی عێراقی)

جێ و کورسی‌یەکەی ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق)بە چۆڵی و پارێزراوی بهێڵدرێتەوە (٢٧)، هەر کاتێ ویستیان زەمینەی پێکەوە لوان و گونجان هاتە پێش و خۆش بوو ئەوا برایانی ( پارتی)ش بتوانن جێی تەبیعیی خۆیان بگرنەوە .
ئەمەش جگە لەوە تاکە ڕێ و دەرفەتی شکاندنی ئەو ئاڵقانەیە ، بۆ خۆی هەلێکە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرک و پێویستی‌یەکی مێژوویی بە پێکهێنانی ( بەرەی کوردستانیی) و ئەمانەی لێ دەکەوێتەوە :
یەکەم: بۆ هەتا هەتایە بەری شەڕی براکوژی دەگیرێ و هێزەکانی کوردایەتی و سەرساحەکە یەکدەخرێت .
دووەم: سەرەتاو زەمینەیەک دەبێت بۆ پێکهێنانی(بەرەی فراوانی عیراقی) .
سێیەم: بەوەدا کە ( حسک،پاسۆک ، ئیقلیم کوردستانی حشع ) لە سەرێکەوە هاوکارو هاوپەیمانی ( یەکێتی)دەبن لە ( بەرەیەکی کوردستانی) دا و لە سەرێکی دیکەوە هاوکارو هاوپەیمانی ( پارتی) ن لە بەرەیەکی عێراقی(جود) دا هیچ لایەکیان نە هەست دەکەن ئەو لایەنانە پارسەنگی ئەون و نە هەستی گەلەکۆمەک و خانە گومانێشی دەمێنێ، چاکترین شێوەو ڕێی کەوتنە بەینەوە و بەرە بەرە بە تەواوی پێکهاتنەوەی ئەو دوو تەرەفەش دەبێت .
چوارەم: لەو ڕێیەوە ئیمکانی شکاندنی ئاڵقەی ناکۆکی ( یەکێتی) و ( ئێران) یش زیاترو چاتر دێتە پێشەوە .
پێنجەم: ( یەکێتی) لەو ( بەرە) یەدا هێزێکی بەرچاو و کاریگەر دەبێت ، لەوانەیە ئەمە قنیاتی پێ بکات و لەدەستدانی دەورێکی کاریگەری بۆخۆی بەرچاوگرتووە نەسڵەمێتەوە .".
ئەمە کورتەی ئەو ڕاو سەرنجانەی نوێنەری (پاسۆک)

بوون، كه دواتر لەسەر پێشنیاری مامۆستا (كەریم ئەحمەد) ی ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی كرایە پرۆژەو خرایە بەردەستی ( سكرتاریەتی " جود" )، لە مانگی شوباتی ١٩٨٣ دا كە وەفدێكی باڵای هاوڕێیانی ( حشع ) بۆ گفتو گۆ چووبوونە بارەگای ( یەكێتی نیشتمانیی كوردستان)، وەكو مامۆستا كەریم ئەحمەد خۆی بە هاوبیر نوێنەری " پاسۆك " ی ڕاگەیاندەوە، دەقی ئەم پرۆژەیە بۆ برایانی ( یەكێتی) پێشنیار كرا، بەڵام ئەو ڕۆژە قەبوڵ نەكراو ئەوەندەشی نەبرد زمانەی ئاگری شەڕی براكوژی لە جاران فراوانتر و بێ ڕەحمانەتر كەوتەوە گیانی هەموو لایەك و باڵەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی و سەر ساحەی كوردستان بە جۆری لێك ترازان كە تاسێ ساڵانی دوای ئەوە كپ نەبۆوە و ( یەكێتی نیشتمانیی كوردستان) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ وە گفت و گۆی لەگەڵ بەعسیان دا ئاشكرا كرد، و بەمە جارێكی دی تۆماری بەرەی كوردستانی پێچرایەوە... تا ساڵی ١٩٨٦ كە سەرەتای پێكهاتنەوەو تەبایی گشتی بە جدّی و ( عملی)، پاش بانگەوازو دەست پێشكەریی ( یەكێتی) و بەپیرەوەچوون و ئامادەگی لاكانی دیكە، لە نێوان هەموو هێزەكان دا ڕەسی و بووە قۆناغێكی نوێی خەباتەكەمان ئەوجا لە نیسانی ١٩٨٧ دا هەڤاڵ (مام جەلال) ی سكرتێری گشتی " یەكێتی نیشتمانیی كوردستان" پێشنیاری دامەزراندنی ( بەرەی كوردستانیی) (٢٨)، بەهەموو هێزە كوردستانییەكان كرد. هەر دەم و دەست هەموو هێزە سیاسییەكان بە پیر ئەو پێشنیارە و بانگەوازەوە چوون و بۆ یەكەمین جار مەبدەئی بەرەی كوردستانی لە لایەن هەموو باڵەكانی كوردایەتییەوە سەلمێندراو كەوتنە كاری جدّی

بۆ کردنی، " بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمجار نوێنەرانی سەرکردایەتی هەموو لایەنەکان لە رۆژی ١٨ ی تەمموزی ١٩٨٧ دا کۆبوونەوەو بریاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانیان دا، رۆژی ٣٠ ی هەمان مانگیش بە بەیانێک لەو بارەیەوە بلاو کرایەوە کە تێیدا دەست نیشانی مەبەستەکانی بەرە کرابوو، هەنگاوی دووەمیش کۆبوونەوەکانی سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٨٧ بوو بۆ دارشتنی بەرنامەی (بەرە)"(٣٠) " یەکێتی نیشتمانیی کوردستان" پرۆژەیەکی بە ناوی ( مشروع میثاق الجبهه الکردستانیه ) بۆ لێدوان و بریار لەسەر دانی ئامادە کردبوو (٣١) کە دواتر بووە بناغەی ( مشروع میثاق الجبهە الکردستانیە )(٣٢)ەی ئەیلوولی ١٩٨٧، پاش لێدوان و ئالوگۆر و تاو تووکردنێکی - بەرای ئیمە - لە زۆر شوێن دا بێ جێی " مشروع ..." ەکەی(ی . ن . ک)ی گەلالە کراو بەرزکرایەوە بۆ سەرکردایەتی حیزبەکان تا دوابریاری خۆیانی لەسەر بدەن(٣٣) و لەبەر رۆشنایی ئەو راو سەرنجانەدا جارێکی دی دوا صیغەی دابرێژرێتەوە .

هەر چەند پێشنیاری بەرەی کوردستانیی - زۆر بەداخەوە - دەبوایە گەلێ زووتر بوایە، بەلام بۆ خۆی لەو رۆژە ناسکانەدا و پاش ئەو هەموو هەول و دەرفەت لەدەست چوونە، دیسانەوە بە قەولێ زیان لە هەر کوێیەکی بگێریتەوە هەر قازانجە، پێشنیارەکە بە هەستی لێپرسراوانەو دەرککردنی ناسکیی قۆناغەوە کراو وەلامی کوت وپری ئیجابیانەی هاتنەوە پێشەوەی هەموو لایەنە کوردستانیەکان جێی تەقدیرو پێ زانینە و بە خۆی جۆرێکە لە گۆران و وەرچەرخانەوەی مێژوویی وهەستی هەست بە لێپرسراوی مێژوویی، بەلام " هەندی ترێ روانینی هەلە بو بە کۆسپی

بەردەوام بوون و بەرەو پێشەوە چوونی کوبوونەوەکان و کاری پێک هێنانی بەرەکە. جار جارە دەنگێک لێرەو لەوێ لە کۆبوونەوەکان یا لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گەلی کوردو واقیعەکەی، ئێستاش بە هەمان نەفەسی چل و پەنجاکان بەرز دەبێتەوەو رادەگەیەنێ کەپێک هێنانی بەرەی کوردستانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو شۆڕشەکەی گیرۆدەی گۆشەگیریی نەتەوایەتی دەکات و لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبی دەترازێنێ، دەبێتە هۆی بیانووی هەندێ دەوڵەت و لایەنیش بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەو شۆڕشی کوردستان. وەکو بڵێی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دوژمنانی دریغییان لەسەرکوت کردنی گەلی کوردو مافە مرۆڤایەتیەکانی کردبێت !، وەکوبڵێی بزووتنەوەی کوردو شۆڕشەکەی رۆژانە لە چەندین لایەنی دەوڵەت و حزب و رێکخراوە عەرەبییەکانەوە پشتیوانی لێ بکرێت !

ئێمە پێمان وایە زرووفی بابەتی و زاتی ئەوساو ئێستای کوردستان و ناوچەکەو دنیا ئاسمان و رێسمانە. بەرەی کوردستانی لە رووی زانستییەوە نەک هەر زیان بە پەیوەندی و هاوکاری هەردوو بزووتنەوەکە ناگەیەنێ بەڵکو گوڕو تەوژمێکی نوێتریش بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب دەدات کە ئەمڕۆ تووشی واقیعی گرژبوونەوەیەکی سەخت بووە. ئایا ئەمڕۆ مەبەست لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب کێیە ؟.. توانا و قەوارەی جەماوەری و دەورو تەئسیریان لەسەر رووداوەکانی عێراق چەندە ؟.. ئایا ئەو بزووتنەوەیە تا چ رادەیەک لەسەر مەسەلەی خەباتی رەوای گەلی کوردی (برای) هەڵداوەتێ، کە ئەمڕۆ دووچاری شەڕی لەناو بردن

بۆتەوە ...؟

ئایا مەبەست لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب ئەو سیاسیانەن کە لە شەقامەکانی ئەورووپا و پایتەختی وڵاتانی ترچەند دوکانێکی سیاسی بچوکیان بۆ بژێوی خۆیان داناوە و هیچ سەنگ و تەئسیرێکیان لەسەر ڕووداوەکان نییە، بە بەیاننامەیەک هەموو دنیا بەسەریەک دا هەڵدەگێڕنەوە؟ یا مەبەست لەو حزب و ڕێکخراوانەیە کە لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیان دا داوای وەستانی بە پەلەی شەڕی عێراق و ئێران دەکەن تاکو جڵەوی هەموو سوپای عێراق هەڵگێڕنەوە سەر کوردستان و شۆڕشەکەی ... یا ئەو کۆڕو کۆمەڵ و حیزبانەیە کە نە بە چاک و نە بە خراپ لە بەیاننامە دوو قۆڵییەکانیان دا ناوی شۆڕشی کوردو وێران کردنی کوردستان نابەن؟ ئەگەر مەبەستیش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بێت ئەوا یاسر عەرەفات سەرکردەی گەورەو کاریگەرترین ڕێکخراوەو بە ڕاشکاوی پشتیوانی لە ڕژێمی عێراق دەکات و هەرگیز بەلای مەسەلەی کورد دا گوزەر ناکات.

دیارە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش جیا لە سوریا و لیبیا کە جارە جارە لایەکی بچووک لە مەسەلەی کورد دەکەنەوەو سەرۆک ( معمر القذافی) لە ( ووتارو نووسینەکانی دا )دان بە مافی چارەنووسی گەلی کورددا دەنێ، ئەگینا هەموو حکومەتەکانی عەرەب هەماهەنگی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی صەدامی حەللاد دەکەن لەسەر مەسەلەی گەلی کورد. بۆیە ئەبێ گەلی کورد ئەو ڕاستیە تاڵە باش دەرک پێ بکات ئەگەر بەخوێن و زرنگی و یەکێتی دەنگی خۆیان گوێی دنیای گەڕو لاڵ نەزرنگێنەوە و خۆیان لەسەر واقیعی

رووداوەکان فەرز نەکەن ئەوا هەرگیز لە حاڵی ئێستای فەراموش کردنی مەسەلەکەیان ڕزگاریان نابێت و پێ نانێنە قۆناغێکی نوێترەوە.

ئەبێ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان چاو بە واقیعی نیشتمان و گەلە بێ کەس و بێ پشتیوانەکەیان هەڵبێنن و واز لە دەرخ گرتن و ووتنەوەی ڕستەی گرداروتێ ڕوانینی ووشک بێنن. چونکە هەموو دروشم و ڕاگەیاندنە بریقەدارەکانی دنیا ئەمڕۆ لەسەر واقیعی وڵاتوگەلەکانیان وردو خاش دەبێت. بەمە ئەو پەندە کوردەوارەیەمان لا بەر جەستە دەبێت کە خوورشتی گیانی گەلی کورد بەدەستی خودی خۆی نەبێت ناشکێ. ئەگینا فەرموون ئێوەو حاڵی کورد:

— نیشتمانەکەمان بەدەگمەن ئاوەدانی و دێهاتی تێدا ماوەو ڕۆژانە بەدەیان گوند کاول و وێران دەکرێت.
— ڕۆژانە دەیان منداڵ و پیرو هاووڵاتی و پێشمەرگە لاشەی لە سێدارە دراویان تەسلیم بە کەس و کاریان دەکرێتەوە.
— کشت و کاڵ و باخ و باخات، بەخێو کردنی مەڕو ماڵات قەدەغەو تۆپ و بۆمبابارا ن دەکرێن.
— ژەهر دەکرێتە خواردن و دەرخواردی خەڵکی کورد دەدرێ.
(— لە ڕۆژێکا پازدە هەزار شەهیدو بریندار، لە هەڵەبجەی شەهیددا، دەبنە قوربانی گەورەترین ناوانی مێژوو و بە یەکجار هەفتا هەزار کورد ئاوارەو ماڵ وێران دەبن...)
کەچی ئێستکەیەک، ڕۆژنامەیەک، لێ پرسراوێکی عەرەب، حیزب و ڕێکخراوێک متەقیان لێوە نایەت!. مەسەلەی کوردیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆیان دەرهاویشتووە، بۆیە ئیتر خەڵکی کوردستان مافی هەیە بپرسێ:

ئایا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب کەی لەسەر مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد دێنە دەنگ ؟!
ئایا هاوکاری و برایەتی و پشتیوانی ئەگەر بۆ ڕۆژێکی ڕەشی وەک ئەمڕۆ نەبێ، کە کورد دووچاری بووە، ئەی بۆ کەیە؟؟!... (٣٤)

دوژمنانی کوردایەتی و (بەرەی کوردستانیی) و بەناو زرە دۆستەکانیشمان هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی نیەتی پێکهێنانی (بەرەی کوردستانیی) دا کێچ کەوتە کەوڵیانەوە، هەر لە هەڕەشەو پیلان و چاو سوورکردنەوە ،بە نەسیحەتی ناخێری لە ڕێی شەیتانەوە و گومان خستنە سەر ئەو هەوڵە و چوونە ژێر کلێشەی ئەم لایەن و ئەو لایەنەو لێدانەوەی قەوانە کۆنی سواوی توومەتی (جیاخوازی) و (ئینعیزالیەت) و تا تاوانبارکردنی کوردایەتی بە شۆڤینیەت بۆی هاتنە جیهادێکی ناموقەددەسەوە ،ئەگەر چی ئەو حەملە صەلیبیەیە ناڕەوا کەم و زۆر دەوری خۆی بینی هەم لە دواخستنی ساڵێکی ڕەبەقی پێکهێنانی(بەرە)کە و هەم لە نەبەکام کردنی هەندێ لایەنی بەرنامەو پرۆگرام و پێڕەوە ناوخۆکەی ... خۆ ئەگەر هەوڵی بەرچاو و پشوو درێژانەی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و شەخسی کاک مەسعود بارزانی نەبوایە لەوانەبوو ئەو هەوڵە هەر لەسەر لانک بتاسێنرێ (٣٥).

دوا جار پاش چەند کۆبونەوەیەکی دوورو درێژ و ڕەدەڵو بەدەڵێ بە بەیانێ پێکهێنانی (بەرەی کوردستانیی عێراقی) لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٨ دا ،لە لایەن هێزەکانی کوردستان: " پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک) ، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ، حیزبی شیوعی عێراقی ، پارتی

گەلی دیموکراتیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق " ڕاگەیەندرا و پرۆگرام و پێڕەوی نێو خۆشی بڕیاری لەسەر درا...

هەر چەندە زۆر سەرو دەری ئەم ( بەرە ) یە لە کەم و کوری بەدەر نییە، بەڵام بۆ خۆی سەرەتایەکی مێژوویی‌یە.

ئێمە لە کاتێک دا شادی و پشتیوانی و پشتگیریی تەواوی خۆمان بۆ پێکهێنانی ئەو ( بەرە )یە ڕادەگەیەنین وکۆمەڵانی خەڵکی کورد لەو دەنگە ناسازو ناوەخت خوێن و دڵ ڕەش و گومان لێ کراوانە بە ئاگادێنینەوە کە بە فرمێسکی تیمساحانەی درۆزنانە خانەگومانەو دڵەڕاوکێ دەچێنن،ودەبێ ڕیسوا کرێن. چەند جیاوازی نێوان دەمی تیغ و چەپکی گوڵ دەکرێ ئاوا دەبێ جیاوازیی سەرنج و ڕەخنەی دڵسۆزانەو بیناکەرانەی دروست و بە ئیتیجاهی ڕاستی یەکخستنی هێزەکانی کوردایەتی، وەک هەر هەنگاوێکی سەرەتایی و بێ تێخوێنینەوەی بارو هەل و مەرجی کوردستان و ناوچەکەو برینی قوڵی چەند ساڵەی ناتەبایی و باری سەختی ئیمڕۆی گەلەکەمان لە کەم و کوڕیی و ناتەواویی بەدەر نییە..خەبات مۆدێلات و ڕەچەتەی حازر بەدەست نییە، عەمەلیەکی مێژوویی هەمە لایەنەی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی‌یە کەلە ڕەوتی ژیان و پرۆسێسەی مل ملانێی ئیرادات و بەرژەوەندی و بەیەکداکەوتن و پێک کەوتن و ڕێک کەوتن دا بەرزو نزم دەبێتەوە، گەشە دەکاو کامڵ دەبێ. هیچ چوارچێوەو تاقی کردنەوەو هەوڵ و چالاکی‌یەکی سیاسی،کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە پڕێ نەبووەو نابێ بە کوڕێ ... ئەرکی دڵسۆزان و شۆڕشگێڕان ئەوەیە کە ئیجابیانەو (خلاّق)انە لە گەشەو کامڵ بوونی دا بە هەوڵی قوڵ کردنەوەی لانە ئیجابیی و

دروستەکانی و بەرزکردنەوەو گورپێدانی ڕەوتەکە بەرەوکامڵ بوون و تێکۆشانی شێلگیرانەی گونجاوی پشوو درێژانە بۆ بەرتەرەف کردنی کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی،بەشداری بکەن. نەک وەک پیرەژنی دۆ ڕژاو هەر پرتەو بۆڵە بکەن و کۆشکی حەوت تاقی خەیاڵ لە هەواو خەونی کەسک دا بڵند کەنەوەو وەعزی ( بورجی عاجی)یانە فەرمایشت کەن! بە تەماشا کێ بۆتە پاشا ؟! و بە خەیاڵ کێ بۆتە جەجاڵ؟!

لەم ڕووەوە، ئێمە ـ بە کورتی و کوردی و پەلە ـ کەم و کوڕی (بەرە) کە لەم چەند خاڵە درشتانەی خواری دەبینین:

١ـ وەک ڕواڵەت ناوی (بەرە) کە ئەو (عێراقی) یەی پێوە لکێندراوە، وەک زیادە گۆشتێ دێتە بەرچاو و زیهنەوە لە هێزو پێزی (بەرە)کەشی کەم کردۆتەوە. ئاشکرایە کە (بەرە) بەرەیەکی کوردستانیە بەلام (هەرێمی کوردستانی ـ حیزبی شیوعی عێراقی) یشی تێدا بێت، چونکە هەر لە ناواخنی بەیانی ڕاگەیاندنی (بەرە) کەدا هەولی پێکهێنانی (بەرەیەکی فراوانی عێراقی) بەرچاو گیراوە، ئیدی ئەو ووشەی (عێراقی)یە ـ بەڕای ئێمە ـ زیادە لەسکەو هیچ ناگەیەنێ جگە لە خاوکردنەوەی تەیاری دروست و گەشەکردووی ڕەسەنی کوردستانیەت، هەرچەندە ئێمە لەوە دەگەین کە بۆ بەرتەرەف کردنی (إحراج) ی زیادە بۆ هاوڕێ یانی شیوعی لە بەرانبەر پەڕامارو شالاوی هەست و نەستی شۆڤێنیانەی میللەتی سەردەستەو باری زۆربۆهێنان و قاوداخستنی ئەوە لە حیزبی شیوعی عێراقی کە رابەرەکانیان زۆربەی کوردن (٣٦)و (کوردچێتی دەکەن!) و تا ڕادەی تاوانبارکردنی بە گیانی شۆڤێنیانەی کوردیی و

ئەو بەندوباوە سواوانەی دوژمنانی کوردایەتی و کۆمۆنیزم، و بۆ لە حەپەختستنی ئەو هێزە عارەبیوعێراقییانەی چاویان بە کوردو کوردایەتی دا هەڵنایەت لە سەرێکەوە و دڵ ڕاگرتنی ئەو دەوڵەت و دەزگایانەی، وەک گای ئەسپانی لە ڕەنگی سوور بەلەسە دەبن ئاوا لە ناوی (کورد) و (کوردستان) تەگە دەیانگرێ، ئەو ووشە (عێراقی)یە زیادە لە سکەی سەپاندووە. بەلام هەر دەبێ لە بیرمان بێت کە زیادەو بێ لزووەە. ئەگەر ئاوا ناچاریی سەپاندبێتی لە نزیکترین دەرفەتی ڕەوینەوەی ئەو ناچارییە و بازوو ئەستوور بوونی (بەرە)دا کالا بەقەد بالا کرێت و ئەو (عێراقی)یەی لێ تور هەڵدرێ و بێتە (بەرەی کوردستانی) ی و تەواو.

٢- لە بەیاننامەکەدا پشتیوانی و پشتگیریی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی فەلەستین و بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی و گەلانی ئازادیخوازی دنیا کراوە، و بە ڕوونی خانەو بەرەی تەبیعیی کوردایەتی، وەکو بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکی میللی، تەئکید کراوەتەوە، ئەمەیان دروستە و ڕویەکی گەشی (بەرە) کەمانەو دەبێ هەمیشە کوردایەتی ڕووی گەش و دیموکراتیک و پێشکەوتووخوازیی بەرووسووری ڕاگرێ، بەلام ئەوەی جێی سەرنج و داخیشە بە تاکە ڕستەیەک باس لە خەباتی قارەمانانەو بەرهەق و تاوسەندوی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەدا نەکراوە!.. خۆ تا ماڵ وەستا بێ بە دراوسێ و مزگەوتیش حەرامە،ئیتر بۆچی دەبێ چاومان بەسەر خەباتی بیست ملیۆن کوردی هاونەتەوەی خۆمان دا لە پارچەکانی دیکەمان دا بکشێ؟! لەگەڵ تێخوێندنەوەی هەموو باری

سەختی جیوپۆلیتیکی و ناچاریی (عملی) و سەپاودا هەر دەرفەتی ئەوە هەیە خۆمان دەم چەوت نەکەین و پشتگیری و پشتیوانیی دەمی و سەرکاغەزو مەبدەئیش . بێت، لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکەمان بکەین.
ئێمە ئەگەر ئەم لایەنی هەرە کەمەی ئەرکی نەتەوایەتیمان پێ هەڵنەستێ چ جیاوازیەکمان دەبێت لەگەڵ شۆڤێنیستانی عارەب و تورک و فارس و ڕژێمە داگیرکەرەکاندا ؟! هەتا گومانیش دەخاتە سەر ڕاستگۆیی و "مصداقیة"مان لە پشتگیریی و پشتیوانیی ئەو گەلانەی دیکەش . هەتا بەرە عێراقییەکانی ( جود )و (جوقد ) و هەوڵە لەبارچووەکەی نۆزدەقۆڵیەکەش بەسەر ئەمەدا ڕانەبووردوون و بە جۆرێ لە جۆرەکان خەباتی ڕزگاریخوازانەی سەرتاسەریی نەتەوەی کوردی لەبیرە وەچووی، لەبیرەوەبراویان بەسەرکردنەوەش بێت بەسەر کردۆتەوە ، کەواتە ماریفەت و حیکمەتی چی دێت چاوی ( بەرەی کوردستانیی ) بەسەردا بکشێ ؟؟.
هەرچەندە ئێمە دەزانین قسە ئاسان و کردار گران و مەرجە ، بەڵام ئەوەی لە عۆدەی قسان نەیە کرداریشی پێ ناکرێت .
دەکرێ ئەم کەلێنە لە داهاتوودا لە ئاستی تیوریی و ڕاگەیاندن دا ، لە ڕووی ( عملی) و کرداریشەوە پڕ بکرێتەوە ، بەڵام لە یادمان نەچێ کەلێنە .
- بەیاننامەکە لەوەدا باشی کردووە کە ڕاپەڕینی قارەمانانەی گەلی فەلەستینی لە ( الضفە الغربیە ) و ( غزە ) بەسەر کردۆتەوە و درووودی هاوسەنگەریتیی بۆ ناردوون، بەڵام ئەو پێداهەڵگوتن و قەبەکردنی تا

ئەندازەی ئەوەی ئەو ڕاپەرینە ئیلهام بەخشی خەباتی گەلانی ناوچەکە بێت و بەچاولێکردن لێی غیرەت بنێتە بەر کۆمەلانی خەلکی جۆرێ لەخۆبەکەم گری و ( عقدەالنقص) ی تێدا دەخوێندرێتەوە. بۆ دەبێ ئێمە شتەکان وەکو خۆیان نەبینین و هەر شتەی هەقی خۆی نەدەینێ؟! تاکەی ئێمە دڵ بە شەقەی مەشکەی دراوسێ خۆش کەین وخۆمان لەبیر بچێتەوە؟ ئایا ڕاپەرینەکانی خەلکی دەست و پێ سپی و بێ کەس و بێ پشتیوانی کوردستان لە سالانی ۱۹۸۲ ، ۱۹۸٤ ، ۱۹۸۵ ، ۱۹۸۷ بە ڕووی ئەو ڕژێمە فاشیە بێ نموونەی بەعسیان دا ، بە پێی گەزو گرێی زەررەیە خاوەن ویژدان دا چەند بەرابەریی ئەوەی (الضفەالغربیە) و ( غزە) گەش ترو پڕ قوربانی تر و بوێرانە تر نەبوون؟! ئیدی بۆچی دەبێ ئەوان غیرەت بنێنە بەر ئێمە؟!!. تاکەی ئێمە لەم هەستی سوکایەتی و خۆ بەکەم زانینە ڕزگارمان نابێت؟ مەسەلەکە ڕژد بردن نیە بە خەباتی قارەمانانەی خەلکی فەلەستین و غەیری فەلەستین و کەم کردنەوەی درەوشانەوەیان، مەسەلەکە ئەو عوقدەی حەقارەت و خۆبەکەم گریەی کە وەک سەرەتان چنگی لە هۆش و بیرکردنەوەو ( وجود) مان گیرکردووە، هەمیشە دەبێ خۆمان بە خەلکیەوە چەمەلغ کەین و ڕەوایەتی و سەروەریی خۆمان ـ کەبەشی هەموو دنیا دەکات ـ لە خەلکی تر بخوازینەوە. ئەمە وا دەکات (الغد الدیمقراطی) یەکی حەساوە هەزاران کیلۆمەتر لە ئاگرەوە دووری هیچ لەبارا نەبوو، وەک پارەکە، لە بەگژداچوونەوەی چەند ڕایەکی کاک ( نەوشیروان)دا ئامانجی خەباتە ڕەواکەمان بە (أحلام العصافیر) بداتە

قەڵەم و سوکایەتی بە هەموو ( مقدسات ) ی کوردو کوردایەتی بکات ... تا بگاتە ئەوەی (فەیسەل) ێکی بەکرێگیراو و دەست کردی ئینگلیزمان بە ڕوودا ڕاست کاتەوە (٣٧) ...

بەڕاستی کۆمەڵێ گوزارە و ( مفاهیم ) ی سەقەت وسقووتی پەڕیووەی ناو بیرو هۆشی کورد هەیە ، دەبێ لەم سەرەتایەوە لە قاموسی سیاسی خۆمان داسوەک پەلەی چڵکن بیسرینەوە . ئەوانە ( دجل ) و پاڕانەوەی سوکانەیە لایەق نییە بە خەباتی میللەتی ژاری کیمیاوی هەڵمژی ئەم خۆ بچوک کردنەوەو خۆ چەمەلغ کردنە خەباتی نێوکۆیی و نێونەتەوەیی و ئینتەرناسیۆنالیستی نییە ، قەدرو حورمەتی خۆ نەگرتنەو بەس . چەندە پاڵەوان پفی و خۆ هەڵدانەوەی بەلاش و فیزو نازی ناسیۆنالیانەی سەقەت بوو دزێوە ، دە بەرابەر هەستی پەستی و خۆ بە بچوک زانین و خەڵک دانە بەر زەڕەبین بێزراو پەستە .

- بەیاننامەکە زیاد لە پێویست دڵی لایەن و هێزو دەوڵەتە عارەبییە ( با بڵێین پێشکەوتووخوازەکان) ڕاگرتووە . ئەمە باشە لە تامی خوێ زیاد نەکات : وەکی دەڵێن ( هەموو شتێ بە خۆی، خوێش بە مەعنا !) ،یا خوا بکات بە ( إستفزاز) لە لایەن لایەن و هێزو دەوڵەتانێکی بەقەدەر ئەوان پێویستو - لەم قوناغەدا - هاوکارو (ڕوۆست!)وەرنەگیرێ . بەرەی کوردستانیی دەبێ شۆڕشێ لە ( مفاهیم ) و بۆ چوونە باو بەسەرچووەکان دا بکات ، دڵ ڕاگرتن لەبەر خۆ بۆیە کردن و خودی دڵڕاگرتن نەکاتە پیشەو خووی خۆی، دڵ ڕاگرتن لەبەر ناچاری و بەرژەوەندیی بێت بەرهەمی هەبێ و شتی لێ شین بێتەوە.

کوردایەتی وەکو بزووتنەوەی میللەتێکی چەوساوەی سەخت دەرگیری بارێکی نالەباری جیوپۆلیتیکی و بێ پشت و پشتیوان لە بەرانبەر دوژمنانێکی بە توانا و بە هێز و دەولەمەند و فرە دۆست و هاوکاردا دەبێ بە مەنتیقی دۆست و لایەنگر پەیدا کردن و دوژمن کەم کردنەوەو (حصر) کردنی مل ملانێ و ناکۆکییە سەرەکییەکە تەنیا لە یەک بەرەو یەک مەیدان دا و (تەرکیز) کردنە سەر دوژمنە سەرەکییەکە، پەلاماریی خۆرایی و ناوەختی ئەم و ئەو نەدان و خاوکردنەوەو (تأجیل) ی هەندێ ورتکە حساب بجولێتەوەو کار بکات، بە ئەو گوزارەو قسەی هەلەق و مەلەقی تیوریی بریقەدار و سەر سکی تێرو حەساوە تێ نەکەوێت ... ئەو قسە زلانە لێ گەرێت بەشی ئەو عەنتەری ناو کتێب و خەیاڵ بافانە بێت کە شەوانە لە خەیاڵ دا بە هەشت دروست دەکەن و رۆژ خۆیان دەخۆنەوە!.

٥- هێزە ئیسلامییەکان و تەیارە نوێ و گەشەکردوی ئیسلامی ناو خۆ و ناوچەکەو سەرتاسەری دنیای ئیسلامی وەکو پێویست تێ نەخوێندۆتەوە. ئەگەرچی دەزانین ئەوان هێزانە لەبەر زۆر هۆ کە زۆریان روونن (٣٨). هەڵوێستی دروست و لە ئاستی پێویست و دیارو دۆستانەیان لە بەرانبەر مەسەلەی نەتەوایەتیمان دا نییە ،زۆر جارانیش تەسک بینانە و دیناسۆرانە لە مەسەلەکەمان دەروانن و مام نەسەلمێنن، تا لەگەڵ بیرو باوەرو سەرەتا ئاسمانییە دەمەتەقێ هەڵنەگرەکانی خۆشیان دالە بارەی دادی کۆمەڵایەتی و حورمەتی مرۆڤ و دژایەتی چەوساندنەوەو اعتراف بە بوونی سەربەخۆیی نەتەوایەتی

هەموو کەلان و خەڵکانی مەخلوقی خوادا ـ لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورددا، و تەقریبەن هەر کورددا بەس !ـ ڕێک نایەتەوەو بەرەواژ دەبنەوە، یا هێندەی بۆ (نیکاراگوا) و (سەحرای غەربی) و (ئەفغانستان) و کوێ و کوێی دڵ گەرم و دۆستن هەزار یەکی ئەوە بۆ نەتەوەی کوردی موسڵمانی داگیرکراوی هەرەچەوساوەی بن دەستیان بەرچاو ڕوون و باخەڵ فەرەح نین ... کە ئەمەیان قسەیەکی دیکەیەو دەبێ هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدرێ، ئەویش بە چوونە مەیدانی گفت و گۆ و مل ملانێیەکی فیکری و ئایدیولۆجی و سیاسیی ئاشکرای ڕەپ و ڕاست و سەخت دەکرێت ... بە هەموو ئەمانەشەوە ئیمڕۆ ئەوانە بەشێکی گرنگ لە موعادەلەو گۆڕانە سیاسییەکانی ناوچەکە پێک دێنن. بمانەوێ و نەمانەوێ ئیمڕۆ و (سبەی)ـ وەک دۆست یا ناحەز ـ تێکەڵی مەسەلەکەی ئێمەن و دەبن، بۆیە دەبێ لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی باڵای کوردایەتی و پێویستیی خەباتی ئیمڕۆمان دژی فاشیزمی بەعسی بیر لەو مەسەلەیە بکرێتەوەو مامەلەی لەگەڵ دا بکرێت، نەک بە عەقڵیەتی ئەوەی ئیسلام بەر لە لنگ ڕووت کردن و مەی خۆری و بێ بەندو باویی دەگرێ (و گوایە ئەمانەش بەشی لە ئازادیی مرۆڤ پێک دینن!!) تەعامول بکرێت ... لەسەرێکی دیکەوە ئەوانە بەم حاڵەشیانەوە بەرچاوتەسکترو دڵ ڕەش ترنین لەو هێزە عارەبی و عێراقییانەی دیکە کە بەرەمان لەگەڵ دا کردوونەتەوەو بەردی دنیا بە سنگی خۆمان دا دەدەین بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیان دا، بەچاوی خۆمان دیتمان لەبەرانبەر کارەساتی بێ نمونەی تاوانی بەعسیانی فاشیست لە هەڵەبجەی

شەهیددا چ وەکو پارت و ڕێکخراو و دەزگای دەوڵەتی چ وەکو دەوڵەتان و دەسەڵاتدار لەسەرتاسەری وڵاتانی عارەبی دا چۆن گوێی شۆڤێنیستانەیان تەپاندبو و هەر وەک هیچ ڕووی نەدابێ خۆیان خستبوّ بێ دەنگی کورستانەوە! ئەوەش ئەرکی ئێمەیە کە ئەو هێزانەی شاش و چەوتن لەبەرانبەر مەسەلەی نەتەوایەتیمان دا هەوڵی بەرچاو ڕۆشن کردنەوەیان بدەین و بیانکێشینە خانەی دۆست یا هەر نەبێ بێ لایەنی.

٦- دەبێ (بەرە) بە جدّی و (عملی) دەرگا بەڕووی ئەو هێزو لایەن و کەسایەتییە دڵسۆزو شۆڕشگێڕانەی بکاتەوە (٣٩) کە لە ئێمڕۆ و داهاتوودا هەن و دەبن و ئامادەن لە چوارچێوەی ئەو (بەرە)یەدا خەباتی خۆی لەگەڵ لایەنەکانی پێکهێنەری (بەرە) دا یەک خەن. دەبێ (بەرە) کۆکەرەوەی بەربەرین ترین هێزو ووزەو توانای کوردایەتی بێت و گەشەو نما و گۆڕان و ڕسکانی کۆمەڵایەتی و هێزەکانی نێو دەروونی بەرچاو گرێت.

ئەمانە بە جای خۆی و بەهیچ جۆرێ لە گرنگێتی وپێویستی و پیرۆزی ئەو هەنگاوە کەم ناکەنەوە بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بەرچاو گرین کە (بەرەی کوردستانیی) لەسەرتاسەری ناوچەکەو دنیاش دا - لەنێوان هەموو ئەوانەی دۆست ونیوە دۆست و زرە دوستمانن و لەوانەی مەرحەبایان دەکەین و مەرحەبامان دەکەن و لەوانەی دۆستی بابەتی و - دەبێ!- ستراتیجیی مەسەلەکەمان بێ، و هەموو هەموویان دا..!- تاکە یەک پشتگیرو پشتیوانی ڕاستەقینەی نییە، کەم و زۆر بە ئاشکرا و نهێنی دوژمنایەتی و ناحەزایەتی خۆیان بەرانبەر (بەرەی کوردستانیی) و هەر هەوڵێکی یەکخستنی هێزی

کوردایەتی و بازوو ئەستوور بوونی شۆڕشەکەمان، بەجۆرێ لە جۆرەکان، دەربڕیوە. (بەرەی کوردستانیی) لەبارێکی یەکجار ئاڵۆزی ناوخۆ و ناوچەکەدا دەرسکی کەلە هەر سرتە و خورتەیەکی کوردو کوردایەتی گوێ قوڵاغ دەبن و دەکەونە کنەکردن لێی، ئەگەر ئەمانە بزانین و بشزانین کە بۆ ئەوەی ئەو کۆرپەیە لەسەر لانکان نەتاسێندرێ و گەلەکۆمەی ناموقەدەسی دژ نەکرێت دەشێ لە هەل و مەرجی سەختی ڕسکانی (بەرە) کەو کەمو کوڕیەکی بگەین، دیارە تێگەیشتنی جیایە لە سەلماندن و قەبوڵ کردنی وەک ئەمرێکی واقیعی هەمیشەیی، تێ گەیشتنی بارێ بۆ بەرچاو ڕوونی و هەوڵی گۆڕانی و کۆڕینی بەرەکەبە، بۆیە لە هەموو حاڵەتێک ( و لە گەڵ ئەو باری سەرنجانەش دا ) ئێمە پشتگیری و پشتیوانی خۆمان لەو (بەرە) بە ڕادەگەیەنین:

ئێمە پێمان وایە پێکهاتنی، بەرەی کوردستانی، بۆخۆی پێنانە قۆناغێکی نوێ و کاریگەرو چارەنووسانەو جدی حەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان دەبێت، چ لە ئاستی باشووری کوردستان و چ لە ئاستی سەرتاسەری کوردستان دا... ئیمڕۆ زەمان و سەردەمی شیرو تیر و بەکاوەخۆ و پاڵدانەوە نییە، سەردەمی تەکنۆلۆژیا و پارەی مفت و بێ شوماری پیترۆڵ و تاو سەندن و هاربوونی ڕەگەزپەرستێتی عارەب و تورک و فارسە لەناوچەکەدا و حوکمی فاشیست و سیاسەتی تواندنەوەی " منظم" و بەبەرنامەو ئیستعماری ئیستیطانییە، ئەگەر بەخۆ نەکەوین، ئێمەش کەرەسەو شێوازو ستراتیژیەت و تاکتیکی دروست و سەرئاستی ئەو جەنگ و مل ملانێ " مان و نەمان" ە و ڕێبازو سیاسەت و " نهج "ی کونجاو نەگرینە بەر و نەتوانین تا کۆتایی ئەم

سەدەی بیستەمە شوێن پێی خۆ قایم کەین و نەتەوەکەمان لە خەم و ترس بڕەخسێنین ... زۆر بە داخەوە دەڵێین دەگەینە شوێنێ ئیدی مەگەر خوا، قەدەر، شەیتان و هێزی غەیبی بەفریا کەوێ کە ناکەوێ و سەردەمی "معجزات" بەسەر چووە. بۆیە تەنیا "بەرەی کوردستانی" یە کە جەواب گۆی ئەم ئەرکەو چەکی دەست و کەرەسەی ماددی و بەشەری جەنگە چارەنووس سازەکەی پێشمان بێت. "بەرەی کوردستانی" یە کە دەتوانێ لاپەڕەیەکی نوێ لەسەرجەم بارو بوارەکانی کوردایەتی و کوردەواری بکاتەوە و کۆتایی بە "قصوری زاتی" و کون و کەلێن و کەلەبەر و ناتەواوی یەکانی ڕیزەکانمان بێنێ و قوڕ بەدەرگای "نهلیستیەت" و "خۆ لەبیرچوونەوە" و بیری شەپڕێو و شێواوی (نا کوردستانیەت) و چەنە حەلانێی بێزەنتیانەی ناوەخت و بێ وادەی ڕیزتێکدەر و ماڵ وێرانکەرانە بداو کوردو کوردایەتی و بزووتنەوەکەی بخاتە سەر "سکە" ی دروست و مسۆگەری بەرەو "ئازادی و سەربەخۆی و یەکسانی "وستراتیجیەتێکی کوردانەی کوردستانیی عیلمی و عملی دابڕێژێ و هەموو هێزە شۆڕشگێڕو دڵسۆزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە دەفرو چوارچێوەیەکی دینامیکی کاریگەردا کۆ بکاتەوە.

ئێمە دەسکەوتە بەرهەست و دەست هەڵێنجەکانی"بەرەی کوردستانی" لە مەودای نێزیک و دووری دا لەم خاڵانەدا دەبینین:

یەکەم: تەنیا بەرەی کوردستانی یە.کە بتوانێ جێگەو بۆشایی حیزبی پێشڕەو و ڕابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی بگرێتەوەو پڕ بکاتەوە. هەر لە پاش

هەرەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە ئەو بۆشاییی
حیزبی پێشڕەو و ڕابەرایەتی‌یە بە زەقی، وەکو
سیمایەکی پاش قۆناغی هەرەس‌و گەورەو کەلێن و
کۆسپی بزووتنەوەکەمان، لێمان دەرکەوتووەو پێمانە
وە دیارە... هەرچی کەم و کوڕی و نەهامەتی و
نەگبەتیەکی پێکداکەوتن و شەڕی حەیابەرە و ڕیسوای
براکوژیی ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوو بووە و ئەو
خەسارەتە گەورانەی لێمان کەوتووە هەر هەموویان
دەگەڕێنەوە سەر چەواشە و چەوێڵ و نادروست و
ناعیلمی و ناشۆڕشگێڕانەیی هەوڵی چارەسەرکردنی
ئەو دیاردەیە. شێواز و ڕێی چەوتی بەزۆر خۆکردنە
پێشڕەو و هەوڵی بەزۆرو نادروست ڕسکاندنی
حیزبی پێشڕەو، پەلە پەل و هەڵپەی هەڵپەرستانەو
دزێوی پڕکردنەوەی بۆشایی حیزبی پێشڕەو ورابەرای
تی بوو کە سەری هەموانمانی بەرەو ئەو هەڵدێرە
ترسناکەی دوێنیمان ناوە. بەزۆرو ناڕەواو نا
تەبیعی و ناعیلمی و ناشۆڕشگێڕانەی خۆ بە حیزبی
پێشڕەو ناساندن و هەوڵی بەزۆر سەپاندنی ئەو
پێشڕەوایەتی و ڕابەرایەتی‌یە بووە گیانی "پاوان
خوازی) و (حقد) و (ڕق) و (دەست چوونە یەک)و
(یەکتری ئیلغا کردن) و زۆر چەوتە ڕێ و هەڵدێری
پێ گرتوینەتە بەر. مەسەلەکەمان وبیروباوەڕەکانمان
و بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و ئەرکی شۆڕشگێڕانە
و کوردانەی خۆمان هەمیشە لەبەر خاترو لەبۆ
تەراویلکەی "تصور" و حەزو ئارەزوی نابەجی و
نامەشروعی خۆ کردنە پێشڕەو و ڕابەر کردۆتە قوچی

قوربانی و بەسەر هەندێ هەڵەو نابەجێ یـــــــدا هەڵپەڕیوون. کە تازە بە تازە لێی پەشێمانیـــن و دەزانین چمان بە خۆمان و میللەتەکەمان کـــردووە، چۆنیش ئەو خەون و خەیاڵاتانە بوونەتە نەخشی سەر ئاو، تازە تێگەیشتوون و وا خەریکە میللەتەکەمان تیا دەچێ ئێمە شەڕە مبرات و شەڕە کورســـی و شەڕە پێشڕەوایەتی و ڕابەرایەتی چمانەو هــەش بەسەرمان کورد بەرەو نەمان دەبەین!، ئێمە دەبینە کوێخای چی و کێ ؟!

ژیان و تاقی کردنەوەو ( مآسات ) ی چەنـــد ساڵەی یەکدی کوشتن و شەقی زەمانەو ڕۆژگـــار تێی گەیاندین و لێی تێ گەیشتین کە " پێشڕەوایەتی" و " ڕابەرایەتی" بە بڕیاری زاتی و ئەمـــری ئیداری و خۆسەپاندن و دەرفەت وەرگرتن و گەمــەی سیاسی و شەعبەدەبازی پێک نایەو دروست نابێت، ئەوە لە پرۆسیسەی ژیان و خەبات و مەسیرەکەدایە کە بە تەبیعی و ئاسایی ( ئەویش بە پەلەو لەشەوو ڕۆژێک دانا ) حیزبی پیشڕەو ڕابەرایەتی دەڕسکێنێ و جێی خۆیان قایم دەکەن و دەتوانن بەردەوام بـــن و بژیەن و خزمەت بگەیەنن و بکەن.

دەردو نەخۆشی ی خۆ بە پێشڕەو و ڕابەر زانین کەم وزۆر هەموانمانی گرتبۆوەو بەڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ، بە ئاگاو نائاگا، بە وەعی و لە (اللاوعی)یمـــا نەدا ڕەنگی دابۆوەو هەنگاوەکانی پێ دەنایین، بـــە جۆرێکی وا کە حیزب و حیزبایەتی و سیاسەت ببوونە ( ئامانج) و ( غایە ) و کوردایەتی و مەسەلــــەی

کورد کەرەسەو هۆ و (وسیلە). بۆیە ئەو نەگبەتیەمان بەسەر خۆمان دا هێنابوو.

ئەوە (بەرەی کوردستانی)یە، کە هەموو هێزە شۆڕشگێڕو دڵسۆزە کاریگەرو ئەساسیەکانی کوردستانی کۆ دەکاتەوەو بۆ خۆی جێی (حیزبی پیشڕەو) و ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە دەگرێتەوە. ئەو حەیالات و عەنتەریات و تورەهاتی هەر کەسەی خۆ بە ڕابەر زان و ڕێکخراو حیزبەکەی بە پێشڕەو ناس لە فەرهەنگی بیرو بیرکردنەوە و ڕێبازو (نهج) و سیاسەت و ڕەفتارو سلوکی سیاسیمان دا دەسڕێتەوەو مەفهومێکی عیلمی و عەصری و دروست و کاریگەر دێنێتە پێشەوە، لەوانەشە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو دوو نەخۆشی و وەهم و خەیاڵ وبەلایە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دا نەهێڵێ و پاکتاو بکات... کە نەک تینی و کاریگەریی بۆ ئیمڕۆ و ئەم قۆناغەمان دەبێت، بەڵکو چاکترین و لەبارترین و کاریگەرترین ڕێگەو چەکن، شێوازێکی خەبات و خزمەت و هاوکاریی وا بنچ پێ دەبەستێ و دادەڕێژێ کە بە سەرکەوتووانەو هەموان پێکەوە بتوانین ئەرکەکانی ئەم قۆناغەمان، قۆناغی دیفاعیی ڕزگاریخوازانە و قۆناغەکانی پێشەوەمان لە (ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆبوون) و بینای کبانی سیاسی سەربەخۆ و بینای کۆمەلایەتی و یەکسانی و سۆسیالیزمیشدا جێ بەجێ بکەین و بەئەنجام بدەین، بە غەیرەز ئەوە تیاچوونی خۆمان و حیزبەکانمان و نەتەوەکەشمانی تێدایە و دەرفەتی زێڕینی لەدەست

دان و دەرفەتی بەلاش نانە بەر داگیرکەران و دوژمنانمانە.

دووەم: تەنیا (بەرەی کوردستانی)یە بتوانێ ستراتیجیەتێکی (مەرحەلی) و درێژخایەن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دابڕێژێ و بەرنامەیەکی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، فەرهەنگیی، حەرەکی، عەسکەری و دیپلۆماسی) چ بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری و چ بزووتنەوەی کوردایەتی داڕێژێ، کە ڕەسەنایەتی و گیانی سەردەم - إصالەو حەداثەت-، کلتوریی و خۆیی کوردەواری بە بیری پێشکەوتوو و دیموکراتیک و بەرهەم و توراثی بیری مرۆڤایەتی خێرخوای مرۆڤ دۆست دەوڵەمەند کاو بینای قوتابخانەیەکی (فیکریی، سیاسی،شۆڕشگێریی، فەرهەنگیی) کوردیی سەربەخۆی ڕەسەنی کراوەو پێشکەوتوو بکات، کە گونجاو و هەماهەنگ بێ لەگەڵ گیانی سەردەم و ڕۆحی تایبەتی کوردانەو ڕێ نیشاندەری ڕەوتی کاروانی بەرەو پێش چووی کوردەواری و کوردایەتی بێت و زامنی گەشەو فراژبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگەو بزووتنەوە جەماوەرییەکەی بێت... ئەمانەو هەموو ئەرک و ئامانجە فیکری و سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری و کوردایەتی بەندن بە پێکهاتنی ئەو (بەرە کوردستانی)یەوە.

سێیەم: گەڵاڵەو چەسپاندن و ڕەنگ پێ داکوتان و (تعمیم)ی بیری ((کوردستانیزم)) لە بیرو بزووتنەوەدا، تەنیا لە چوارچێوەی "بەرەی کوردستانی" دایە کەئیمکانی چەسپاندن و (تەکریسی) بیری کوردستانیەت هەیەو

لەو چارچێوەیەدا ئەو بیرە دەبێتە ستراتیجیەتی کوردایەتی و بەگەڕ دەکەوێ و دەبێتە هێزێکی ماددی بزوینەری کوردایەتی و بینای(فیکری) و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کوردەواری و بیری (ناوچەگەریتی)و ( خۆ لەبیرچوونەوە ) و ( ناکوردستانیەتی) مەلعون و مەسئول لە هەموو نەهامەتیەکانی نەتەوەکەمان و سەرلێ شێوێنەری جەماوەر ڕەنج بەفیڕۆ دەری خەباتەکەمان دەڕەتێنرێ و دەبەزێ و بزووتنەوەو کۆمەڵگەکمانیشی لێ پاک دەبێتەوە . لە چوارچێوەی (مانع و جامع ) ی ئەو بەرەیەدایە کە بیرو سەقافەتو کلتورو سلوکی فاشیست و داگیرکەران ڕێی پێ دزکێ و خۆترنجاندنە ناو ڕیزەکانی نامێنێ و کوردایەتی جۆرە ( حصانەت ) ێکی بۆ پەیدا دەبێت ، "مفردات"و " مفاهیم" ی ئیستیعماریانەی داگیرکەرانمان ناتوانێ بیرو بزووتنەوەکەمان بشێوێنێ و بەسەر تەڵەی خۆی دا هەڵمانتەقێنێ... یا هۆشی کوردانەو شۆڕشگێڕانەمان بە بیرۆکەو "مفاهیم" ی کوێخاو خزمەتکاری و (پێشرەویی و پاشکۆیی" و هاوڵاتێتی درۆزنانە لێ داگیرکا .کە بەداخەوە بۆ چل ساڵان دەچێ بیری سیاسی کوردیی ـ جگە لە باکووری کوردستان ـ ئەسیرو کەووتووە داوی ئەو تەڵەو تەپکە فیکری و سیاسی و "مفاهیم"ە مجرد و بێ ماناو بەرەواژو سەقەت و سقوتانەی ئیستیعماریی‌و فاشیانەی داگیرکەرانمانە ، لە جێی (کوردستانیەت) و (ولاء ) بۆ نیشتمان و زێدی خۆمان و کوردێتی و کورد بوون بیرۆکەی ژەهراوی هاوڵاتێکی ئەو داگیر

کەرو کیانە سیاسیە ئیستیعماریانە "مفاهیم"ی عێراقچێتی و ئێرانچێتی و سوریاچێتی وەک سەرەتانی هەشت پێ چنگ و چنگالی لە هۆش و بیرو بیرکردنەوەو رەوشت و کردارو ئاکاریان گیر کردووە، خۆمان و بزووتنەوەکەمانی کردۆتە کائینێکی دوورەگی نەزۆکی دزێوی سەقەت بووی لە هیچ نەچوو، تا ئەو شوێنەش رۆچووە کە هەویەو خسوسیەت و خەسڵەتە نەتەوایەتی و کلتوریی و فەرهەنگیی و حەزاریی کوردێتی و کوردانەمانی ـ خەریکە دەگۆرێ و دەشێوێنێ... ئێمە دەتوانین رەگ و ماکەکانی لەسەرجەم بیرو تێبارە فیکریەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردی دا و بەرنامەو " مفاهیم" ەکانی حیزبە سیاسیەکان دا و سیاسەت و رەفتاری هێزە سیاسیەکانی دا و بە گشتی مەسیرەکەدا، بە کورتی و خێرایش بێت، بدۆزینەوە، کە لێرەدا تەنیا وەک چەند نمونەیەکی زەق دەست بۆ هەندێ ( مظاهری ) رادەکێشین:

ئەو خۆ لەبیرچوونەوەو خیت بوونە بە بیرو مفاهیمی ئیستعماریانەی داگیرکەران و رەنگدانەوەی بیری ( ناکوردستانیەت ) و کۆسمۆپولیتی لەبیروبوچوون و رەفتاری هەرە هەرە زۆری خۆ بە پێشکەوتووزان و مارکسیستە کوردیەکانی جاری جاران داو بەشێکی ئیمرۆش دا لە ( خۆبەکورد نەزانین) و ( ولاء ) بۆ ئەو کیانە ئیستعماریانە داو بە ناوی خەباتی هاوبەش و یەکێتی پرۆلیتێری داگیرکراو و داگیرکەردا ئیستیعفادان و خۆ لەکوردو کوردستانیەت شووشتنەوە و "نانی کونەماسی خۆرو پاسی جرتاوا"

کاریی دا و موناقەشەو تەرحی سەیرو سەمەرەی سۆفسەتائیانە و تیوربازی و عیشقە (نصوصی)وچەنە حەلانێی بێ وادە و ناوەخت و قووتکردنەوەی کێشەی نەبوو و خڵافاندن و ذافڵاندنی خۆ و خەڵکی لەمەسەلە بنەڕەتی و حیاتی‌یەکەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و کورد کردنە بەشێ (سەیری ئەم تەعبیرە عەنتیکەیە بکەن) بەڵێ بەشێ لە گەلانی سەردەستەو داگیرکەرمان داو زۆرو زۆر شتی دی کە مەقامی ووتن و وادەی یەخەگیربوونی نەهاتووە!..

لەبەرانبەر ئەوەدا بیرە نەتەوایەتی‌یەکەی جاران وەک (ردّ الفعل) ێکی کاڵ و کرچوکاڵ فامانەی ئەو واقع و ئەوانە گۆشەگیری و خەیاڵ پەروازی و خۆوێکهێنانەوە و ئەنتی مارکسیزم وئەنتی سۆفیەتی و ئەنتی هەموو شتێکی پێشکەوتووی گرتبۆ بەر و لە قاوغێکی تەسک و هەناسەبڕدا خۆی دەخوار دەوە، کە خۆی هیچی لەباردا نەبوو، دوژمنیشی بۆ کورد زیاد دەکردو نیوەی کارە چەپەڵە، لادەرو لادەرەکەی زرە مارکسیزمە ڕەوەند سیفەتو ڕەوەند عەقڵ و ڕەوەند ڕەوشتە مارکسیستو پێشکەوتخوازەکانی تەواو دەکرد!.. هەر وەکو بڵێی کورد دۆستی وەکو ئەمانەی هەبێ دوژمنی لێ زیادە!!..

ئەمە لە کاتێک دا، لەسەرتاسەری ئەم دنیایەدا ئەگەر مارکسیستو پێشکەوتوخوازەکان سەرە ڕمو ئاڵاهەڵگری ڕزگاریخوازیی میللەتانیان نەبووبن هێزێکی کاریکەری بە برشتو بەبەرەکەت بوون... ئەگەر (نەتەوەیی)یەکانی میللەتانی ژێردەستەو

چەوساوەی وەکو کورد پێشەنگ و ڕزگارکەری میللەتانی خۆیان نەبووبن هێزێکی حاشا لێ نەکراوی پێشی پێشەوەی سەنگەری ڕزگاری و سەربەخۆیی بوون.

ئەوا هێزی ناوەڕاست ڕەو و بەناو دیموکراتیک و نیشتمانیی هەر باس ناکەین، کە وەک کوردەی لە هەردوو چێژن و دینە بوون، کە ڕێک پێچەوانەکەی لە میللەتانی داگیرکراودا بوون.

ئەمە حاڵ و بارو دارو پەردووی تراژیدیای گاڵتە جاڕی بیرو بزووتنەوەی سیاسی و هێزە سیاسییەکانی کوردایەتی بووە و تازە بە تازە خەریکە خۆیان لەو ژەنگ و ژوارە پاک دەکەنەوەو دەگەڕێنەوە سەرخۆ و " خۆدۆزینەوە" و کەسبی هەویەی نەتەوەیی و کوردستانیەتی خۆیان و خۆ لە چڵک و چڵپاوی بیری ئیستیعماریانە و " ئیلقای" فاشیانەی داگیرکەر ڕزگاردەکەن. هەرچەندە خۆشبەختانە بۆ چەند ساڵێ دەچێ لە باشووری کوردستان دا ( کوردستانی عێراق) ڕەوتی کوردستانیەت بە گوڕو تەوژم تر دەبێت و بەتایبەتی پاش ئەو هەنگاوانەی تەبایی و پێکهاتنەوەو دواتر هاوکاریی ئەو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕە ئەساسییانەی کوردستانی بە جۆرو شێوەیەکی دڵخۆشکەرانە باڵی بەسەر بەشی هەرە زۆری هێزو جەماوەرو بزووتنەوەو "جۆ" ی سیاسییەکەدا گرتووە، کە تەنیا پێکهێنانی " بەرەی کوردستانی "یە بتوانێ سەقامگیری کات و ڕێی ڕۆچوون و دانە دوا لەبەربگرێ و بیشیکاتە مەسەلە

یەکی (حەیاتی) و ( مەعاشی‌ی) ڕۆژانە، چونکە بێ ئەو چوارچێوە بەندیە مەترسی‌ی پاشەکشێ وخەتەری پیلان گێران و لەبار بردنی زۆر لە پێشە...وەکو وتمان بۆ بەختان بەشە هەرە زۆرو گرنگەکەی ( باکوری کوردستان " کوردستانی تورکیا ") بەدەرو " محصنن " لەم دەردو بەلایە، ئەگەرچی ئەو توند ڕەوی و ( مام نەسەلمێنی) و ( هەر کەس بۆخۆیی)و ( خۆ بە هەموو شت زانی و کەس بە هیچ زانی) و دەردی دەلێن توندە تەبیعەتی‌یەی ئەوانیش بۆ خۆی کێشە و بەلایەکە کە نایەلێ ئەو بیرە کوردستانیەتو سەرتاسەریە بە چاکی چلورە ببەستێ و بخرێتە گەڕو ببێتە هێزێکی ماددیی... بە نیسبەت ( خۆر هەلاتی کوردستان " کوردستانی ئێران")ەوە مەگەر تازە تەزوویەکی کوردستانیەتیان تێ زابێت ،ئەگین ئێرانچێتی تا شوێنێکی سامناک بە مۆخیان دا چۆتە خوارێ، هەرچەندە حەتمەن ئەو ( کوردستانیەت ) ەی لە باشووری کوردستان دا لە سەقام گیربوون دایەتین و تاوی خۆی دەکاتە سەر ئەوانیش و "بەرە کوردستانی"یەکە نێزیکترین و کاریگەرترین هێزی گۆڕان و (تحول) دەبێت بەرەو کوردستانیەت...لە خوراوای کوردستان دا " کوردستانی سوریا " حال عەحەب حالە، جەماوەرو خەلکە زەحمەتکێش و ڕووتەلە و چەوساوەکە کوردستانی‌ی تەرەقە سوورن،ئەمما زۆربەی سیاسەتمەدارو هێزە سیاسی‌یەکانیان،زۆر جاران، بەلای کوردستان بوونیش لەو وولاتەدا ناجن و بە " الشعب الکردی فی سوریا "ـ کە دەکاتە کوردی

بێ وڵات و کەمینەو میوانی سەر خاکی عارەب !!ـ
خۆیان دەنوێنن و گوایە دەخەپێنن!، بەڵام لەوێش
لە ئاستی تاکە تاکەو ڕۆشنبیرە بەرچاوروونەکان
دا بیری " کوردستانیزم" لەبرەودایە ،دەبێ ئەوەمان
لەبیرنەچێ کەبارو هەل و مەرجی ئەوان یەکجار سەخت
ترە لەوەی سێ بەشەکەی دیکە، بۆیە زۆر ترس وخۆفی
ناوێ و ئێمە پێمان وایە کەسەقام گیربوونی بیری
( کوردستانیەت ) لەو سێ پارچەیەی دیکەدا خۆ بە
خۆ لەوێشدا ـ ئەگەر بە درەنگیش بێت ـ هەر ڕەنگ
دەداتەوە .

چوارەم :لە ئاستی " عملی" دا ( بەرەی کوردستانی)کۆتایی
ئیجگاریی بەو پەرت پەرتی و هەر کەس بۆ خۆیە
و فرە لەشکری و فرە شۆڕشییە و گەرەلاوژێیەی
سەر گوڕەپانیخەباتی سیاسی و چەکداری و دیپلۆ
ماسییە دێنێ و بە هەق شۆڕشە دیفاعییە ڕزگاریخوا
زەکەمان دەکاتە شۆڕشی یەکپارچەی گەل، ئەوسایە
کە دۆست قەدرمان دەگرێ ( و هەر دامان نادۆشێ!) ،
دوژمنیش لێمان دەترسێ ( و هەر نامان بوغزێنێ!) .
" بەرەی کوردستانی" بە عەمەلی:

أ ـ ڕابەرایەتیەکی لێهاتوو و یەکگرتوو و مێژوویی بۆ
بزووتنەوەکەمان دەڕەخسێنێ و ئەو دوو قوتبەی
ڕابەرایەتی بەرچاوی باشووری کوردستان یەک دەخاو
یەکیان بەوی دی تەواو دەکاو هەردووشیان ( کە بێ
گومان دوو لێ هاتووترین سیاسەتمەداری ئیمڕۆی
باشووری کوردستان و ئیمتیدادێکی مێژوویان هەیە)
دەخاتە خزمەتی کوردایەتییەکی بە بەرنامەو جێگە

گرتووه.

ب ـ کۆتایی بە ململانێیەکی (سیاسی،حیزبیی،چەکداریی) چارەکە چەرخێکی دوو پۆلی نێو ئەو بزووتنەوەیە دێنێ و لە (صیراع) و یەکدی ئیلغاکردنەوە، کە چ زیانێکی گەورەی بە کوردایەتی گەیاندووە، دەیانباتە دۆخی پێویستو دروستی هاوکاری و یەکدی تەواو کردنەوە.

ج ـ لە دامێنی ئەوانەوە، لە نێو ڕابەرایەتی سیاسی هەموو حیزبەکان دا، ڕابەرایەتیەکی چینی دووەم و ڕیزی دووەمی تەواوکەری ڕابەرایەتیە دیاریەکەوە کەسانی شایستە و لێ هاتوو لە جێی موناسب و شوێنی پێویست دا جێ دەگرێ و سوود لە توانا و ووزەی پەرت پەرتو سوود لێ وەرنەگیراویان بە ئەندازەی پێویست وەردەگیرێ. کوتاییش بە هەڵتۆقینی زرە مەسئولی و فرە لێپرسراوی دێنێ و دەرفەتی لەبار دەخاتە بەردەم لێ هاتووەکانیانەوە کە هەم بۆ خۆیان پێ بگەن و هەم بۆ کوردایەتی برەسێن.

د ـ دام و دەزگاکانی شۆڕش هەر لەپێنج ئیعلام و پێنج ئیدارە و پێنج پەیوەندیی دەرەوەو پێنج ئەم شتو پێنج ئەو شتەوە دەبنە "یەک" و ئەو هەموو ووزە و توانا و پەرت پەرتو لێک بڵاو و زۆریان بەخەسار جووانە یەک دەخاو شۆڕشەکە لە شۆڕشی ئەم حیزبو ئەو ڕێکخراوە دەکاتە (شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان)دا، کە بێگومان بەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی هەر لە ئاقاری باشووری

کوردستان دا نامێنێتەوە، بە چاکترین شێوەو لەم ڕۆژە ناسکەدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا ڕەنگ دەداتەوەو ئەسڵەن چارەنووسی نەتەوەکەشمان دەگۆڕێ.

هـ ـ هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەک دەخرێ و لەم فرە لەشکرییە (کە هەموو بەڵاکانی شەڕی براکوژی و بێ نەزمی و کەس بە کەس نەبوون لەوەوە داکەوتووە) ڕزگار دەکاو (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان) کە بازووی ڕابەرایەتی سیاسی یەکگرتووی کوردایەتی دەبێت دەتوانێ پڕاو پڕ بە ئەرکەکانی خۆی هەستێ. بەمەش شۆڕشەکەمان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوەو ئامادە دەبێت بۆ دەیان ئیحتمالی گرنگ و چارەنووس سازی پێشمان، کە پێ دەچێ دوا هەل و دەرفەتی کوردان بێ لە باشووری کوردستان دا.

و ـ بزووتنەوەی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکانیشی لە تەبیعەت و ڕەدووکەوتن و پاشکۆیی ئەم لایەن و ئەو لایەن و فلان و فیسار (بە چاک و خراپ ودۆستو زرە دۆستو دوژمنەوە) ڕزگار دەکاو ئیستیقلالیە ـ تێکی لایەقی کوردایەتی بێت پێ دەبەخشێ، هەر ئەوسایە بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێتە قونب و میحوەری هێزە دیموکراتیک و پێشکەوتووەکانی ئەو کیانە سیاسییانەی بە زۆرو ناچاری لەگەڵیان دا دەژین، هەر ئەوسایە پەیوەندییەکی دروستو بەرابەرو نێونەتەوەیی ڕاستەقینە لە نێوان کوردو ئەوانەدا دروست دەبێ ـ کورد وەک هەمیشە هەر (نادا) بەڵکو (دەداو دەبا) و لەوە ڕزگارمان دەبێ

وەک تۆپە مووی دوای کلکی ئەم و ئەو بەکێشمان کەن و چاوە چاوی (ڤیرا) و (مۆر) و (هەویە)ی وەطەنیەت و پێشکەوتووخوازی و چی (ئیست)بەتو چی (ئیزمیەت) بین، ئەوە ئێمە دەبین کە دەبینە ستاندەری ڕاستی و چەوتی ئەوان و ئەوانی ترو ئەوانی تریش. ئیدی ڕێی ئەوە نامێنێتە کەنەدە پیاوی، لە چایخانەو بارە کەووتووەکانی ئەمێو ئەوێ بەسەربەخۆیی و کوردێتی و کوردستانی و ئاواتی بەخوێن ئاودراومان بڵێن: " أحلام العصافیر" وجوێن بە خۆمان و کوردو کوردستانەکەمان بدەن، چیە کاکە (تقدمی) و (دیموکراتی) میللەتی سەردەستەی ئیستعماریە، هەر ئەو کاتەیە ئابڕومان لەئاستی خۆمان و قوربانی دانمان دا دەبێت.

— چی دی بە (حوقد) و (حود)، وەک کابرای بەسراوی " بین الحانە والمانە" مان پێ ناکەن و ڕیشمان لەو بەینەدا تیا ناچێت. (بەرەی یەکگرتووی کوردستانی) یە دەبێتە بەردی یەکەم و کلیلی " بەرەیەکی فراوانی عێراقی " کە مافی بێ چەندو چوون و حاشا لێ نەکراوی " دیاری کردنی چارەنووسمان " بۆ بسەلمێنن و کوردایەتیوهێزە کوردستانیەکان شوێنی لایەقی خۆیان دەگرن و بەری ڕەنجی خەباتی هاوبەش دەچننەوە، نەک وەکو هەتا ئیمرۆ کردەی ئێمە بێت و بردەی ئەوان، ئێمە حوکم لەق کەین و " بابە"ی ئەفەندیی حەساوە بە کورسی حوکمەکەی بەغدا خۆش بێ و کەخۆی گرت لەوەی پێش خۆی دڕندە ترو سەگ و سەگباتر بکەوێتە گیانمان.

ئەگەر شەڕێکمان هەبێت لەمسەرەوە دەیکەین.

پێنجەم: ( بەرەی کوردستانی) لە نێوان هێزە کوردستانی یەکانی باشووری کوردستان دا هەنگاوی یەکەم دەبێت بۆ (بەرە)یە، ( جامیعە )یە - هەر ناوێکی دیکەی هەبێ لە نێوان هێزو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی سەرجەم کوردستان دا و تەنیا لەم دالانەوە و بەم ڕێگەیەدا و لەم دەرگایەوە ئیمکانی ئەو ئەرکە پێویست و گرنگ و چارەنووس سازە دەبێت . کە ئەمەش بوو ئەوجا بە تەواوی و یەکجاریی گەمە سیاسی و ئەوراقەکانی کوردستان و ناوچەکەش دەکەوێتە دەست بزووتنەوەی کوردایەتی یەوە و لەو تاک بوعدی‌یەی جاران و ئیمڕۆ ڕزگارمان دەبێت و ئەوە ئێمە دەبین لەو بەینەدا سوود لە ناکۆکی‌یەکانی ناوچەکە وەردەگرین، ئەو ناکۆکی‌یەی کە بە پێی " معطیات " ێکی هەیە ئاو زۆر دەکێشێ و کێشە کێشەی سنووری و ئەمانە نی‌یە، کێشەو ناکۆکی و مل ملانێ‌یەکی دوورو درێژی ئایدولۆژی و قوڵی درێژ خایەن دەبێت ... کە گەورەترین هەل و دەرفەتی پێشمانە بتوانین بیقۆزینەوە و بێ لاکردنەوە بەلای هیچ دا بە غەیرەز بەرژەوەندی کورد زیاترین سوودی لێ وەرگرین و بتوانین ئەم خەریتە مەلعونە ئیستیعمارکێشراوە درێوەی بەندیخانە ئاسایی‌یەی نێوان کوردو کوردستانەکەمان تێک بدەین و لافاوێ هەستێ ئەو دیوارانە بڕمێنێ و ئەو کیانە سیاسی‌یە زۆڵەکانە هەپرون بە هەپرون بکات . تکایە لەوە نەترسن و داخ نەخۆن بۆ ( سەربەخۆیی تەمامیەتی

ئەرزی عیراقی خۆشەویستمان، فرمێسک مەرێژن و بۆ سەربازانی داگیرکەر، بەتەنگ ئابووری إنشاالله ئیفلاس بووی داگیرکەرانەوە مەبن...) خوا دەکاو إنشاالله " عێراق " و هەموو کیانە داگیرکەرەکانمان هەر تلیشەی دەکەوتە جەهەنەمێکەوەو تاقە یەک سەربازی داگیرکەر بەسەلامەتی نەدەگەڕایەوەو ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرەی ٦٨ ساڵە کوردستان کاول دەکات داری بەسەر بەردیەوە نەدەماو تاقە فلسە سورێک لە خەزینەی بەتاڵیان نەدەما ... لەبەرهیچ نا، وەطەنی‌یە عێراقی‌یەکان!، تەنیا لەبەر ئەوەی پارەی ئەوەیان نەبێ ژەهر و کیمیاوی و " قنابل العنقودیە" مان بەسەردا بباریێنن! .

ئێمەی کورد لەهەر کەسێکی دیکە پتر دژی شەڕو پیاو کوژین، حەزمان بە ئاشتی و ئاسایش و برایە-تی‌یە... بەڵام شەڕێ بو ئەوە تەواو بێ تا کورد قڕ کەن، ئاشتی‌یە لەسەر تەرمی ئێمە پێک بێت..خوای دەکرد هەزار ساڵ شەڕەکە بڵێسەی بەرز دەبۆوە و ئەو کۆترە تۆپیوەی ئاشتی‌ی قەت لەشەقەی باڵی نەدەدا!..

با دۆست و دوژمنانمان بزانن: ئێمە لە هەر کەسێ پتر حەز بە دنیایەکی پڕ ئاشتی و ئاسایش و هێمنی و بێ چەوساندنەوە دەکەین ... بەڵام و ئەمما دنیایە کورد تیا بە قڕ بچێ إنشاالله ژێرەو ژوور دەبێ. کێش بەوە لێمان قاڵس دەبێ و تەنگە دەیگرێ بچێ لە ژەهرو کیمیاوی و ( عنقودی) کوشندەو کوشندە تر وەدۆزێ و بەسەرماندا کێشێ!.. تازە ئێمە

شەڕی مان و نەمان دەکەین، (بەرەی کوردستانیی)یشە کە زامن و مەرجی سەرکەوتنمانە لەو جەنگە پیرۆزەی هیچ شتێکی دیکەی سەروو ناکەوێتەوە.

ئێمە ئەگەر لە ئاستی مەسئولیەت دا بین، ئەمەو دەیان شتی دیکەی هێشتا وادە نەهاتوو لەگەڵ بەرەکەتی بەرکەکردنی (بەرەی کوردستانیی)دا بە سەر کورد و کوردایەتیوکوردستان دا دادەباری(٤٠).

دەشبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە (بەرەی کوردستانیی) تا بەتەواوی سەقام گیر دەبێودەبێتە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و خەباتی کوردایەتی و شۆڕشەکەی هەمیشە مەترسیی دەست تێ وەردان و هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی لە پێشە...دوژمنانی کوردایەتی بۆ ئەو (بەرە)یە لەکەمین دان، داخ لە دڵ و بوودەڵەو ناحەزانی ناوخۆشی کرمی دڵیان دەبزوێ، هێزە سیاسیەکانیش، لەم سەرەتاویەکەم تاقی کردنەوەیەدا، بە تەواوی بەسەر بەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی حیزبایەتی یان دا زاڵ نەبوون،وهەر بۆ خۆی لەبەر نەبوونی کیانێکی سیاسی نیشتمانیی کوردی کە خەڵکی بە گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانیو مەسئولیەتی کۆمەڵایەتی پەروەردە بکات و(ولاء)ی بۆ کوردو کوردایەتی و کوردستان و بەرژەوەندیی گشتی لا بکاتە کرۆکی فەلسەفەو ژیانی کۆمەڵایەتیانەی. هەستی مەسئولیەتی نیشتمانیی باڵای تێدا لەوە کزترە کە بەرگەی پیلان و نەخشەکانی دوژمن و کیانی (تحزب) و گەلەکۆمێ و خۆمانە خۆمانە بگرێ... خۆ دەزگاو چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی واش نییە

که خەڵکی بە مەسئولیەتی نیشتمانی نەتەوایەتیا ـ نەوە ببەستن، بۆیە گیانی ( هەرکە بۆخۆی) زاڵ بووە ـ لە جۆرە شێوەی چەواشەکەری وەکو " موستەقیللیەت " و نا حیزبایەتی ـ لێی دەوەشێتەوە کۆسپ بۆ ( بەرەی کوردستانیی) پێش بێنێ و کەلێنی وای تێ بخات کە دوژمنانی کوردایەتی و ( بەرەی کوردستانیی) لێوەی بتوانن پیلانی لە دژ بگێڕن... بۆیە ووشیاری جەماوەر و بەرزبوونەوەی ئەو هێزە سیاسییانە بۆ ئاستی مەسئولیەتی نەتەوایەتیان بە بەهێزکردنی کاری ناوکۆیی وهاوبەش و یەکخستن و چەسپاندنی دام و دەزگاکانی شۆڕش ( لە پێشی پێشەوەیان یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لەشکرێکی شۆڕشگێڕی کوردستان دا تاکە زامنی مانەوەو بەردەوامی و گەشەی (بەرە) کەیە...

١- ئەوەی لەم لاپەڕەیەدا لە کەوانی وەکو "...." بێت، دەقی بەیانامەکەی بەرەیە.

٢- ئەم باسە زۆری بەدەمەوەیە، لێرەدا ئێمە دەمانەوێ تەئکید لەسەر دەوری سەروەریی و بەلاداخەری مرۆڤ بکەینەوەو ئەوە بڵێین کە مرۆڤەکە بە هەستو نەستو حەزو بەرژەوەندی و هەموو هەڵکەوتیەوە عامیلە ئیجابی و کارتێ کەرو کار تێ کراوە ئەسڵیەکەیە، واتە: "مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابی گۆڕان و گۆڕینی کۆمەڵگەیە". ئەو موعادەلە ساکارەی مرۆڤایەتی تا ئاستی ماددەی مردو یا گیان لەبەری غەریزە ئاژێوی بێ هۆش و ئیرادە بچووکو تەنک دەکاتەوە هەرگیز لە مەیدانی کار و ئەرزی (واقع) دا بەڕاست دەرنەچووە، دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ مرۆ و مرۆڤایەتی هیچ دەستوورو یاسایەک نایگرێتەوە. دەشێ بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بابەتە بە (تحفظ)ەوە سەرنجی ( مرۆڤو دەوروبەر)ی مامۆستا مەسعود محمد بدرێت... مەبەست تەنیا ڕوونکردنەوەی لانی زیندوو و کاریگەرێتیی دەوری مرۆڤە، نەک بیروڕاکانی مامۆستا بە ناوک و ناوەرۆک و پووش و پەڵاشیەوە.

٣- ئەم خاڵە، ئەگەرچی بە شێوازێکی سادەو بەپەلەش بێت، زیاتر لە ( بەرنامەی بەرەی کوردستانیی) کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا (پاسۆک) بۆ هەموو هێزەکانی ئەو ڕۆژەی کوردستانی پێشنیار کردووە بە ڕوونی باسکراوە،و ناوەرۆکەکەی ئێستاش تین و تاوی خۆی لەدەست نەداوە. دەکرێ بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم لایەنە سەرنجی

بدرێتەوە.

٤- مەبەست لە (سەربەخۆ خوازی) لێرەدا ئەوەیە کە ئەو باڵەی ماموٚستا برایم ئەحمەد دەیانویست کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) سەربەخۆیی تەواوی لە بەرانبەر حیزبی شیوعی عێراقی دا هەبێت و خۆی بە ڕێبەری کوردا ـ یەتی دەزانی، بەڵام باڵەکەی تر پتر خۆیان بە سیاسەت و ڕێبازو (نهج) ی حیزبی شیوعیەوە دەبەستەوە تا ئەو ڕادەیەی کە وەک لقێکی خودموختاری حیزبی شیوعیش کار بکەن، لەمەر ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەکو (جوتیاران، کرێکاران، لاوان، قوتابیان، ئافرەتان...) باڵەکەی ماموٚستا برایم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ ئەو ڕێکخراوانە لە کوردستان دا کوردستانی بن، ئەمما لاکەی تر بە مەنتیقی حیزبی شیوعی ڕازی بوون، بەوەی کە لقی یەکێتییە گشتییە عێراقییەکانی (لاوان، قوتابیان، ئافرەتان...) لە کوردستان دا هەبن و کورد ڕێکخراوە تایبەتی و سەربەخۆی بۆ ئەوانە نەبێت!، بە کورتیەکەی ئەو باڵەیان دەکرێ بە باڵی (کوردستانی) و ئەوی دیان بە باڵی (عێراقچێتی) ـ بە پێی مەفهومی ئەو ڕۆژە ـ حسێب بکرێن. بەڵام بارزانی هەر ئەو ساڵە ئەو مەسەلەیەی بە صالحی باڵە کوردستانییەکە بەلادا خست و ماموٚستا هەمزەو هاوڕێ یانیان لە حیزب بەدەر نران. دیارە هەندێ هۆی لاوەکی و شەخسی و دەستی ئەملاو لاش تێکەڵی ئەم کێشمەکێشمەیە بوون.

٥- کازیک، نێوی پیتی یەکەمی ووشەکانی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد)ە، کەلە نیسانی ١٩٥٩ دا لە لایەن چەند ڕۆشنبیرو نووسەرێکی شاری سلێمانییەوە

دامەزرا ، لە تەمموزی ١٩٦٠ یش دا ( کاژیکنامە ) یان وەکو بیرورا و هێڵی فیکریی ئەو ڕێکخراوە نوسیوەتەوە. لەساڵی١٩٦٣ دا ڕێکخراوێکی دیکەی هەر شاری سلێمانی بە ناوی ( پارتی گەلی کورد )یان تێکەڵاو بوو، کاژیک لە رووی فیکریی و تەنزیمیەوە لاوازو قەتیس ماو لە شاری سلێمانی دا مایەوە. کاژیک بە زگماک نەمەینەی تەنزیمی و کاڵ و کرچی سیاسی لەگەڵ بارو هەل ومەرجی ڕسکان و هەڵکەوتی ناسیاسیانەی دامەزرێنەرانیدا پێوە دیار بوو، بۆیە وەکو ڕێکخستن ـ نەک تاکە تاکەیان ـ ڕۆڵێکی فیکری، تەنزیمی، سیاسی لە ژیانی سیاسی و مەیدانی خەباتی کوردایەتی دا نەدیت ، هەروا بە نە بەکامی و بەناو زیندوو و بەگیان مردوو مایەوە، تا لە ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ١٩٧٤ دا چەند کادرێکی ئەوحیزبە سەرچڵانە کەوتنە هەوڵی ڕاست کردنەوەو بەبارهێنانەوەی بەڵام تا مانگی ٧ و ٨ ی ١٩٧٣ ( بە هۆی باری شۆڕش ونێو خۆی ویرانی حیزبەکەوە ) دەستیان لە هیچ گیرنەبوو ،پاش ئەوەش لەژێر فشاری دەزگای ( پاراستن) و کەم تەجرەبەیی خۆیان و خۆ کێشانەوەی هەندێ لە هەوڵەکە هەر ئەوەندە کرا کە ئەو قاوغە داخراو و ئەفسانە ئاساییەی کۆن بشکێندرێ و لەو بن بەستەی ڕزگار کرێ و ڕەنگ و ڕواڵەتێکی سیاسی و حیزبیی بەبەر خاکەڕۆکەکەی کاژیک دا بکرێ... بەڵام هەوڵەکە لەوە درەنگ تر بوو کە بە تەواوی بەراست کردنەوەی باری فیکری و تەنزیمی و سیاسی ( کاژیک ) دا ڕابگات ، بە تایبەتی کە هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیشی بەسەردا هات و سەرلەبەری ئەوەی پێکەوە نرابوو لەگەڵ خۆی

دا راصاڵی، لەو هەول و گوردانە خۆیەی نێو دەروونی کازیک هەر ئەوەندە مایەوە کە ڕێ بۆ ئەوە خۆش بکات کە بیری نەتەوایەتی کورد لەو قاڵبە سواوەی کۆنی ڕزگار کات و لە ناوەڕۆک و شێوەیەکی نوێ و فراژووبووی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ خەسڵەت و هەڵکەوتی بزووتنەوە و خواستە دیموکراتیک و شۆڕشگێرانەکەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی بن دەستی دا لە (( پاسۆک )) دا قاڵب بگرێ....... ئەم باسە لە بوارێکی تردا ڕوون تر دەکرێتەوە. ئەمەی ئێرە تەنیا بەشی ئەوەندە دەکات کە ( کازیک ) ی پێش کۆتایی ۱۹۷۳ و دوای ئەوە لێک جیا بکاتەوە.

٦ـ چەند حاڵەتێکی کەسی لێ دەرچێ، تەنگ پێ هەڵچنین و بەرتەسک کردنەوە بە خەڵک و ڕێکخراوی جوێ جوێ لە شۆڕشی ئەیلوول دا زەق نایەتە بەرچاو، ئەوەش کە بو زیاتر لە دەورانی دوایی ( پاراستن) دا بوو.

٧- ئەو بەیانەی کاژیک لە ١٩٧٥/١/١ دا ڕاگەیەندرا ، هەر لەو بەیانەدا سەرانی کاژیک بە ڕەسمی وەلاوەنران ، و ڕەخنە لە هەندێ لایەنی ڕابردووی کاژیک گیرابوو. بەسەرەتای ڕاست کردنەوە دەژمێردرێ.

٨- بەکورتی، خەریتەی ڕێکخراو و حیزب و کۆمەڵەکانی ئیمڕۆی کوردستانی خوارووبەم جۆرەیە

(١)- پارتی دیموکراتی کوردستان/عیراق : لە کۆنگرەی نۆیەمیان دا - کە بە حسێب درێژەو بەردەوامی "پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق" ی پێش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و کۆنگرەکانی ئەو ( پارتی)یە لە ( "سەرکردایەتی کاتی- القیادە الموءقتە" ی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق) کەوتوونەتەوە . لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ دا لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی - جود) یان پێک هێناوە، دواتر لە مانگی ٥ ی ١٩٨٢ دا ( پاسۆک ) یش چۆتە ئەو بەرەیەو لە هاوینی ١٩٨٥ دا " پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان" و " التجمع الوطنی العراقی" و " الحزب الاشتراکی العراقی " یش بوونەتە ئەندامی ئەو بەرەیە .

(٢)- یەکێتی نیشتمانی کوردستان: لە بەهاری ١٩٧٦ دا لە سێ باڵی ( کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کە دواتر بووە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) و ( خەتی گشتی ) پێک هاتووە... لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەشی هەرە زۆرو گرنگ و باڵە ئەساسییەکەی بزووتنەوەی لێ جیابۆتەوە، بەلام هەر ڕێکخراوێکی بە ناوی ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی

کوردستان) ی تێدا ماوەتەوە و ئەوانیش خۆیان بە بەرۆگری و بەرهەقی بزووتنەوە زانیوە، تا لە سالی (١٩٨٤ دا؟) ئەو باڵەو خەتی گشتی یەکیان گرتووەو ( یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان) ی وەک خەتێ یا باڵێ لە دوو باڵە ئەساسیەکەی " یەکێتی نیشتمانی کوردستان" پێک هێناوە و لە بەهاری ١٩٨٦ یش دا خەتێ لە ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) جیابوونەتەوەو خۆیان بە ناوی ( ئالای شۆرش ) ناساندووە... ئێستا ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە باڵی ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) و ( یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان) و رێکخستنی گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێک هاتووە... لە کۆتایی سالی ١٩٨٠ دا ئەوان و " حشع " و "حسک " و " قیادەی قطربی عێراقی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی - سەر بە سوریا " و چەند حیزبێکی بچکولانەی دیکە کە مەڵبەندیان لە سوریا دایە ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نەتەوەیی عێراقی - جوقد ) یان دروست کردووە، کە هەر زوو بە هۆی دروست کردنی ( جود)ەوە " حشع" و " حسک " یان لێ بەدەرنا یا خۆیان عەمەلیەن هاتنە دەرێ، و (ی.ن.ک) لە دوای کۆتایی هێنان بە (گفتوگۆ)یان لەگەڵ بەعسی بەرەسمی خۆیان کێشایەوە، کە پێشتر لەگەڵ (گفتوگۆ) کەدا بەدەرنرابوون یا عەمەلیەن خۆیان هاتبوونە دەرێ.

(٣)- <u>حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/عێراق</u>: لە ١٩٧٩/٨/٨لە یەکگرتنی لیژنەی تەحضیری " پارتی دیموکراتی کوردستان" ەکەی کاک دکتۆر محمود و کاک قادر جباری و کاک شمس الدین مفتی و " بزووتنەوەی سۆسیالیستی

کوردستان/ عیراق " پێک هات ، سەرەتا تا کۆنگرەی یەکەمیان لە ١٩٨٠/٨/٨ دا ( حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان/ عیراق) بوون ، لە هاوینی ١٩٨٥دا هەندێ سەرکردەو کادریان لێ جیابوونەوە و ناوی ( " ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێری " حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عیراق)یان لە خۆنا . و لەم مانگانەی دوایی‌دا ئەوانە کۆنفرانسیان بەستوەو ناوی خۆیان کردۆتە ( حزب کادحی کردستان/ عێراق) .

(٤)- پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆک ): لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا بە ناوی ( پارتی سۆشیالیستی نەتەوەیی کورد) ەوە دروست بووە و لە کۆنفرانسی یەکەم دا لە ١١ ی ئەیلوولی ١٩٧٦، ناوەکەی بۆتە ( پارتی سۆشیالیستی کورد) و هەر بە " پاسۆک " - کە کورتکراوەی ناوەکەیەتی بە کوردی - ناسراوە. دواگۆڕانێکی بەسەری دا هاتبێ لە ساڵی ١٩٨٥ و سەرەتای ١٩٨٦دا بە تەواوی خۆیان ( و ڕێکخراوەکانی سەر بەوان) لە پاشماوەو پاشخان و " رموز" ەکانی کاژیک پاک کردۆتەوە . ساڵی ١٩٨٢ بوونەتە ئەندامی ( جود) .

(٥)- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: لە ٣٠ ی تەمموزی ١٩٨١ دا لە لایەن ئەو ڕابەرانەی ( قیادەی موٴقەت"ی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق ) کە لە کۆنگرەی نۆیەمی ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق) جیابوونەوە، دروست کراوە... سەرەتا لەو ساڵەدا بوونەتە ئەندامی ( جوقد) و دواتر لەو بەرەیە هاتۆتە دەرێ و لە هاوینی ١٩٨٥ دا بوونەتە ئەندام لە ( جود) .

- " پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق: حیزبێکی نیشتمانی

دیموکراتی بەربڵاوە، جارو بارێ ناوی مارکسیزم و تیوری شۆڕشگێرانە دێنن، بەڵام بە گشتی حیزبێکی نیشتمانیی دیموکراتیکە.

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان: بە گشتی هەڵکەوتی ئەمیش نیشتمانیی پێشکەوتووخوازانەیە، ئەگەرچی باڵی هەرە کاریگەری (کۆمەڵە) یەو (کۆمەڵە)ش ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینی کوردستانییە و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش جارو بار بەلای مارکسیزمێکی کاڵەوەبوودا دایدەشکێنن، دەشێ بە گشتی "یەکێتی نیشتمانیی کوردستان" بە ڕێکخراوێکی نیوە مارکسی و نیوە نیشتمانیی و نیوە نەتەوەیی حسیب بکرێت، ئەوەش هەر هۆی ئەو ژانی تێکەلاوییە ئایدولۆجی و نەرەسینەی کۆمەڵگەی کوردەواری و بارو هەل و مەرج و (طابع)ی خەبات و مل ملانێیەکەیەتی.
- پاسۆک: ڕەپ و ڕاست حیزبێکی نەتەوەیی دیموکراتیکی پێشکەوتوخوازە و ئیدیعایاتی مارکسیی نیە.
- حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق: سەرەتا، تا جیابوونەوەی ئەو باڵی "ئیتیجاهی دیموکرات"ە لێیان لە ئیدیعای مارکسیزمەکەیان دا گەرمە تەریقەت بوون.. ئێستا لە بیروباوەڕی نەتەوەیی و "پاسۆک"ەوە نێزیکترن وەک لە هەر شتێکی دیکە.
- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: بە ئاشکراو زەقی بە بەرنامەو تیور پێرەو لە مارکسیزم- لینینیزم دەکەن بەلام لە کرداردا لەوە کاڵترن کە ڕای دەگەیەنن وزیاتر لە حیزبێکی نیشتمانیی دیموکراتیکی پێشکەوتووخواز دەچن. و ئەوانیش وەک هەموان لە ژێر تین و تاوی

( طـابع ) ە نەتەوەیی‌یەکەی خەباتەکەی دان .

٩ـ تەنیا بۆ تێگەیشتن و تەفسیرکردن و ووردکردنەوەی ـ ئەوەش بە هەموو تان و پۆی دا نا ، چونکە نامانەوێ لەم ڕۆژە ناسکانەدا قەتماغەی ئەو برینە هەڵدەینەوە و بایی ئەوەندە خۆ لە باسەکە دەدەین کە خزمەتی داهاتوومان بکا ـ ئەگین هەرچی هۆ و هۆکارو بەهانەو بیانگێکی ئەم دنیایە هەیەو هەرچۆنێ "تنظیر" کرێ و فەلسەفەی بۆ داتاشرێ بەشی یەک لە هەزاری ئەو دیاردە چەپەڵە و تاوانەکانی ناکات ، بۆ خۆی وەک گوناح و تاوانێکی گەورە لە مێژووی نەتەوەکەمان دا دەمێنێتەوە مەگەر لەمەودوا بە کاری چاک کردن و خۆنەویستی و یەکێتی‌یەکی سەروماڵی بتوانرێ تۆڵەی ئەو هەموو هەڵەو گوناحانە بکرێتەوەو زیانەکانی قەرەبو و بکرێت .

١٠ـ سەرکەوتن هەر ئەوە نییە بڵێی ( کەرێکم دا بە کەرێ سندان لە بن دەستی دەرێ[1]) ، دەستەیە ، تاقمێ ، جۆرە ڕژێمێ بگۆڕدرێت بە دەستەیە ، تاقمێ یا جۆرە ڕژێمێکی تر کە هەر لە ناو و ڕواڵەت دا جیابن کەچی لە ناوەڕۆکو کردارو بەرەنجامەکانی لێیان دەکەوێتەوە هاوتاو جووتەی یەک بن. لە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایە تاقی کردنەوەی ( حیزبی پیشرەو ) و تاک حیزبی و پاوان کردنی چالاکی سیاسی لە لایەن دەستەو تاقم و حیزبێکەوە هاتبێتە بوون، جگە لە دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوە و خەفەقان و سەرکووتکردنەوە هیچی لێ نەکەوتۆتەوە، ئیمرۆ دنیای سێ ( بە تایبەتی ئەو وولاتانەی خۆیان بە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ ناساندووە ) گیرۆدەی ئەو سەرەتانە هەشت پێیەی ( حیزبی پێشڕەون)... تا ئەو سەرەتایە بە تەواوی لە

بەبێ نەچێ و ترۆ نەبێت ( دیموکراسی و ئازادی و پێشکەوتن و مافی مرۆڤ ) هیچ ئیمکانی پەیدابوون و گەشە کردنی نیە ... لە پرۆسیسەی ژیان دا پووچەڵی و گەرۆڵی ئەو سەرەتایە بە ئیسپات گەیشتووە، ئەوەی ئیمرۆ لە ( یەکێتی سوفیەت دا بەناوی گلاسنۆست)ەوە " میخائیل گۆرباشۆف ) ئەنجامی دەدات جۆرێکە لە هەوڵێکی ئازایانە بۆ رزگاربوون لەو سەرەتانە هەشت پێیەو هێنانە کایەی جۆرێ لە ( تعددیە ) ت و"فەزای باز" و فرە رایی، ئەگەرچی ئەوەش هەرە سەرەتایەو بێ دیموکراسیەتی کراوەو ( تعددیە )ت ژیان و کۆمەڵ لە جوڵە دەکەون و بۆگەن دەبن و هیچ ووزەو توانایەکی بەرجەستو هەڵکەوتوو رێی سەرهەڵدان و گەشەی نابێت. ئەم باسە زۆرتری بەدەمەوەیە .

١١- دەبێ جیاوازیەکی ئەساسی و بنەرەتی لە نێوان هەوڵی مەشروع و دروستی بۆشایی پرکردنەوەو دەسەڵات گرتنە دەست و هەوڵی نامەشروعی بکرێت . هەر هێزێکی سیاسی بۆی هەیەو مافی خۆیەتی و لەسەرەتا ئەساسیەکانی خەباتیشە کە هەوڵی پێشکەوتن و پێ گەیشتن و دەسەلات گرتنە دەست بدات بەو مەرجەی: یەکەم، هەمان ماف بە لانەکانی دیکە رەوا ببینی و لەبۆربۆرێنێکی دیموکراسی سیاسی هیمن دا و لە رەوتی مەسیرەی خەبات دا هەوڵی پێ گەیشتنی بدات . دووەم: هەمیشە سەرەتای دیموکراسی و ئازادی بیرو بوون بپارێزێ، هەوڵی بە زەبروزەنگی خەفەکردن و ئیلغای لاکانی دیکەی تێدا نەبێت .سێیەم: سەرەتای ( پاوان خوازی) و خۆسەپاندنی تێدا نەبێت ، هەمیشە ئەو رێ و دەرفەتە کراوە بێت کە جەماوەر ( بە

شێوەو شێوازێکی دیموکراسیانەو هێمن دا ) بتوانێ پێشرەوی خۆی دیاری بکات و بۆشی هەبێت بیگۆڕێ ، واتە سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتەکە بە راستی جەماوەرەکە بێت ، چوارەم: ( وصایە ) و خۆدانووساندن و تاپۆ کردنی تێدا نەبێت ... هیچ هێزێ مافی ئەوەی نەبێت خوازیاری ( حق المقدس ) ی دەسەڵاتداریتی بێت ، دەسەڵاتداریتی و مەوقعی هەر هێزێ جۆرێ لە ( العقد الاجتماعی) بێت ، کۆمەڵگە " جەماوەر" لەو بارەدا بێت کە ئەو (عقد)ە بگۆڕێ... تەنیا بەم سەرەتایانەشە بەر بە دیکتاتوریەتو پاوان خوازی بگیرێ و تەنیا بەم رێیەیە کە هێزو کۆڕو کۆمەڵی سیاسی لە خزمەتی جەماوەرو مەسەلە نەتەوایەتی و چینایەتی سیاسی و ئابووریەکانی دا بێت ، نەک جەماوەر لە خزمەتی ئەوان داو ئالەتی دەستی ئەوان. خۆ هەر نەبێت ئەم سەرەتایانە تا بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی قۆناغی ( سەربەخۆیی) و ( رزگاریی نیشتمانیی) راستن و جێی نکولی کردنیان نییە ، چوونکە بە هەموو مەزهەبێ تا بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ئەو دوو قوناغە وسەراسوێی بینایکۆمەڵایەتی ناکۆکی نێو دەروونی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵێک و نێوان هێزە سیاسیەکانیش ناکۆکی سانەوی لاوەکین لە ئاست ناکۆکیە سەرەکیەکەی لە گەڵ داگیرکەران و دوژمنانی دەرەکی و ئەو خەباتە نەتەوایەتیە ، نیشتمانیە دیموکراسیە رزگاریخوازانەیە لەبەر بەرژەوەندی و سوودی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی و ئەو لایەنانەشە ، بۆیە دەبێ مل ملانێکەی نێوانیشیان لەچاو ئەوەکەی لەگەڵ داگیرکەرو دوژمن دایە سانەوی و

لاوەکی بێت و بەو پێیە دەبێ مل ملانێ و بۆربۆرینەکانیشی بە هێمنی و سیاسیانە بێت و لە جوغزی سەرەتای دیموکراسی نەچێتە دەر... ئەمە بە کورت کردنەوەی مەبەست و ڕێ برینەوەیە لە حانە حەبەشێ و جەدەلی بێزەنتیانە، ئەگینا دەمێکە ژیان ئەوەی بە ئیسپات گەیاندووە کە لەسەر تاسەری ژیان دا ڕێی دروست و ئینسانی و لە هەموو قۆناغەکان دا هەر ئەوەیە، ئەوانەی ڕێی ترسیشیان گرتووە وا بادەدەنەوە. ئەو (مفاهیم) انەی کۆن لە عەمەل کەوتوون.

١٢- ناکرێ لەسەر ئەم خاڵەو خاڵی دواتر بە تایبەتی و هیچیان بە گشتی زۆر بوەستین و ووردی کەینەوە، هەم لەبەر ئەوەی خزمەت ناکاو هێنانەوە سوێی برینێکی کۆن دەبێ و هەم لەبەر ئەوەی شتەکان ئەوەندە بەرچاو و زەقن خۆیان دێنە دوو و هەموانمان شایەت و بینەری ڕووداوەکانین. گرنگ ئەوەیە ئەو خەسارەیە و خەسارانەمان لەبەر چاوبن و لە هەر یەکەیان عەقڵێ وەرگرین و بۆ داهاتوومان و بەندێ لە پێشیان هەڵچنرێ کە چارێکی دی مەترسیەکانی سەر هەڵنەدەنەوەو لێرەدا کوتایی بێت.

١٣- ئەوە بوو چ (جوقد) و چ (جود) و چ نۆزدە قۆڵی و (شۆڕشی عێراقی - مەبەست حسن النقیب.ه)

١٤- تەنیا بۆ تۆمار کردنی ڕاستیەکی مێژوویی بەو بەس، نەک بۆ خۆهەڵدانەوە و خۆبەڕاست زانین و خەڵکی تر بە چەوت و هەڵە ناساندن، کە ئەمە فەلسەفەیەکی تاک بوعدیە و ئێمە هەمیشە دژی بووین. خۆزیا ئەو بەرەیە پێک بهاتایە بام ئەو دەست پێشکەریە مێژوویە و ڕاستیەی ئێمە هەر نەبوایە.

١٥- هەوڵێ بوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ دا بە دەستپێشکەریی و یارمەتی ( لیبی) یەکان و ( سوریە ) کان درا بۆ پێکهێنانەوەو یەکخستنی ( جود) و ( جوقد) بەڵام هەر لەسەر بێشکە گیانی لەبەردا نەبوو، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو هەموان لە هەموان بە فێڵ بوون و کەس بەڕاستی نەبوو!.

١٦- ئەم چەترو چەرداخە هەمان " خیمە" و ( دەوارەکەی ) بەعسیانە، یەک مەنتیق و یەک بۆ چوونە بام لە زەمینەو جێ و کاتو هەل و مەرجی جیاوازیش دا بێت. ئەمەش بەچکەی زۆڵی ( حیزبی پیشڕەو) و فەلسەفە پووچەڵەکەیەتی، هەر بۆخوشی حیلە شەرعیوحەڵاڵ کردن و ئابڕووپێ دانی سەرەتای دواکەوتووی ( پێشڕەو پاشکۆیی)یە دیکتاتوریەتە دزێوەکەی دنیای سێیەمە، لەهەر جێیەکی دنیادا و لەهەر سەردەم و کاتێک دا ( تاقانە ڕابەر) و ( حیزبی پێشڕەو) و ( تاکە حیزب ) هەبوون ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت وپێشکەوتن قسەی پووچن. ئەمە پەندو عیبرەت و تاقی کردنەوەیەکی گەورەیە کە دەبێ بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەمان و بەربەست کردنی دیکتاتوریەتو سەرکوتانەوەو خەفەقان بەرچاو گیرێ و هەرگیز ڕێی چەکەرەکردنی پێ نەدرێت.

١٧- بڕوانە ( بەرنامەی " پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک ") بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەربارەی " بەرەی یەکگرتوو" - کەرکوک - ١٩٧٦.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

١٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧-٢٨.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

٢١ـ لێرەدا جیاوازی (پێشرەوایەتی) خۆ سەپاندن و پاوان خوازانەی دیکتاتوریانەو (پێشرەوایەتی) خۆرسکی و دیموکراسیانە بەدەردەکەوێ ... یەکەمیان خۆ بە پێشرەو زانین و کەڵەگایەتی و خۆسەپاندنەو بە مافێکی خواکردی لە ئاسمان هاتووە خوارەوەی کەسێ، لایەنێ، چینێ،فکرو فەلسەفەیەکی دیاریی خۆی دەنوێنێ و بۆ هەتا هەتاییشە! ئەمما لە دووەمیان دا ئەوە جەماوەرەکەیە کە حوکمی خۆی دەداو ئەو (تفویض) ە دەدات، لە حاڵ و بارێکیش کە هەر کاتێ ویستی ئەو (تفویض)ە دەکێشێتەوەو بە کەس و لایەن و هێزێکی راست ترو خزمەتگوزاری دەدات: ئەمە سەرەتای هەرە ساکاری دیموکراسیەت و (حوکمی گەل بۆ گەل)ە. ئەم باسە بەوەندە کۆتایی نایەت بەلام لێرەدا هەر جێی هێندە روونکردنەوە دەبێتەوە.

٢٢ـ بەرنامەی "پارتی سۆشیالیستی کورد ـ پاسۆک" بۆ هەموو هێزە سیاسی‌یەکانی کورد دەربارەی "بەرەی یەکگرتوو" ـ کەرکوک ـ ١٩٧٦، ل ٢٩.

٢٣ـ هێشتا زووە بۆ بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو کۆبوونەوانە و هۆکانی پێک نەهاتن و بەهانە و مەنتیق و رای هەر لایەک لەم بارەیەوە، هەم لەبەر ئەوەی کەلەم سەرەتای پێکهاتنەی (بەرەی کوردستانی)یە لەم دوایی‌یەدا ـ جارێ!ـ دەبێتە کای کۆن بەبادا کردن و برین هێنانە وە سوێ، و هەم نەبادا وامان بۆ تەفسیر کرێت ئێمە بەو هەڵوێستەوە خۆمان هەڵدەدەینەوە، بەڵام توندوتیژ بوونەوەو تەقینەوەی ناکۆکی‌یەکان پاش ئەوە بۆ خویان (جۆ)ی ئەو رۆژانە بەدەردەخەن.

٢٤ـ پێش پێکهاتنی (جوقد) بە ساڵ و نیوێ، لە لایەن

برادەرانی ( یەکێتی نیشتمانیی کوردستان)ەوە پێشنیاری بەشداریی لە هەوڵی پێکهێنانی ( بەرەیەکی عیراقی) مان بۆ کرا، ئێمە مەسەلەی ( بەرەی کوردستانیی) مان جارێکی دیکە وەکو پێویستییەکی گرنگ تر و لەپێشتر و بابەتیانەی لە ( بەرەیەکی عێراقی) هێنایەوە بەر باس، بەڵام کە زانیمان بە هیچ جۆرێ ئەو بابەتە جێی دوان و سەلماندن نییە و هیچ زەمینەو ئیمکانێکی نییە: " عێراقچێتی" و " تعریق" ی شۆڕشی کوردستان و"بەرەی عێراقی" ی لەو پەڕی تۆغیانیان دان و هیچ مەنتیق و لێدوان و باس و خواسێ بەری پێ ناگرێ... ناچار بووین بە صیغەی چوارچێوەی ( بەرەیەکی عێراقی) رازی بین بەو مەرجانەی:

(١)- هیچ هێزو کۆڕو کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕی سەر ساحەی کوردستانیی لی دوور نەخرێتەوەو ( ڤیتۆ) ی لەسەر نەبێ. پتر مەبەستمان لە " پارتی " بوو، کە ئەو ڕۆژە لەباری ( ڤیتۆ) لەسەردانان دا بوو.

(٢)- مافی دیاری کردنی چارەنووس، وەکو مافێ بۆ گەلی کوردستان بسەلمیندرێ، بام شێوەو جۆری مومارەسەی ئەو مافە لە شکڵ و چوارچێوەی " ئۆتۆنۆمی" یش دا بێت. واتە " ئۆتۆنومی" شێوەی مومارەسەی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس ) بێت لەو قۆناغەدا ـ ئەمەش بە لای هەرە کەمیی ـ.

(٣)- ناوچەی جوگرافیی مێژوویی کوردستان دیاری بکرێت: کە کەرکوک و خانەقین و ژەنگار و ئەو ناوچانە لە ڕووی جوگرافی و مێژوییەوە کوردستان بە ڕەسمی بە کوردستان بناسرێن.

(٤)ـ ناوەرۆکی ئەو " ئۆتۆنومی "یە، لە هێڵە درشتەکانی دا و بەتایبەتی دیاری کردنی دەسەڵاتی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنومی دا، و دەسەڵاتی ناوەند دیاری بکرێ و بە ئاشکرا دەسەڵاتدا رێتی بەلاداخەری شەرعیاتی ئەو دەسەڵاتە ـ لە شکڵ و ناوەرۆک و جۆرو شێوەی پێکهێنانی، وەک دەسەڵاتی هەرە باڵای بەلاداخەرـ دیاری بکرێ و بچەسپێ.

ئەمانەش بۆ خۆیان حوکمی وەسیقەی مێژوویییان دەبێت، کە بۆ هەر جیاوازی و ناکۆکییەکی نێوان گەلی کوردو حوکمی ناوەندـ پاش نەمانی بەعس و صەدامـدەبێتە بەڵگەو چەکی سیاسی دەستی کوردایەتی.

لەو رۆژەدا ئەمانەمان بە ( مطالب تعجیزیە ) و مەرجی پێشەکی دراوە دواوە لێ وەرگیرا و هەر ئەوەندەمان رێ درا کە ئەم خاڵانە وەکو رای خۆمان لە پەراوێزی بەرنامەی ئەو (بەرە) چاوەروان کراوەدا تۆمار کەین ...

ئێمەش لە حاڵ و بارو وەزعێکی سیاسی و عەسکەریی ئەوتۆدا نەبووین شتانمان پێ پێک بێت و تێکدرێت تا گوێ بیستمان بن، ناچار دەبووینە ( شاهد الزور )ی شتێ، کە کەمترین شت، دەتوانرێ بووترێت هیچی لێ شین نابێتەوە... بۆیە وامان بە دروست ترو چاتر زانی ( بێ هەڵوێستی دژایەتی ـ کە پێشمان نەدەکرا )دوورا و دوور لێی بوەستین.

٢٥ ـ دەبێ پێکهێنانی " جود " چەندە " ردّ الفعل "ی " جوقد " و بۆ چوارچێوە پێ بەستنی (بەرە)یی پەیوەندی نێوان ئەو سێ لایەنە بووبێت، ئەوەندەش ( بدیل) ی ئەو " بەرە کوردستانیی "یە پێشنیار کراوە

نەبووبێت ؟؟! کە بەمە دەرفەتێکی دیکەی پێکهێنانی " بەرەی کوردستانیی " لەبارچوێندرابێت !.

٢٦- پاسۆک ، وەک لە سەرەتاوە، دروشمی ( بەرەی کوردستانیی ) بەرز کردۆتەوە و هەوڵی بۆ داوە پێی وابووە کە هەر (بەرەیەکی عێراقی) و چوارچێوەیەکی دیکە زەمینەی ئەو ( بەرە کوردستانی)یە لەبەین دەباو هەل و مەرجەکانی لەباردەچوێنێ بۆیە لەگەڵ پێکهێنانی ( بەرەی عێراقی ) دا نەبووە پێش ئەوەی ( بەرەی کوردستانیی) پێک بێت ، ئەگەر بۆشی کرابێت منجە منجیشی تێدا کردووە. چونکە جگە لەوەی ( گرنگ‌تر ) کە ( بەرەی کوردستانییە ) پێش ( گرنگ)، دەخرایەوەو لە حاڵ و باری ناکۆکی و ناتەبایی ئەو هێزە کوردستانیی‌یا نەدا ئەگەر هێزو دەزگاو دەوڵەتەکانی پشتەوەی ئەو ( بەرە عیراقی ) و چوارچێوانەی دیکەش لەو رێیەوە دەستیان لەو نێوانەوەرنەدابێ و ئاڵۆزتریشیان نەکردبێ - کە کردوویانە !!- بەوەی کە چاویان بەرایی نەهاتووە و نایەت هێزە کوردستانیی‌یەکان بە تەواوی سەربەخۆ و خاوەنی بریاری خۆ بن و بە ئەندازەیە بازوو ئەستووربن کە بتوانن هاوتا بەرانبەر لە هێزە عارەبی و عێراقیی‌یەکان بگرن، یا مەسەلەی نەتەوایەتی کورد چوار چێوەی سەربەخوی خۆی و خصوصیەتی خۆی بە خۆیەوە بگرێ بەڵکو هەر وەکو مەسەلەیەکی ناو خۆ و پاشکۆی مەسەلەی عێراقیی بمێنێتەوە، ئەوجا تێک نەکەوتنی ئەو دەزگاو دەوڵەتانەی دەوروبەری عێراق و کوردستان لەسەر ( طموحات ) و بەرژەوەندیەکی لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا بۆ خۆیان بەرچاو گرتووە... ئەگەر ئەمانەش

بەرچاو نەگرین، ئەوا بۆ خۆی ئەو (بەرە عێراقی)یانە لە لایەن ئەو هێزە کوردستانی‌یانەوە وەک ئامرازێکی پێی خۆ قایم کردن و بەرانبەرەکە سووک و لاواز کردن بەکاردێنرا ، لەو بەینەش دا تەنیا مەسەلەی کوردو هێزێ یا چەند هێزێکی کوردستانی‌ی تێیدا زەرەرمەند دەبوو، ئەوە جگە لەوەی ئەو ڕۆژەو ئیمڕۆ و سبەیش تەنیا دالان و زەمینەیەکی پتەوی (بەرەیەکی فراوانی عێراقی) ی کاریگەر کە بەشی هەرە زۆری لایەنە عێراقی و عارەبی‌یەکانی عێراقی کۆبکاتەوە (بەرەی کوردستانی)یە، هەم لەبەر ئەوەی ئەو لایەن و هێزە عارەبی و عێراقی‌یانە بێ هێزەکانی کوردایەتی (لەسەر ئەرزی واقیع و ساحەو شۆڕشەکەدا و هەر کارێکی جدّی دژی ڕژێم) هیچ نین و لەبەیان دەرکردن و خۆ کیف کردنەوە و چەمبۆڵە نان لە بەعس بەولاوە پێ ناکرێت و هەم لەبەر ئەوەی لە نەبوونی (بەرەیەکی کوردستانی‌ی) دا ئەو لایەنە عارەبی و عێراقی‌یانە ـ بەهۆی ئیمکانیاتی سیاسی و ماددیی ـ ئەو دەوڵەت و دەزگایانەی لە پشتیانەوەن و بە (سوء الاستفادە) لەباری پەرت پەرتی و ناتەبایی ئەو هێزە کوردستانی‌یانە دەتوانن لایە یا چەند لایەکی ئەو هێزانەی کوردایەتی پێ بکێشنە تەرەفی خۆیان . کەبەداخەوە لە نەبوونی (بەرەی کوردستانی‌ی) دا هەر هەموو ئەمانە بە زیادیشەوە ڕوویان دا !.

بۆیە لە سەرەتاوە (پاسۆک) لەگەڵ هیچ (بەرەیەکی عێراقی) دا نەبووەو کاتێ بۆتە ئەندامی (جود) یش لە هەموو موناسەبەو بەیان و بڵاوکراوەیەکی دا ئەو ڕاستیانەی سەرێی، بە ئاشکرا هێناوەتە بەرباس و

بانگی ( بەرەی کوردستانیی) هەڵداوەو هەوڵی بۆ داوە. بۆیە کاتێ کە پێشنیاری ( بەرەی کوردستانیی ) لە ١٩٨٧/٤/٢٢ دا لە لایەن (یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیی) یەوە بە هەموو لایەک کرا، پاسۆک بە سۆزی دەروێشێکی حاڵ لێ هاتوو وەڵامی دایەوەو هاتە پێشەوە، کە خواو راستان عەقڵ و مەنتیق و دڵسوزی ئەو ڕۆژە بەسەر هەمواندا زاڵ ببوو؟ هەموان کەم و زۆر هاتنە پێشێ و ( بەرەی کوردستانیی) ــ بە هەموو نەبەکامی و کەم و کوڕیەکیشیەوە ــ پێک هات و إنشاالله بەرکەش دەکات. لێرەدا وەک پاشگەزبوونەوەو خۆ لێ دەرباز کردن نا، هەر وەکو ڕاستییەکی مێژوویی ــ وەک دیارە پاسۆک نە لە ( جوقد) و نە لە ( جود) دا بەشداریی نەکردووە، پێی وابوو ئیمکان دەبێ بێ ئەوەی لەسەرەتا بنەرەتییەـ کەی خۆی بکەوێ دەکرێ بە سەربەخۆیی و بێ چوونە ناو ( محاور) ی ( جود) و ( جوقد) و شتی دیکەوە دەتوانێ پێی لەسەر ساحەکەدا بە ئەرزەوە بمێنێ، بەڵام تێوەگلانی ئەسەف باری ( شەڕی براکوژی) و پاشان سەرنەکەوتنی هەوڵی پێکهاتنەوە لەگەڵ برایانی (یەکێتی) دا و پاش ئەوەی ( ڤیتۆ)ی پێکهاتنەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ داو بەهاری ١٩٨٢ دا تەنیا بە ڕووی پاسۆکدا بەرزکرایەوە و هەموو لایەنەکان کەم و زۆر پێکهاتنەوە بە ناچاری ناچاری کردین کە پەناپەسێوێ وەدۆزین بۆ بەرگری لە بوونی خۆمان و دەرفەتی بەردەوامیی خەبات کردن، ئەوە جگە لەوەی ئەو چوارچێوە ( کوردستانی)یە ئێمەباوەرمان پێی بوو و لە هەوڵی دا بووین چ تروسکاییەکی لە ئاسۆدا دیار نەبوو، لە سەرێکی دیکەشەوە ( جود)

ئەگەرچی بەرەیەکی عێراقی بوو بەڵام هێزەکانی چەند باڵێکی کوردستانی و حیزبی شیوعی عێراقی بوون، کە بۆ خۆی سیمایەکی کوردیی پێوە بوو، لەو سوچەشەوە ئەگەر (جود) ئەو بەرە نە عێراقییە نە کوردستانییە کاریگەر و چاوەڕوان کراوەش نەبوایە ،هەرنەبێ چوار چێوەیەکی ڕێکخستن و یەکخستن و کۆکەرەوەی هەموو هێزەکانی سەر ساحەی کوردستان ـ جگە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ بوو، کە بە تەنیا دەوری تەنزیمی پەیوەندییەکانی ئەو هێزانە لە کەڕەلاوزێی ئەو ڕۆژەی سەر ساحەکە بۆ خۆی بەڵکەو حوجەتی ئەوەی دەدایێ بەشداریی بکەین. بۆیە لە مایسی ١٩٨٢ دا بە ڕەسمی داوای بوونە ئەندام لە (جود) مان دایە ئەو هەڤالانەی (جود) و داواکاریەکەمان بە چوار سەرنجی تایبەتی خۆمانەوە چەسپ کردبوو:

(١)ـ (مافی دیاری کردنی چارەنووس)، وەک مافێکی شەرعیو سەلماو بکرێتە داواکاریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو لە بەرنامەی (جود) دا جێی بکرێتەوە.

(٢)ـ بە ئاشکراو زیاتر پشتگیری و پشتیوانیی خۆمان لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دا ، لەبەرنامەو کرداری، (جود) دا بەر جەستە کەین.

(٣)ـ ناوچەی جوگرافیی ـ مێژوویی کوردستانی خوارووی کوردستان (کوردستانی عێراق) لە بەرنامەی (جود) دا دیاری کرێت ، و شێوەو جۆری ئەو (حوکمی زاتی)یەی ـ وەک موما رەسەی مافی دیاری کردنی چارەنووس ـ بەپێی هەل و مەرجی ئەو قۆناغە دیاری بکرێ و بە ڕوونی لە

بەرنامەیەکی سەرومڕدا دیاری بکرێت .

(٤)- دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عارەب و ئۆردوگای سۆسیالیستخواز قوڵترکرێنەوەو پارێزگاریی مەوقعی بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەرەی تەبیعیی خۆی دا کە ( بەرەی گەلان) ە بکرێت .

کە بە داخەوە هەر چوار خاڵەکەیمان لێ بەزیاد زانراو نەکرا بچەسپێ، ئەگەرچی دواتر و هەمیشە لە کۆبوونەوە باڵاکانی ( جود ) دا ئەم ئەرکانە پێکەوە یا بە جیاجیا و بە تایبەتی چەسپاندنی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس) تەوەری خەباتی ناوەندیی سیاسیمان بووە، و جارێکی دی لە تەمموزی ١٩٨٥ دا کە بە بۆنەی بەشداریی سێ هێزی دیکە ( پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)، ( پارتی سۆشیالیستی عێراق) و ( التجمع الوطني العراقي) دا بەسەر بەرنامەی ( جود ) دا چووینەوە ئێمە هەوڵی دنیامان دا کە تەنیا برگەیەکیش بێت ، وەک ئەو هەموو ماخەلەقوڵلایە، مافی دیاری کردنی چارەنووس لە بابی مەسەلەی کورد دا بچەسپێنین، بە هیچ چوو و بۆمان نەسەلمێندرا . بەلام خۆ بە خۆمان و لە بەیان و بلاوکراوەو بۆ چوونەکانی خۆمان دا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پێمان لەسەر دوو پایەی گرنگی : بەرەی کوردستانیی ، و چەسپاندنی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس ) دادەگرت و خەباتی سیاسیمان پتر بۆ ئەو دووپایەیەو ڕمانی ڕژێمی بەعس - بەهەر نرخێ بێ- تەرخان بوو.

کە ئەمانە دەڵێین پاشگەز نین لەو خەباتە ناوکۆیییەمان و بەشداریمان لە ( جود ) دا و هەر چالاکییەکی دیکە ،

بەڵام دەمانەوێ جگە لە بەدەرخستنی ڕاستییە مێژوویی یەکان ئەوەش بیرخەینەوە کە هەلی کاری چاکتر و پێشکەوتووتر و بەفەڕ هەبووە، زەمینەی بەرەی کوردستانی و دروشمی ( مافی دیاری کردنی چارەنووس ) هەبووە بەڵام هۆش و ئیرادەی سیاسی تا ئەو ئاستەی پێویست بووە نەبووە!.

٢٧- ئەو کاتەی ئەم باسەی تێدا کراوە هەڤاڵانی ( پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان) لەبەرەی ( جوقد) دا بوون و ڕێیان نەدرابوو بێنەوە سەرساحەی کوردستان، بەڵام هەر ( ضمناً ) ئەوە بەرچاو گیرابوو کە ئەوانیش لە داهاتوویەکی نزیک دا و پاش پێکهاتنی بەرەی کوردستانی یەکە بەشداری بکەن و ڕێی جێی تەبیعی خۆ گرتنیان بۆ هەموار کرێت.

٢٨- دەقی پێشنیارەکەی هەڤاڵ مام جەلال بەم جۆرەیە :

" بروسکە "

برای هێژا کاک مەسعود بارزانی - پارتی

برای هێژا کاک رەسول مامەند- حسک

برای هێژا کاک ئازاد - پاسۆک

برای هێژا کاک سامی - حگدک

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

پێشنیار دەکەم ئاشت بوونەوەی نیشتیمانیمان گەشە پێ بدەین و بیگەیەنینە ئاستی دامەزراندنی ( بەرەی کوردستانی) بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە ڕێبەرایەتی خەبات و شۆڕشی کوردمان بکات و ببێتە نموونەیەکی بەرچاویش بۆ دامەزراندنی بەرەی عێراقی فراوان.

پێشنیار دەکەم نوێنەرانمان دەست بەجێ بە ئامادە

بوونی نوێنەرێکی ( حشع )ی تێکۆشەر بۆ داڕشتنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی دەست بە کۆبوونەوەو وتوویژ بکەن.
پێشم چاکە کۆبوونەوەکان لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان ببەسترێ. ئێمە لەباری خۆمانەوە بەو پەڕی شانازی ئامادەین پێشوازی و میوانداری کۆبوونەوەکان بکەین، هەروەها ئامادەین بۆ هەر شوێنێکی لەباری دیکە کە ئێوە پێشنیاری دەکەن.
قۆناغی گرنگی ئیمڕۆی شۆڕشی ڕزگاریمان پێویستیی بە هەرچی زووتر دامەزراندنی بەرەی کوردستانیە ... ئەو بەرەیەی کە دەبێتە ڕێگە خۆشکەری خەباتی هاوبەشمان لە پێناو هێنانە کایەی بەرەی نیشتمانیی عێراقیی فراوان.
چاوەڕێی وەڵامی ئیجابیتانم
ڕێزو سڵاو

برای دڵسۆزتان
مام جەلال

o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—

٢٩– هەر چوار لایەنە پێشنیار پێ کراوەکان دەم و دەست پێشنیارەکەی هەڤال ( مام جەلال ) یان قۆستەوەو پشتگیری و پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕی، ئەمەش وەڵامەکانیانە :

**لە کاک مەسعود بارزانی یەوە**

برای بەڕێز مام جەلال .
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
پێشنیارەکەتان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی

پێویستی‌یەکی گرنگ و پەسەندە، چونکە گەلەکەمان بە قۆناغێکی مێژوویی ترسناک دا تێ دەپەڕێ. خەباتمان لەبەرەی کوردستانی دا زامنێکی گرنگە بۆ هەڵوەشانەوەی پیلانەکانی دوژمن. سەرکردایەتی حیزب لە پێشنیارەکەتان دەکۆڵێتەوە لە پێناو ڕێ خۆشکردنی پێک هێنانی ئەو بەرەیە

١٩٨٧/٤/٣٠

—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—

**لە کاک ڕەسول مامەندەوە**

بۆ ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،

هەڤاڵی هێژا مام جەلال

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بە سوپاس و تەقدیری زۆرەوە پێشنیارەکەی ڕۆژی ٢٢/ ٤ /١٩٨٧ ی بەڕێزتانمان وەرگرت کە ئاراستەی ئێمەو لایەنە کوردستانی‌یەکانی ترتان کردبوو وە تێ دا داواتان کردبوو کە ئاشت بوونەوەی نیشتمانی لە کوردستان دا گەشە پێ بدەین و بیخەملێنین بە پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕابەری کردنی شۆڕش و خەباتی گەلی کوردمان. وە داوای ووتوویژی دەست بەجێ تان کردبوو بۆ هەمان مەبەست بە ئامادەبوونی نوێنەری حشع.

ئێمە ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەی بەڕێزتان بە هەڵوێستێکی مەسئولانە دەزانین. وە لە کاتێکی لەبار دایە. جگە لەوەی تەعبیر لە ئارەزوی دێرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەی جەرگ بڕێنەرە بۆ فاشیستەکانی بەغداو ئاواتە گڵاوەکانیان لەم کاتەدا دڕندەترین و چەپەڵترین هێرش و شالاوی

ترسنۆکانەو نامرۆڤانەیان دەست داوەتێ بۆ قەڵاچۆکردنی گەلی کوردو وێرانکردنی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە ڕێگای بەکارهێنانی کوشندەترین چەکی کیمیاوی و ڕاگواستن و تەخت کردنی شارو گوندەکانمان، هەروەها پێک هێنانی بەرەی کوردستانی هەر وەکو چەکێکی کاریگەرە بۆ تێک شکاندنی نەخشەو پیلانە ڕەگەزپەرستەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا دژی گەلی کوردو هەنگاوێکی گرنگ و زەمینەیەکی باشیشە بۆ پەلەکردن لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی عێراقی فراوان کە وزەو توانای هەموو هێزە نیشتمانیە شۆڕشگێڕەکانی عێراق لەبەرنامەیەکدا بەخۆیەوە بگرێ و ڕابەری خەباتی گەلی عێراق بەعەرەب و کوردو کەمە نەتەوایەتی‌یەکانەوە لە ئەستۆ بگرێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی/ بەغدا و دامەزراندنی جێگرێکی نیشتمانی کە هەڵقوڵاوی وەک خواست و ویستی گەلی عێراق بێت و بتوانێت دیموکراتی بۆ عێراق و مافە ڕەواکانی گەلی کورد مسۆگەر بکات وە کۆتایی بە جەنگە شومەکەی قادسیەو ئاثارە ڕەشەکانی بهێنێت .

هەڤاڵی هێژا ، ئێمە لە کاتێکدا جەماوەری گەلەکەمان دڵنیا دەکەین لە هیچ هەوڵ و کۆششێکی فیداکاریمان درێغی ناکەین بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە وە ئەو ڕاستیەش ڕادەگەیەنین کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان کە لە ١ تا ٣/ ٤ / ١٩٨٧ بەسترا وەفدێکی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی پێک هێناوە بۆ باسکردن و تەواوکردنی مەسەلەی بەرەی کوردستانی عێراقی لە ١٩٨٧/٤/١٥ بەڕێ کەوتن بۆ دیدەنی بەڕێزتان و لایەنەکانی تر، بۆیە ئامادەین لە هەر شوێنێک پەسند بکرێ

دەست بە وتوویژ بکەن بۆ پیکهینانی بەرەی کوردستانی هیوادارین جهودی هاوبەشی هەموو لایەک لەم پیناوەدا سەرکەوتوو بیت و گەلەکەمان چەکی گاریگەری یەکیتی ریزەکانی شۆرش بەرەنگاری دوا نەخشە گلاوەکانی رژیمی فاشی بەغدا ببیتەوەو وە تیکیان بشکینیت و جاریکی تریش بی سەلمینین کە ئیرادەی پۆلاینی خەلکی کوردستان لە شکان نەهاتووە. ئەمجارەش زۆر لە سیلاحی کیمیاوی کە دوا چەکی فاشیستە ترسنۆکەکانە بەهیزترەو عەفلەقیە تاوانبارەکانی بەغداش بەو تاوانەیان دژی گەلی کورد کە خۆی لە خۆی دا نیشانەی نائومیدیانە یەکیتی نیشتمانی عیراق و برایەتی کوردو عەرەب دەخەنە مەترسیەوە کە هەر خۆیان ئۆبالەکەی هەل دەگرن و باوەریشمان وایە جگە لە ریسوایی ونەفرەتی میژوو بەولاوە هیچی تریان بۆ نامینیتەوە. جاریکی تریش سوپاسی پیشنیارەکەی بەریزتان دەکەین و وەفدی مەکتەبی سیاسی حیزبمان ئاگادار دەکەین کە ئەو پیشنیارانە وەکو وەثیقەیەکی گرنگ لەبەر چاو بگرن لە کاتی وتوویژ و ئامادەکردنی پرۆژەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی.

ئیتر هەر بژین بۆ خزمەتی کیشەی رەوای گەلەکەمان.

سکرتیری ح.س. ک. ع

o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—

**لە کاک ئازاد مستەفاوە**

براو هەڤالی هیژامان مام جەلال ـ ی بەریز

سلاوی ئازادی و یەکسانی...

پیشنیارە میژوویییە دلسۆزانەکەی ٢٢/ ٤ /١٩٨٧ تان

لەمەڕ " بەرەی کوردستانی " بە خۆشی و گرنگییەوە وەرگرت ... بە هەموو کوڵ و دڵێکمانەوە و بەو پەڕی ئامادەگی و بەسەرو ماڵ و ئەوەی هەمانە و نیمانە ئامادەین، بەوەی پێمان دەکرێ ، بەشداریی ئەو هەوڵو هەنگاوە مەزنەی پێشنیارتان کردووە بکەین و لە ئێستاوە ئێمە ئامادەین و چاوەڕوانی فرمانی بەڕێزتانو براو هاوپەیمانە دڵسۆزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکانی دیکەمانین و ئێمەش پێمان چاکە کە ئەو پێکگەیشتن و کۆبوونەوەو هەنگاوانە لە ئامێزی وڵاتەکەمان و لەسەر بستووە خاکی بەخوێن ڕزگارکراوی کوردستانە خۆشەویستەکەمان دا بێت تا سەر ئێسک و مۆخ کوردستانی بێ و ڕسکاوی ناو کۆشی ئەم چیاو بەندەن و دۆڵانە بێت .

بەڕاستی " بەرەی یەکگرتووی کوردستانی "، کە تەنیا دەرفەت و زەمینەیەکی پتەو و ڕەسەنی بەرچاو ڕوونی عێراقیشە، ئەو چوارچێوەیە کە ماناو گوڕو تین و تاو و ناوەرۆک بە پێکهاتنەوەو تەبایییە گشتییە مێژووییەکە ئەبەخشێ و وزەو توانای شۆڕشگێڕانەی کورد گرد دەکاتەوەو بەدروستی و وەکو پێویست لە جەنگی (مان و نەمان ) و ( دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان) ڕۆڵی چارەنووس‌ساز و بەلاداخەر دەگێڕێ. ئەو هیوا و ئاوات و خۆزگەیەی جەماوەرو پێداویستییە مەوزوعییەکەی ئەم قوناغی خەباتەشمان دێنێتە دی و قەدرو حورمەت و ڕێزی نەتەوەکەمان و مەسەلەکەمان و خۆشمان، لای دۆستو دوژمن بالا دەباو دەیگەیەنێتە ئاستێ ڕەوایەتی مەسەلە- کەمان و ئەو هەموو قوربانی و گیانبازییەی چارەکە

چەرخێ پترە جەماوەرە ڕەنجدەرو ستەمدیدەکەی کوردستان بە سەخاوەتی جوامیرانەو هەر لە خۆی هاتوو بێ برانە وە و کۆڵ دان داویەو دەیدات ... لە هەموو ئەمانەش بترازێ تاکە ڕێگەو مەرج و پێداویستی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانە ... بۆیە جارێکی دیکە لەگەڵ خۆشامادی و هەستی پێ زانینی قەدری ئەو پێشنیارەتان دەستی تکا بەبەر پشتوێنی شۆڕشگێڕانەو دڵسۆزانەی هەموو ئەو براو هەڤاڵە شۆڕشگێڕە دڵسۆزە کوردستانی‌یانەی دیکەمان دەکەین کە بە پەلەو جدی بەرەو پیری ئەم ئەرکە مێژوویی یە بێن و لێی بەکار بن و هاوڕێیانی ( حشع ) یشمان وەک ئەرکی نیشتمانی و نێونەتەوایەتیان زەخمی ئیجابی پشتگیری خۆیان بهاوێنە سەر ئەم هەوڵە پیرۆزو پاک و ڕەوایە .

بە هیوای هەڵاتنی گزنگی خۆرەتاوی ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازی نەتەوەکەمان کە لەو ئاسۆگەی " بەرەی کوردستانی " یەوە دەیبینین...

حورمەت و ڕێزمان قەبوول بفەرموون.

و هەر بژین بۆ کورد

لەبری مەکتەبی سیاسی پاسۆک

برای دڵسۆزتان

ئازاد مستەفا

١٩٨٧/٤/٢٤

—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—o—

**لە مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە**

برای تێکۆشەر مام جەلال

سڵاوی خەبات و شۆڕش و برایەتی و تێکۆشان

گەشەپێدانی ئاشتبوونەوەی گشتی بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گەلی کوردمان پێشنیارێکی گرنگ و بایەخدارە .

پێمان خۆشە نوێنەری هەموو حیزبەکان کە لەبروسکەکە ناویان هاتووە بەردەوام یەکتر ببینن و کۆبوونەوە بکەن بۆ دانانی پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژە گرنگە . بەرەی کوردستانی مافێکی ڕەوای گەلە چەوساوەو تێکۆشەرەکەمانەو دەبێتە بناغەی بەرەی عێراقی فراوان و سەر چاوەی بەهێزکردنی پەیوەندی هاوخەباتی لەگەڵ هێزو بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی گەلانی ناوچەکە . بە خۆشحاڵیەوە پەسندی میوانداریتان بۆ بەستنی کۆبوونەوەکان دەکەین، یان لە هەر شوێنێکی تر کە بەباش دەزانرێت .

لەگەڵ ڕێزو سڵاومان دا

---

دەقی ئەو وەڵامانەی سەرێ لە ( ڕێبازی نوێ ) ی ئۆرگانی " یەکێتی نیشتمانی کوردستان " ی ژمارە (٥) مایسی ١٩٨٧ دا بڵاوکراوەتەوە .

٣٠- رزگاری ژمارە (٢٤) تشرینی دووەمی ١٩٨٧. ئۆرگانی ناوەندی " یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان " .

٣١- بەڕای ئێمە ئەو پرۆژەیە ، لە مەیدانی خۆی داو لەچاو سەرجەمی بۆچوونەکان دا پرۆژەیەکی هەتا بڵێی ووردوگرد و بابەتیانە بوو، ئەگەر ئەو ڕاڕایی و دنیا لەخۆ هێنانەوە یەک و دەست تێوەردانە بێ لزوومەی نەبوایە دەشیا بە مانیفێستی ئەم سەردەمەی بیری ڕزگاریخوازی کوردایەتی حسیب بکرایە ، بۆ یەکەمین جارە دیکۆمێنتێکی

کوردی بەو جۆرە بە جورئەت و ڕاستگۆ و بابەتانە پەنجە لەسەر برینەکان دانێ و بەرزبێتەوە بۆ ئاستی ئەو هەموو قوربانیەی گەلەکەمان و سەرەتایەکی نوێ دا ڕێژێ بۆ بیری کوردستانیزم و بەرنامەی خەباتی کوردایەتی. پرۆژەکە (٢٦) لاپەڕەی فولسکابە: لە لاپەڕە (١ تا ٨) ی پێشەکییەکی خەست و چڕی بەسەرداچوونەوەی مێژووی کوردو بزووتنەوەکا سیاسییەتی، دوای ئەوە لە لاپەڕە (٩تا ١١) ی لەمەڕ بەرەی کوردستانی و پێویستیی و دەستکەوتەکانی دەدوێ. لە لاپەڕە (١٢ تا ٢٥) یش دە فەسڵی جیایە بەم جۆرە:

الفصل الاول: اسقاط الحكم والحكومه الائتلافيه والديمقراطيه والسياسيه ل ١٢- ١٣.

الفصل الثاني: القضيه الكرديه، ل ١٤- ١٥ أو ب (سى لاپەرە)

الفصل الثالث: التحويل الديمقراطي للجيش والقوات المسلحه. ل ١٦.

الفصل الرابع: في سبيل اقتصاد وطني، مستقل، متوازن، مزدهر. ل ١٧- ١٨.

الفصل الخامس: في سبيل اصلاح زراعي جذري وتنميه زراعيه شامله. ل ١٩ -

الفصل السادس: النفط والمعادن.

الفصل السابع: من اجل حثمان حقوق العمال والقطاعات الشعبيه. ل ٢١.

الفصل الثامن: الثقافه والتعليم. ل ٢٢- ٢٣.

الفصل التاسع: السياسه العربيه والقضيه الفلسطينيه. ل ٢٣- ٢٤.

الفصل العاشر: السياسة الخارجية. ل ٢٤- ٢٥.

٣٢- پڕۆژەکە دەستکاریی کراوی ئەو (پڕۆژە) بەی (ی.ن.ک)ە، کە لە پەراوێزی سەرێ ئاماژەمان بۆ کردووە، بریتییە لە (١٣) لاپەڕەی فولسکاب و دوو لاپەڕەی دی پاشکۆ بە ناوی (أفكار حول النظام الداخلي للجبهة)، لەچاو پڕۆژە ئەسڵییەکەدا - بەڕای ئێمە - پڕ کەم و کوڕیی و ناتەواوییە.

٣٣- ئێمە ڕای خۆمان - بە کورتی و لەبەر خاتری ناچاری و کارمەیسەربوون - لە چەند خاڵێک دا بەرچاوی ئەو هەڤاڵانەمان خست، کە بە داخەوە بەشێکی یەکجار کەمی - برای نەبوان - مان بۆ بەرچاو گیرا. تەواوی ئەو بەرچاو خستنەی خۆمان لە پاشکۆی ئەم باسەدا دەخەینە ڕوو.

٣٤- (ڕێبازی نوێ) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٨ ئۆرگانی ناوەندیی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان).

٣٥- چیرۆکی (بەرەی کوردستانیی) و ئەو هەموو پیلان و گەلە کۆمەیەی لێی کرابوو و ئەو کۆسپانەی لە لایەن خودی خۆمانەوە لەبەر دەمیا قووت دەکرانەوەو ئەو هەموو دەست تێوەردانە دەرەکییە گومڕایانەی خەریک بوون لەباری بەرن، لاپەڕەیەکی دیکەی تراژیدیای کێشەی نەتەوایەتیمانە کە بەداخەوە هێشتا زۆر لەوە زووترە داستانەکە وەکو خۆی بگێڕینەوە، هەرچەندە خۆش بەختانە هەم ئیرادەی خێری دڵسۆزانی کورد بەسەر ئەو کوسپانە-دا زاڵ بوون و هەم زۆریان لەبۆ.کۆمەڵانی خەڵکی ئاشکران، ئەگەر نەمانزانیایە هەڵڵا لەسەر نانەوەی ئەو داوایە - ئیمرۆ - خزمەت بە یەکێتی ڕیزەکانمان

ناکات و لەوانەیە فرسەتی بەلاش بەر دوژمنانی کورد و کوردایەتی و ( بەرە ) کەمان بنێ بە درێژی هەڵوێست و ڕا و مەنتیقی هەموو لایەنەکان و دۆست و زرە دۆست و دوژمنانمان دەخستە ڕوو، بەڵام ئەوە هەڵدەگرین بۆ کات و هەل و مەرجێکی لەبارتر، بۆ کاتێ کە ( بەرە ) بازووی ئەستوور بووبێت و لەخەم ڕەخسیبێ، خۆ مەرجیش نییە دەم و دەست - بە تایبەتی لە حاڵ و باری وەکی ئیمرۆکەی کوردایەتی دا - هەموو ووردەکاری و جموجوڵەکانی پشت پەردەوە بخرێنە بەر ڕۆشنایی شانۆکە، هەر ماوەیەکی زەمەنی دەوێ کە شتەکان لە " نهێنی بوون" بکەون و " سوء الاستفادە " لە بڵاوکردنەوەیان نەکرێت.

٣٦- بە تەعبیری لینین ئەو سۆسیال شۆڤینیانە نازانن یا خۆیان لەوە گێل دەکەن کە بەشی هەرە زۆری کادرو ڕابەرایەتییەکەی حیزبی بۆڵشەفیک جوولەکە بوون؟،و بە عادەت گەل و خەڵکە چەوساوەکان شۆڕشگێڕترن،بۆیە چ عەجەب نییە حیزبی شیوعی عێراقی، لە دەمێکەوە ،لە سەر ئەستۆی مارکسیستە کوردەکان وەستابێ و کوردستانیش قەڵای پارێزگاریان بووە لە ڕۆژانی تەنگانەدا ، هەر بە دەستیاویش بێت کورد ئەوەندەی بەسەر حیزبی شیوعییەوە هەیە پشتیوانیی لە مەسەلە ڕەواکەی بکات ... خۆ حیزبێکی مارکسی - لینینی ئەگەر لە پشتگیری و پشتیوانیی گەلێکی چەوساوەی داگیرکراودا لەودی حیزبی شیوعیش تێ پەڕ نەکات کەی فڕی بەسەر هیچەوە دەمێنێ؟.

٣٧- بگەڕێوە بۆ ئەو هەڵڵاو بەزمەی تصریحەکەی کاک نەوشیروان مستەفا بۆ ( لیمۆند ) ی فەرەنسی نایەوە،

گوایە کوفر بووە کە ووتراوە ئێمە ئەوەندە لە هۆڵی کیانی عێراقی دانین!، نازانین کێ ؛ کەی و لەکام لاپەڕە کەڕەوایەی مێژوودا خەڵکی بە پەرۆشی کیانی ئیستیعمار و داگیرکەرەکەیانەوە بوون: تا ئێمە شینی بۆ بکەین؟ " التجمع الوطني العراقي " کە ئەندامی " جود" ە لە سەر لاپەڕەکانی " الغد الدیمقراطي " یان دا ئەوەیان بە هەل زانی لێوەی کەوتنە ڕشتنی ژەهری ڕەشی دەروونی شۆڤێنیستانەیان بەرانبەر کوردو مەسەلە رەواکەی، کە بە داخەوە دەبوایە غیرەتی هەموو کوردو هەموو لایەنەکان ببزووتایەو تا هەموو ئەو قسەو تومەتە ناڕەوایایەیان نەلستایەتەوە بایکۆت کرانایە، ئاخر کە ئێمە نەتوانین ( الغد الدیمقراطي) یەکی زەرد دەم کوت کەین بەکاری چی دێین و کوردایەتی چ دەکەین؟!.

٣٨- هۆی هەرە بنجی ئەوەیە ئەو ڕێکخراو و دەزگاو کەسایەتیە ئیسلامیيانە لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بە تایبەتی و مەسەلەی نەتەوایەتی بە گشتی شاش گەیشتوون. ئەوان نەیانتوانیوە کە جیاوازیی نێوان ( نەتەوایەتی) یەکی خۆڕسکی و ڕەوای هەناوی میللەتێکی ژێردەستەو چەوساوە و داگیرکراو و ( نەتەوایەتی) ئاوساوی : شەڕەنگێزی چاوچنۆکی دوژمنکارانەی میللەتی سەردەستەو چینە بالاکانی بکەن. کە بەقەد خواناسییە تەبیعییەکەی ئیمامی عەلی و ساختەو ڕواڵەتەکەی ( مەعاویە ) جیاوازن. نەتەوایەتیی شۆڕشگێری دیموکراتیکی میللەتێکی ژێر دەستە لە ناوەرۆک و هەڵکەوت دا دیموکراتیک و هەق تەڵەب و ڕزگاریخوازی ڕەوایە، کە لە مانا و ناوەرۆک و هەڵکەوت و ئامانج و کەرەسەو

سەرجەمی ( مفردات ) ی دا پێچەوانەو بەرەوازوی بەناو ( نەتەوایەتی)دواکەوتووی ، چەوسێنەری، شەڕخوازی، چاوچنۆکی، تەنگەتیلەی دوژمن کارانەی میللەتی سەر دەستەو چینە بالاکانیەتی ... هەر بۆخۆی قورئانی پیرۆز و دەستورەکانی ئیسلام بوونی نەتەوەو نەتەوایەتی ڕەوا دەسەلمێنن و تا ڕادەی ( فەرز) و ( شەهادەت )لە پێناوی ئازادی و مافی سەربەخۆبوون دا هەڵکشاوە . بەداخەوە ئەم شاش تێ ڕوانین و تێکەڵ کردنە گەورەترین کەلێن و کۆسپی لە ڕوودا قووت کردوونەتەوە ، کە یا ئەوەتا دەبێ بەسەری دا زاڵ بن و ڕاستی کەنەوە ، یا ئەوەتا بیانەوێ و نەیانەوێ خۆ دەخەنە بەرەی چەپەڵی چەوساندنەوەو چەوسێنەرانی نەتەوایەتی‌یەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە بۆخۆیان دەبێ چوارچێوەیەکی گونجاو و عصری و کاریگەر لەسەر بناغەی تیورێکی توکمەو هەمە لایەنەی ئینتەرناسیۆنالیستی ئیسلامیانە بۆ پێکەوە ژیانی هاوتاو بەرابەری گەلانی موسڵمان بدۆزنەوە تا ئەو ئامانج و خەباتەی بۆ پێک هێنانی دەکەن ـ هەر بۆ خۆشیان بێت ـ جێی بێتەوە .

هۆیەکی دیکەی ڕەوانیی ئەم بەرابەرگرتنە لە هەموو نەتەوەو نەتەوایەتی‌یەک ( تعمیم ) کردن و بەبالابڕینی ناسیۆنالیزمی خوراوایی ئیستعماریانەیە بە هەموو نەتەوایەتی‌یەک ، کە ئەمە بۆ خۆی سەراوبینی و بەد گومانی‌یەکی ناعیلمی و نامەوزوعی یە ، چوونکە ناسیۆنا ـ لیزمی خوراوایی ئیستعماریانە لە ئاو و هەواو زەمینەو بنەتۆوێکەوە کەوتۆتەوە کە نەک هەر لە نەتەوایەتی خۆرهەلات و میللەتانی ئازادیخوای داگیرکراو ناچن و

جیاوازن بەڵکو بۆخۆی دوژمنی خوێنەخۆرەو نوقتـــــەی بەرانبەری ئەو ( نەتەوایەتی )یانەشە، مەگەر "فایرۆسی" هەڵکەوتی ڕەگەزپەرستانەی ئەو ناسیۆنالیستانە لــە سەردەستی چینە باڵاکانی میللەتە سەردەستەکان دا ،یا تاکە تاکە هۆشی کول و زات کوێرەکانی دا، بخوازێتەوە نێو هەناوی ئەو ( نەتەوایەتی)یانە، کە ئەمەش ناکاتـە ئەوەی پاساوی ئەو کورت بینی و بەرچاو تەنگیـــــە بداتـــەوە.

لەسەرێکی دیکەوە کوردایەتیش یا بە هەق و ناهـــەق سەنگەریان لەو تەیارە ئیسلامی و ئیسلامەتی‌یە گرتووە یا بە کاڵەو پێتاوەوە بێ هیچ بناغەو بنەمایەکی سیاسی ڕەدووی کەوتوون. نە دوژمنایەتی ئەو تەیارە بەمەنتیق و لەبەر سوودی کورد بووە، هەر لە قاڵبی هەواو هەوەس و نەزەریە پەروازێی دابووە...و نە دۆست و هاوکاریەکەشی دۆستایەتیی ڕاستەقینەو دروست بووە، ڕەدووکەوتـن و تەسلیم بوون بووە، کە دەبێ هێزی کوردایەتی هەم خــۆی بخاتە سەر بارێ کە هێڵی درشتی هاوبەش و ناوکۆیی لــە گەڵ ئەو تەیارەدا هەڵچنێ و لەسەر بناغەی سەلماندنـی ( مافی چارەنووس ) و ڕێزی بەرانبەرو خصوصیاتی هــەر لایەک و هاوکاریی دژی دوژمنانی هاوبەشیان دۆستایەتی و هاوکاریەکی سیاسی پێک بێنێ و هەم خەبات بکات بــۆ ڕاست کردنەوەی بۆچوون و تێروانینی بە هەڵەچوو و هەڵە دابراوی ئەوان لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلــەی میللەتەکەمان، ئەوەش تەنیا بە صەراحەت و ڕاستگۆیی دەبێت لەدەرخستنی داوا ڕەواو ستراتیجیەکانـــــــی کوردایەتی وڕەوینەوەی ئەو ترس و وەهمەی دژایەتی ئەوان

چونکە تەنیا دوژمنێکی سەرەکی کوردایەتی داگیرکەران و دوژمنانیەتی، ئەوجا ئیمپریالیزم و هێزە شەڕخوازەکانی ناوچەکەو دنیا. داڕشتن و بیناکردنی سیاسەتێکی کامڵ و دووربین و هاوکارییەکی سیاسی سەربەخۆخوازانە لەگەڵ ئەو تەییارەدا، بە پێی پێداویستییەکانی ئیمڕۆی خەباتی نەتەوایەتیمان و بە بەرچاوگرتنی واقیعیاتێکی هەیە ئەرکێکی جەسورانەی ئیمڕۆی **کوردایەتی** و ئەم قۆناغەمانە.

٣٩- دیارە ئەم حوکمە هێزە کارتۆنی و قووتکراوەکانی بە ناو کوردستانی و کەسە پاشەڵ پیس و گومان لێ کراوەکانی سەر بەم دەزگاو ئەو دەزگا موخابەراتیانەی پایتەختەکانی دەورو بەرو ئەوروپا ناگرێتەوە، ئەوان بە هەر جۆرێ لە جۆرەکان دەستیان تێکەڵاوی دەزگا جاسوسی و موخابەراتیەکانی داگیرکەرانی کوردستان و دەوڵەتانی بێگانە کردووە. بام بە چوارچاوی خوازراوە فرمێسکی تیمساحانە بۆ کوردو کوردایەتی بڕێژن، یا ئەم و ئەو وەک سەگی پا ڕایان بگرن نەک هەر نابێ دەرفەتی توخن کەوتنەوەی (بەرە) یان لەبەر ببڕێتەوە، بەڵکو ئەرکی (بەرە) ئەوەیە ئەوانە ریسوا کات و هەموو لایەنەکان (تحریم)ی مامەڵەکردنیشیان بکەن.

٤٠- ئەمانە (لە لاپەرە ٣٧ - ٤٥) پوختەی باری سەرنجی پاسۆک بووە کە لە (سیمینار) ێک لە کانوونی دووەمی ١٩٨٨ دا لە ستۆکهۆڵم ڕاگەیەندراوە.

## اراء وملاحظات حول
## " مشروع ميثاق الجبهه الكردستانيه "

ان مشروع ميثاق الجبهه الكردستانيه المقترح، كما هو واضح مبنى على ارضيه المشروع المقترح المقدم من قبل الاحوه فى الاتحاد الوطنى الكردستانى.

ان مشروع ( اوك)، مع بعض ملاحضات هينه واخرى اساسيه ابرزها عدم ذكر ثوره ايلول التحرريه وابرازها بالشكل الذى يليق بها، لا نجا فى الحقائق الموضوعيه ان نقول بان المشروع متكامل، واضح الروءيه علمى و موضوعى ونجروء بان نقول بانه فريد من نوعه ( على الاقل لم تطرح المسأله الكرديه بتلك الوضوح والجرءه سابقا بشموليه و موضوعيه وجريئه بوضعه النقاط على الحروف) و لا نرى جرم تبنّيه او تبنّيه مع اغنائه لا بتّره.

اختصارا نجمل ارائنا وملاحظاتنا حول مشروع ميثاق الجبهه الكردستانيه المعدل بالنقاط التاليه :-

١- نرى اضافه الفقرات التاليه بعد ( السطر الرابع- الصفحه الاولى -) مباشره : " وعجزت القوى الغازيه فى القضاء على الشعب الكردى واقتلاع جذوره فى كردستان وفشلت حملات التتريك والتعريب والتفريس وان كانت قد استطاعه زحزحه الشعب الكردى فى تخوم وطنه عن العديد من المراكز والمقاطعات واقتطاع اجزاء من كردستان، الا ان الكرد كشعب متميز ظل صامدا و بقيت كردستان موطنا له."

٢- اضافه الفقرات التاليه على ما ذكر سابقا مباشره :- " وتميز الشعب الكردى بجانب صموده وتمسكه بارضه

وبحبه للحريه و بمقوماته الخاصه، تميز بانفتاحه على الشعوب المجاوره وتعاونه معها بدوره الانسانى والاخوى و الحضارى فى الاسهام مع سائر الشعوب الاسلاميه ونشر الثقافه والعلوم والدين."

٣- ترفع الاسطر الخامسه والسادسه فى المشروع واللذين كتبا بالشكل لا يليق بشعب مناضل ونحن نرى فى طياتها نوع من الذل والمهانه والاستجداء والشعور بالدونيه ونخص بالذكر " وخدم .... العربيه!" عجبا باننا ملزمون دائما بتقديم حسن السلوك والخدمه للعرب او غيرهم حتى يتفضلوا ويقبلوننا فى نادى الامم!!... اننا نرى بان تلك العبارات والمفاهيم المخزيه، يجب ان تطرح جانبا والى الابد ونبنى علاقات امميه متساويه و متكافئه وعلى قدم المساوات. فنحن لسنا بمقدمين على احد ولا دون احد غيرنا وان تلك المفاهيم نابعه عن الحس الشوفينى العنصرى المبطن المبرقع و الظاهر وعقده الحقاره و الكوسموبوليتيه المقيته.

٤- لا جرم من اضافه " وسجل التاريخ بمداد الفخر....." السطر السابع الى اخر الفقره.

جاء فى السطر الثلاثين من صفحه الاولى"وبعد نشوء الدوله..." ان كلمه ( نشوء ) تعطى انطباعا باننا لم نلحق ولم نغتصب وان ولاده الدوله العراقيه هى ولاده طبيعيه وجبر من اجبار التاريخ... وهذالا يتنافى مع الواقع ( ولا ندرى لمصلحه من!!....) فحسب بل يتضمن نوعا من اضفاء الشرعيه على الكيان السياسى العراقى الحالى، والذى نحن نراه كيانا استعماريا وان كردستان

مستعمره بكل معنى الكلمه لذا نقترح ابدال كلمه ( نشوء ) بـ " افتعال واصطناع الدوله العراقيه الحديثه ربيبه وصنيعه الاستعمار الانكليزى وناتج من نتائج الموءامرات الدوليه الاستعماريه وتكونت بالحاق والضم القسرى مجتمع غير متجانس وغير متكافى وغير طبيعى باسم المجتمع العراقى من قوميتين رئيسيتين عربيه وكرديه ونشاء وضع اقتصادى واجتماعى وثقافى وسياسى شاذ وانبعثت من ظروف ذاتيه وموضوعيه اجباريه لمشاركه ... الخ" . او ابه صيغه اخرى تبين بوضوح العمليه الاستعماريه الالحاقيه لالحاق كردستان بالعراق العربى .

٥- ترفع الفقره الثانيه ( الاسطر ٤ الى ١٣ ) من صفحه (ب) لانها لا تعبر عن الحقيقه والواقع ولا تتعدى كونها جمل وبيانات منمقة يمنا فى الحقائق التاريخيه والموضوعيه ولم تجر الاشياء ولم تحدث مثلما دوّن مع كل الاسف ! بل الاحداث التاريخيه ومسيره الاحداث وما حدث تروى شيئا بعيدا عن تلك الجمل الخطابيه وان كان الواقع حدث مثل ما دون فان حال الشعب الكردى والوضع الحالى فى عموم العراق ما كان قد يصل الى ما وصل اليها الان قطعا ... واكبر دليل على بطلان ذلك الطرح وابتعاده عن الحقيقه هو الكراس المشهور للاستاذ عزيز شريف الموسوم ( المساله الكرديه فى العراق) والذى ينتقد دور ومواقف القوى الديمقراطيه والوطنيه العراقيه تجاه المساله الكرديه خاصه وتقصيرهم من بناء اتحاد اختيارى حر بين العرب والاكراد وارساء اسس نضاليه مشتركه صحيه وصالحه لتعطى

نتائج ماهو مدون اليوم في هذا المشروع..لذا نرى السكوت عنها (وهو اضعف الايمان) او ابدالها بالفقرات التاليه :
" ان الحركه التحرريه للشعب الكردى رغم خصوصيتها الموضوعيه والذاتيه الا انها ترتبط بشكل او باخر بالحركات التحرريه والديمقراطيه للامم التى تعيش معها الامه الكرديه المقسمه، ان وحده الاعداء ووحده المصالح والمصير والاخطار توحد الحركه التحرريه للشعب الكردى مع الحركه التحرريه الديمقراطيه الثوريه والعماليه لهذه الامم الصديقه وهذا ساعد على تعزيز الكفاح العربي - الكردى المشترك مع كل ملابساتها وتعرجاتها الخطيره والتى من الممكن والمحتم على الجميع وبالاخص الاخوه العرب معالجتها بتاييدهم لحريه تقرير المصير للقوميه الكرديه تاييدا صحيحا وفى كفاحها العنيد لتحقيق هذه الحريه كامله غير منقوصة لان الحلول الاصلاحيه اثبتت افلاسها فى حل المساله الكرديه".

٦- تعديل الكلمات الثلاث الاخيره فى السطر (١٩، ٢٠) فى صفحه (ب) بالفقره التاليه :"تمتين الروابط النضاليه بين الحركه التحرريه للشعب الكردى والحركه الوطنيه العراقيه من اجل اقرار حقه فى تقرير المصير على اساس الاتحاد الاختيارى."

٧- اضافه الفقره التاليه على سطر (٢٣) صفحه (ب). وتصبح الفقره كالتالى:" واقامه الحكم الوطنى الديمقراطى والاقرار بحق الشعب الكردى بالتمتع بحقه فى تقرير مصيره على اساس الاتحاد الاختيارى."

٨- تعديل الجمله :( تضع فى مقدمه مهامها ) السطر (١٢) صفحه (ج) بالجمله التاليه : " تضع ضمن مهامها ".

٩- اضافه الفقرات التاليه على سطر (٢٦) صفحه (ج) بعـ
كلمه (عين زاله) : " وكذلك تطاول التعريب والتهجـ
مناطق شاسعه اخرى فى كردستان وعلى سبيل المثا
لا الحصر المناطق التاليه (قضاء تلكيف والحمدانـ
وشرق دجله فى الموصل وجزء كبير من مندلى وقضاء بد
فى الوسط واقضيه شيخان وتلعفر وزنگار وسنجار فـ
نينوى وقسم من قضاء زاخو وقضاء سهيل فى محافضـ
دهوك وقسم من قضاء دوز التابعه لمحافضه كركوك
١٠- اضافه الفقرات التاليه على سطر (٢٨) صفحه (ج) :
أ- ان هذه السياسه الرجعيه العنصريه (سياسـ
الاستعمار الاستيطانى) تستمد جذورها فى الطبيعـ
الطبقيه للبورجوازيه البيروقراطيه الحاكمـ
الشوفينيه والتوسعيه بطبيعتها ، ومن الافكار البعثيـ
العفلقيه العنصريه والشوفينيه التى تنص على اجبا
تسميه باقليات قوميه فى الوطن العربى على التعريـ
او التشريد والطرد من الوطن العربى. بل يعيش الكرد علـ
ارض وطنه كردستان وهى الارض التاريخيه التى يعيش
عليها الشعب الكردى وبصوره متواصله ومستمـر
ودون ان يهجرها وبالتالى فالاكراد فى العراق ليسوا
باقليه قوميه تعيش على الارض العربيه وبين ظهرانـ
الامه العربيه كما هو حال الاكراد فى الاردن او لبنا
مثلا. بل يعيش الشعب الكردى فى الدوله العراقيـ
على ارض وطنه كردستان المقسمه بين الدول التركيـ
والايرانيه والعربيه وكمجموعه بشريه كبيره متماسكـ
ذات لغه خاصه وثقافه خاصه وحياه اقتصاديه خاصـ
وتاريخ مشترك يعيش كشعب ، كقوميه وليس كاقليـه

قوميه .

ب ـ فتحقيق الديمقراطيه دون تزييفها وتشويهها يعني حكم الشعب ، حكم الاكثريه عن طريق الانتخابات الحره وهي تعني في العراق حكم الاكثريه في الشعب العراقي وتعني في كردستان حكم اكثريه شعب كردستان سواء كانت بطريق الاستقلال الذاتي او الفدرالي او الكونفدرالي. فالديمقراطيه اذا تعني الحقوق والحريات الديمقراطيه لعموم الشعب العراقي على نطاق الدوله العراقيه وتعني الحقوق والحريات الديمقراطيه للشعب الكردي بما فيه حقه في تقرير المصير ـ الذي هو حق ديمقراطي في الاساس ـ على نطاق كردستان العراق، ولا يجوز البتر او الفصل بينها او تغليب احداهما على الاخر .

ج ـ فالدعوه اذا الى تاجيل او تعويق او تعليق النضال التحرري الديمقراطي او الثوري للشعب الكردي وتصويره بشكل ميكانيكي وذيلي تابع للحركه الثوريه او الديمقراطيه او الاشتراكيه في العراق انما تخدم القوى الرجعيه والحكم البرجوازي مثلما تتناقض مع سنن الحياه وقوانين التطور الاجتماعي وتتعارض مع حقيقه كون الحركه التحرريه للشعبالكردي حركه تاريخيه موضوعيه ذات اهداف وخصائص ومشاكل واوضاع خاصه بها وتتنافى كليا مع مصالح وتطور وتنامي الحركه الثوريه او الديمقراطيه او الاشتراكيه العراقيه ايضا .

١١ـ اضافه الفقرات التاليه على السطر الثاني في صفحه (هـ) بعد كلمه تلك : " ان الجبهه الكردستانيه

ضروريه ايضا لابراز الوجه المشرق والثورى والتقدمى للحركه التحرريه للشعب الكردى فى العالم ولتكذيب دعايات المغرضين باستحاله تحقيق التحالف الوطنى الكردى وكذلك من اجل افهام العالم بعداله ومشروعيه القضيه الكرديه وحقوقها القوميه والديمقراطيه .

١٢- تعديل الفقرات فى الاسطر (١٦ الى ١٩)فى صفحه (هـ) بالفقرات التاليه :-

" ان الجبهه الكردستانيه هى اتحاد طوعى للاحزاب والمظمات والهيئات الوطنيه والديمقراطيه والثوريه الكردستانيه فى كردستان العراق تستهدف توحيد قواها وتعبئه الجماهير الشعبيه وتنظيمها وقيادتها وتنسيق جهود هذه القوى والجماهير فى النضال لانجاح الثوره والحركه التحرريه للشعب الكردى وتحقيق اهدافها فى التحرر من الامبرياليه والسيطره الاجنبيه والاضطهاد القومى ونيل حق تقرير المصير للشعب الكردى مع السعى لاقناع الشعب الكردى واستعماله بشكل اتحاد اختيارى حر بين الشعبين الشقيقين العربى والكردى على اسس المساواه الحقيقيه وتوفير الحقوق والحريات الديمقراطيه ضمن عراق متحرر من التبعيه الاستعماريه والاحلاف والاتفاقيات مع الدول الرجعيه المعاديه للامتين الشقيقتين العربيه والكرديه .

١٣- تعديل كلمه ( عفو عام ) فى السطر (١٠) فى صفحه (١) باب اسقاط الحكومه العراقيه بالكلمه التاليه :-

" الغاء عام وفورى وشامل للاحكام الصادره واعاده الاعتبار والحقوق لكافه السجناء والمغبونين" .

١٤- اضافه كلمه الشوفينيه لفقره (د) فى نفس الصفحه

لتصبح الفقره بالشكل الاتى:ـ

" دـ تطهير اجهزه الدوله من العناصر الشوفينيه والرجعيه والفاسده ومرتكبى الجرائم بحق الشعب واحالتهم على القضاء ".

١٥ـ اضافه الفقره التاليه فى باب الحرب العراقيه الايرانيه السطر ٢٣ صفحه ٢ لتصبح الفقره كالاتى:ـ

" ان الجبهه الكردستانيه تناضل من اجل اسقاط النظام الفاشى العنصرى البعثى العفلقى ليمهد الطريق لانهاء الحرب ... الخ".

١٦ـ ابدال كلمه مصادره فى السطر الثانى صفحه ٣ بكلمه اغتصاب حيث ان عمليه تقسيم والحاق كردستان وهضم حقوق الشعب الكردى هى اغتصاب وليست مصادره حيث جاء فى ( المجمع العربى الحديث لاروس) فى تصريف الكلمات التاليه : صادر، مصادره ... انتزعها من مالكها عقوبه له ... ص ٧٣٢. الغاصب ... وهو الذى ياخذ الشئ غصبا وقهرا.

ومن هنا تبين بان كلمه مصادره بغض النظر عن التخفيف والاستخفاف بالجريمه البشعه بالحق الكردى لا تعبر عن الحقيقه الواقعه لاغتصاب كردستان من قبل محتليه.

١٧ـ تعديل كلمه الانعزاليه بـ ( القوميه الضيقه ) فى السطر ١٩ باب القضيه الكرديه تجنبا للالتباس، لان كلمه الانعزال القومى تستعمل كثيرا غدرا وعدوانا لكل نوع من انواع حتى البسيطه لمطالبه الشعب الكردى بحقه المشروع واصبحت تلك الكلمه والتى لا تخيفنا ابدا سلاح صدئ بيد الشوفينيه العربيه العراقيه وحتى فى بعض الاحيان بيد مدعى الديمقراطيه.

١٨- اضافه جمله ( وسن تشريع ديمقراطى للحكم الفدرالى) للسطر ما قبل الاخير فى باب القضيه الكرديه وابدال كلمه اقليم بكلمه منطقه حيثما جاء وفى نفس السطر واضافه جمله ( ذات الحكم الفدرالى) ما قبل الكلمه الاخيره من نفس السطر.

١٩- ايضاح كيفيه وشكل تشكيل المحاور الدستوريه كما جاء فى الفقره السابقه صفحه ٤ من باب القضيه الكرديه لرفع اللبس والابهام.

٢٠- رفع جمله ( ومعالجه اثارها مسترشدين بروح الاخوه التاريخيه بين العرب والاكراد) من الفقره السابعه صفحه (٤) فى باب القضيه الكرديه لانها لا تتعدى جمله منحقه قد تستعمل بوجهنا فى يوم من الايام بابقاء جزء كبير او صغير من الواقع واثار التعريب المقيت وان المؤمن لا يلدغ من الجمر مرتين وقد لدغنا بتلك الصيغ والجمل مرات ومرات لذلك نقترح رفعها او تعديلها بالشكل التالى: ( ومعالجه اثارها بصوره جذريه وذلك بمحوها كليا وارجاع الاوضاع الى ما قبل شباط ١٩٦٣ ).

٢١- اضافه فقره واضحه وجليه بعد جمله ( وعوده المهجرين فى خارج العراق من الاكراد الفيليين) الفقره التاسعه فى نفس الصفحه وكذلك باخذ المذكره المقدمه من قبل " اللجنه التحضيريه لحركه المسلمين الفيليين الاكراد" و المقدمه الى اجتماع الاحزاب الكرديه فى ١٩٨٧/٩/١٢ بوجه نظر الاعتبار وبشكل جدى وموضوعى.

٢٢- اضافه الفقره التاليه على اخر كلمه الفقره (٢) فى صفحه ٦ من باب القوات المسلحه :- " ورفع الحيف

والغبن اللاحق بهم".

٢٣- اضافه كلمه ( عدم الانحياز و ) للفقره الاولى السطر الثانى من باب السياسه الخارجيه.

٢٤- اضافه فقره سابعه الباب السياسه الخارجيه كالتالى:- " ٧- التمسك بالمبادئ الاساسيه لحركه عدم الانحياز وعدم الدخول فى الاحلاف الدوليه او اعطاء تسهيلات عسكريه وخاصه للدول الكبرى" .

وكلنا امل باننا قد ساهمنا ولو بشكل متواضع وباخذ جمله الصعوبات والوقائع بنظر الاعتبار وان كانت لنا ملاحظه اخرى قد نرجئها لظروف اكثر ملاءمه من هذا الظروف

وتقبلوا فائق احترامنا

وعشتم لكرد ولكردستان دوما

المكتب السياسى

للحزب الاشتراكى الكردى

" پاسوك "

دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد

سوید : ١٩٨٨